# رانیـــــە

## لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١٢٩٢-١٣٣٨ کۆچی

١٨٧٥-١٩٢٠ زایینی

هەواڵنامەی کتێب

بەرگی حەوتەم

ئامادەکردن و پێشکەشکردنی:

**دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# رانیە

## لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٩٢-١٣٣٨ کۆچی
١٨٧٥-١٩٢٠ زایینی

**بەرگی حەوتەم**

هەواڵنامەی کتێب


**بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان**
**خانەی بەڵگەکان**
**٢٠١٩**

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**
وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

# پێرست


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | چەند ڕونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی | ١٠ |
| ٤ | کۆد و ووشەی ڕەسەنی کۆدەکان | ١٦ |
| ٥ | بەڵگەکان | ٢١ |


هەواڵنامەی کتێب




• ناوی کتێب • **رانیـــە** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا
١٢٩٢-١٣٣٨ کۆچی/ ١٨٧٥-١٩٢٠ زایینی
بەرگی حەوتەم
• ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
• وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی ڕەحمان
• بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
• دیزاینی ناوەڕۆک • هێمن حەساری
• بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی بەڵگەکان
• تیراژ • ١٠٠٠ دانە
• چاپ • یەکەم ٢٠١٩ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠١٩ی وەزارەتی ڕۆشنبیری

بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books
www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وشەو بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانەو ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پێشەکی

رانیە هەروەك ناوچەکانی تری کوردستان لەلایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا شوێنێکی ستراتیژی گرنگ و بە بەهای داگیرکردووە، وەکو قەزاکانی تر لە هەموو رووییەکەوە لە رووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەی مێژوو بێ بەش نەبووە، بە تایبەتی نزیکی لە سنووری ئێران و بوونی هۆزی جۆراوجۆر لەم ناوچەیە بە بەراورد لەگەڵ قەزاکانی تر، بۆ نموونە لە چاو هەولێر زیاتر بە کێشە بووە، هەروەها کێشە و گرفتەکانیش لە دوو لایەنەوە بووە، هەم لە ناوەخۆ و هەم لە دەرەوە. ئەمەش وایکردووە لە رووی ئاسایشەوە ئارام نەبێت و ئەمنیەتی جێگیر نەبێت، لەم بەڵگانەی کە بوونیان هەیە دەسەلمێنن ناوچەکە بە هۆی هۆزەکانەوە جێگیربوونی بەخۆیەوە نەبینیوە و هەم لە ناوەخۆ و هەم لەگەڵ هۆزەکانی دەرەوە ناکۆکی و دووبەرەکی هەبووە.

ئەم بەڵگانەی کە دەستکەوتوون لە چاو ئەو ماوەیەی کە عوسمانیەکان لە ناوچەکە فەرمانرەواییان کردووە زۆر کەمترە لە خۆی، لێرەدا دەردەکەوێت ئەم ناوچەیە وەکو ناوچەیەکی سەربازی کاری لەگەڵ کراوە، نەك وەکو ناوچەیەکی کارگێری، جگە لەمە بە گوێرەی بەڵگەکان روون دەبێتەوە کە لە لایەنی کارگێریەوە بایەخی پێنەدراوە و زیاتر تیشك خراوەتە سەر لایەنە سەربازیەکەی و وەکو ناوچەیەکی سەربازی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەم هۆکارەش وایکردووە ئەم بەڵگانە ژمارەکەیان کەم بێت و لە نێو ساڵەکاندا بۆشایی هەبێت.

بە شێوەکی گشتی دەتوانین بڵێین بەهۆی نائارامی شوێنەکە و بوونی شەڕوشۆڕ بەڵگەکان زیاتر باس و خواستی سیاسی و رووداوی سیاسی لە خۆیەوە دەگرێت نەك کارگێری، ئەم بەڵگانەش لە ( ٢٣٨) بەڵگە پێك دێت، لە رووی مێژووییەوە گشتیشی بەڵگەی گرنگ و بە نرخن، ئەگەرچی ژمارەی بەڵگەکان کەمن، بەڵام پەردە لەسەر زۆر زانیاری شاراوە لادەدات و روون کردنەوە لەسەر رووداوەکان دەدات، بەم جۆرەش ئەو زانیاریانەی کە تا ئێستا باس نەکراوە یاخود گومانی لەسەرە یەکلایی دەبێتەوە.

**د. نەوزاد یەحیا باجگر**
**سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان**

# چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان

1 • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و رۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

2 • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

3 • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان روون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

4 • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

5 • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

6 • هەندێک ووشە یاخود راستترە بڵێن زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە رۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە

پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە،
لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی
یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان
هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند 7
بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەرەیەک
بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی
وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی
تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد،
بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی 8
بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت
کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەیان نەدراوەتێ.

• لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی
بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و 9
ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە
کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری 10
نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ ریزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ
و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی
سەر بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی
نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە 11
کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک
نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

• هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت
ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ەکەی فرێ داوە، یا ئەگەر نووسرابێت ساڵی (٣٣٦) 12
ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ەکەی فرێ داوە.

**وەرگێر**

هەواڵنامەی کتێب

# شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ئاڵای (الای) | ئاڵای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئاڵایەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی واڵا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی واڵا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵک جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامرە) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق (اوجاقلق) | ئەو زەوییانەن کە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک دەڕۆیشت. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئەو سەربازەیە کە قوماندانیەتی ١٠ کەسی کردووە، ئەمەش لە نێوان کەس و چاوشەکە دەبێت. |
| ئیستدعانامە (استدعانامە) | ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە . |
| ئیستعلامنامە (استعلامنامە) | ئیستعلام واتە بە نووسراو داوای زانیاری کراوە، هەرچی ئیستعلامنامەیە ئەوا ئەو نووسراوە بووە، بەڵگەی لەگەڵ بووە. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەو بڕیارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر واتە لە ئەو بەرزتر دەکرا، تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی همایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیبی، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک. |
| باش مودیرەت (باش مدیرت) | باش بە مانای سەرۆك یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەڕێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی دێت. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |

| | |
|---|---|
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| پلەی حەرەمەین (درجە حرمین) | بەو کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە. زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبوڵ پلەیەکی بەرزە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەو فەرمانبەرەیە  کە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانە) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بووە کاروباری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تەغار (تغار) | چوار ربە یەك تەغارە. |
| تەنزیمات (تنظیمات) | لە رووی زاراوەدا بە مانای ڕێکخستن و ڕێکوپێکی و خستنە سەر ڕێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ساڵی ١٨٣٩ ی ٣ی قاسم لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی همایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی ڕاگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی  (تنظیمات خیریە) بوو. |
| تیمار | ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بە شێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە لە پلەیەك دانیشتووە واتە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە یاخود ئەو کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان هەروەها کە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شێوەیە ڕێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهەییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |

| | |
|---|---|
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا. |
| داعی | ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردنە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە فەرمانگەیەك بووە کاروباری پارەی دەوڵەت، موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| دوخان | تووتن. |
| دوخانچی | تووتنچی؛ ئەو کەسە دەگەیەنێت کە کاری تووتن دەکات. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری ڕووداوەکان، یاخود دەفتەری ڕۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە وتراوە رەدیف کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (ڕۆژی هزر) کە بە ناوی ڕۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو ڕۆژەیە لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی ڕۆژژمێری زایینی ڕۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی ڕۆژژمێری رومی ڕۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی ڕۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی ڕۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە ڕۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و ڕۆژە گەرمەکان نیشان دەدات. |
| رسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| رسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ریاسەتپەناهی. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی همایۆنی شاهانە (رکاب همایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| ریکابی همایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| زەربخانەی عامیرە (ضربخانە العامرە) | ئەو شوێنەیە پارەی دەوڵەتی لێ دروست دەکرا. |
| سالیانە | ئەو باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان کە ئەرك هەبووە، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك(سفربرلك) | واتە چوونە شەر، بەو کەسانە وتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەو ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سوریچی | ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بووە، بەکرێ گیراوە تا بارگیرەکان بە رێگا ببات. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵیە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر(سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەو پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە شەرەکان بە چەك شەریان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر(شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی دەکرد، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا، لە ساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێری پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێرییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |
| چاوش | وشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمڕۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |

هەوالنامەی دیجیتاڵ

| | |
|---|---|
| چەڵتوك (چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان سەر بە خەزینە و فەرمانبەرێک بوو، ئەو داهاتانەی ڕێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و ڕێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەڕێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، وایکرد بوو ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە کۆن لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەرک و خزمەت بوو، ئەو فەرمانبەرانە بوون لە بابی عالی لە ویلایەت لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەڕێوەبەری ئەو چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری قۆڵەکی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی ڕاست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەو پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ کردن دەکرێت، هەرچی قولی؛ ئەو فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئالای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر ڕێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە بە قورسایی ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەو پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و یەك لە دوای یەك لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، ئەمەش بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل لە ڕووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر ڕووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی ڕاستەقینەی کەلەکچیەکان لەو کرێیە پێك هاتبوو، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەو کەلەکچیانە لەسەر ڕووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێڵە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| کیل | کیل، بۆ پێوانی دانەوێلە بەکارهاتووە. |
| گاردیان | فەرمانبەری گرتووخانە. |
| مەشروتیەت (مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتە واتە لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەو حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وولاتی عوسمانی. |
| مەمالیك (ممالك) | وولاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وولاتێك. |
| مەملوک (مملوك) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە رێگای یەک رۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەکایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەویانە بوونە کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی رێککەوتن بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش راستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و رێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەرێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| نەزارەت (نظارت) | لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. بە زاراوەی ئێستا بە مانای وەزارەت دێت. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەرەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە رووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی رەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

# کۆد و ووشەی رەسەنی کۆدەکان

| | | |
|---|---|---|
| A.AMD. | Bab-i Âsafi<br>Âmedi Kalemi | بابی ئاسەفی |
| A.DVN. | Sadaret<br>Divan Kalemi Evrakı | سەدارەت، گەنجینەکانی دیوانی<br>قەڵەم |
| A.E.I. ABDÜLHAMİD. | Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid | پۆلێنکراوی میری عەلی<br>عەبدولحەمیدی یەکەم |
| A.E.III. OSMAN. | Ali Emiri Tasnifi III. Osman | پۆلێنکراوی میری عەلی<br>عوسمانی سێیەم |
| A.E.III.AHMED. | Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed | پۆلێنکراوی میری عەلی<br>ئەحمەدی سێیەم |
| A.E.III.MUSTAFA. | Ali Emiri III. Mustafa | پۆلێنکراوی میری عەلی<br>مستەفای سێیەم |
| A.MKT. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi | سەدارەت، قەڵەمی نووسراو |
| A.MKT.DV. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Deavi | سەدارەت، دیوانی قەڵەمی<br>نووسراو |
| A.MKT.MHM. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Mühimme | سەدارەت، قەڵەمی نووسراوە<br>گرنگەکان |
| A.MKT.MİTM. | B.E.O. Sadaret Evrakı | بابی عالی، گەنجینەکانی<br>سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Meclis-i Vala | سەدارەت، قەڵەمی نووسراوی<br>ئەنجومەنی والا |

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.NZD. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>نەزارەت و دیوان |
| A.MKT.UM . | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Umum Vilayet | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>گشت ویلایەتەکان |
| BEO. | Babıali Evrak Odası | کاغەزەکانی ژووری بابی عالی |
| C.AS. | Cevdet<br>Tasnifi Askeriye | جەودەت، پۆلێنکردنی سەربازی |
| C.EV. | Cevdet<br>Evkaf | جەودەت، ئاوقاف |
| C.NF. | Cevdet<br>Nafia | جەودەت، نافیە |
| C.T. | Cevdet<br>Timar | جەودەت، تیمار |
| DH.EUM.EMN. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi | نەزارەتی ناوەخۆ، یەکەی<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی<br>گشتی |
| DH.EUM.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta Mecmuası | نەزارەتی ناوەخۆ،<br>بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی<br>پۆستەی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.I.UM.EK. | Dâhiliye Nezareti<br>İrade-iUmummiye Ekleri | نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی<br>فەرمانی گشتی |
| DH.ID. | Dâhiliye Nezareti İrade | نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان |

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye-Hapishâneler | نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی<br>میری-گرتووخانەکان |
| DH.MB.HPS.M. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti | نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی<br>گرتووخانەکانی بینایەی میری |
| DH.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Mektubi Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی<br>تۆمار |
| DH.ŞFR. | Dâhiliye Nezareti<br>Şifre Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی<br>شیفرە |
| DH.SN.THR. | Dâhiliye Nezareti<br>Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری<br>ناسنامە، فەرمانی گشتی<br>قەڵەمی تۆمارکردن |
| DH.TMIK. M. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela | نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی<br>کۆمیسیۆنی چاکسازی و<br>مامەڵەی بەپەلە |
| DH.TMIK.S. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu | نەزارەتی ناوەخۆ، کۆمیسیۆنی<br>چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.UMVM. | Dâhiliye Nezareti<br>Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat Müdürlüğü Kataloğu | نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری<br>دارایی و کەتەلۆگی<br>بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت |
| HR.MKT. | Hariciye Nezareti<br>Mektubi Kalemi Evrakı | نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی<br>قەڵەمی تۆمار |

| | | |
|---|---|---|
| HR.SYS. | Hariciye Nezareti<br>Tahrirat-ı Hariciye Odası | ئەزارەتی دەرەوە، ژووری<br>تۆماری دەرەوە |
| I.AS. | Irade Askeri | فەرمانی سەربازی |
| İ.DH. | Irade Dâhiliye | فەرمانی ناوخۆ |
| I.DUIT. | Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifi | رێگاکانی فەرمانی دۆسیە،<br>پۆلینکردنی فەرمان |
| I.HB. | Irade Harbiye | فەرمانی جەنگی |
| I.HUS. | Irade Hususi | فەرمانی تایبەتی |
| İ.ML. | Irade Maliye | فەرمانی دارایی |
| İ.MMS. | Irade Meclis-i Mahsus | فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت |
| I.MVL. | Irade Meclis-i Vâlâ | فەرمانی ئەنجوومەنی والا |
| I. ŞD. | Irade Şura-yı Devlet | فەرمانی شورای دەوڵەت |
| İ.TAL. | Irade Taltifat | فەرمانی رێزگرتن و بەخشین |
| İE.EV. | Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf) | پۆلینکردنی وەقفی<br>ئیبنولئەمین |
| MF.MKT. | Maarif Mektubi Kalemi | قەڵەمی تۆماری مەعاریف |
| MV. | Meclis-i Vükela<br>Meclis-i Vükela Matbataları | ئەنجوومەنی بریکارەکان،<br>چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی<br>بریکارەکان |

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| MVL. | Meclisi Vâlâ | ئەنجوومەنی والا |
| MVL. | Meclis-i Vâlâ<br>Meclis-i Vâlâ Evrakı | ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی<br>ئەنجوومەنی والا |
| Ş.D. | Şura-yı Devlet Evrak | کاغەزەکانی شورای دەوڵەت |
| Y.A.HUS. | Yıldız<br>Sadâret Hususi | ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت |
| Y.MTV. | Yıldız<br>Mütenevvi Maruzât Evrakı | ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە<br>وون بووەکان |
| Y.PRK. AZJ | Yıldız<br>Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu | ئەستێرە، نارێك، کەتەلۆگی<br>داواکاری و ژورنال |
| Y.PRK.ASK. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat | ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی<br>کاغەزەکانی داواکاری سەربازی |
| Y.PRK.DH. | Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı | کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی<br>ناوەخۆ |
| Y.PRK.PT. | Yıldız<br>Perakende Posta ve Telgraf | ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی<br>نارێك |
| Y.PRK.SH. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı | ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی<br>داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی<br>تەندروستی |
| Y.PRK.UM. | Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı | کاغەزی گشتی تۆماری<br>ویلایەتەکان |

هەواڵنامەی کتێب





| 20 رەبیعی کۆتایی 1292 | 02905.0015 | D. |
|---|---|---|
| لە باش قەپوغولام کامل ئاغا بۆ شێخ عەبدولجەواد ئەفەندیمان<br>لەسـەر ئـەو پێشـنیارەی کـە جەنابـی جەوهـەر ئاغـا هێنابـووی، لەلایـەن جەنابـی ویلایەتپەناهـی لـە قائیمقامیەتـی رانیـە دامـەزراوم، لـە 14 مایـس 1291.<br>مەعروف | | |

هەواڵنامەی کتێب





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>00825.066445</td><td>2 ڕەبیعی کۆتایی 1298</td></tr>
<tr><td colspan="3">٧٧٥<br>لـە ئەنجامی ئەو سـکاڵایانەی لەسـەر قائیمقامی قـەزای ڕانیە عەبدوڵڵا بەگ هاتـووە، ناوبراو دوورخراوەتـەوە و دراوەتە دادگا، لـە شـوێن ئـەو عەبدوڵـڵا بەڕێوەبـەری دیـرە لـە نـاو قـەزای ڕوانـدز دامـەزراوە، بۆ پەسـەند کردنـی ئەرکەکەی لە ویلایەتـی موسـڵی بەهیـە بڕیارنامـەی مێـژووی ٩ سـەفەر ١٢٩٨ ژمارە ٢٤ حەواڵەی قۆمیسـیۆن کـراوە، ڕاگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێکـراوە کـە کۆتایـی بە مووچەکەی هێـنراوە و ناوبراویـش ئەرکەکەی پەسـەند کراوە، لەگـەڵ جێبەجێ کردنی چۆنیەتـی کارەکـە ئامـاژە دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو و زانیـاری لـە ژمێریـاری ناوەخـۆ دەرچـووە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٢٩٨ و لـە لـە ١٩ شـوبات ١٢٩٦.<br>مۆری یورکی کوڕی ئوستویان/ ڕزا/ محەمەد ئەمین/ محەمەد ئەمین/ ئەحمەد جەلال</td></tr>
</table>





DH.ŞFR.00128.00005.001

<table>
<tr><td>10 ڕەبیعی کۆتایی 1303</td><td>00128.00005</td><td>DH. ŞFR.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بەرەبەیـان، لەلایەنـی رانیـەوە بـەرەو سـنوور هاتـووە، لەسـەر ئاماژەی موتەسـەرفیەتی شـارەزوور راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە خانەکـەی سـەیفەددین گەراوەتـەوە سـاوچبۆلاق بـە ئامـاژەی قائیمقامـی خۆچێـی لـە موتەسـەرفیەتەوە رادەگەیەندرێـت، راگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە ٤ کانوونـی دووەم ١٣٠١.<br>تەحسین والی موسڵ</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01039.081739</td><td>25 شەوال 1304</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>..... دیوانی هومایۆن<br>جەنابی ئەفەندم<br>لە ناو سانجەقی شارەزوور محەمەد بەگ قائیمقامی قەزای رانیە مردووە، لە شوێنی ئەو لە چینی سێیەم مەحمود نەدیم ئەفەندی دامەزرێت، کە لە قائیمقامیەتی سەروج جیابۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو کراوە، بریارنامە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دەرچووە، هەروەها کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی ناوبراو لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بە هەر شێوەیەك بێت فەرمانی پاشای جەنابی ملوكانە بفەرموێت، جێبەجێ دەکرێت، نووسراوی بەپەلە کرا ئەفەندم، لە ٢٥ شەوال ١٣٠٤ و لە ٤ تەمموز ١٣٠٣.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





DH.MKT.01375.00064.001

هەواڵنامەی کتێب

| 6 سەفەر 1304 | 01375.00064 | DH.MKT. |
|---|---|---|


٦ سەفەر ١٣٠٤
٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٢
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بەهــۆی مردنــی رەشــید ئەفەنــدی قائیمقامــی قــەزای هەولێــر ســەر بــە ســانجەقی زور، لــە شــوێن ئــەو قائیمقامــی رانیــە عەبدوڵــڵا ئەفەنــدی و بــۆ رانیــەش لــە قائیمقامــی عەقــرە محەمــەد ئەفەنــدی و بــۆ عەقــرەش لــە قائیمقامــی زاخــۆ تاهیــر ئەفەنــدی و بــۆ زاخــۆش لــە قائیمقامــی ســنجار مســتەفا ئەفەنــدی و بــۆ شــوێن ئەویــش لــە قائیمقامــی بازیــان ســدقی ئەفەنــدی بگوازرێنــەوە و دابمەزرێــن، لــەم بارەیــەوە ئامــاژەی پێکــراوە و لــە قۆمیســیۆنی هەڵبژاردنــی فەرمانبــەران بریارنامــە دەرچــووە، لەگــەڵ کاغــەزی وەرگێــردراوی بــاری کەســێتی بەیەکــەوە پێشکەشــی جەنابــی ســەدری ئەعزەمــی ســەدارەتپەناهی کــراوە، هەروەهــا پێشــووتریش راگەیەنــدراوە کــە جــەدی بــەگ لــە قائیمقامیەتــی بازیــان دابمەزرێــت، بــۆ ئەمــەش رای جەنابــی فەخامەتپەناهــی جێبەجــێ دەکرێــت.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01435.00075.001

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01435.00075</td><td>11 زیلقەعدە 1304</td></tr>
<tr><td colspan="3">١١ زیلقەعدە ١٣٠٤<br>٢٠ تەمموز ١٣٠٣<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>قــەزای رانیــە لــە پاشــکۆکانی ســانجەقی شــارەزوورە، ئەمجــارە بــە فەرمانــی پاشــا، مەحمــود نەدیــم ئەفەنــدی بــۆ قائیمقامیەتــی قــەزای ناوهاتــوو دامــەزراوە، وەکــو خەرجــی ڕێــگا ئــەو بــڕە پارەیــەی کــە پێویســتە بدرێتــە ناوبــراو لــە ٢٨٠٨ قــوروش لــە دابینکــراوی ناوەخــۆی ســاڵی ٣٠٣ هەژمــار کــراوە، لەســەر داواکردنــی نــووسراو کــراوە بــە حەواڵــە لــە نەزارەتــی ژمێریــاری گفتوگــۆی لەســەر کــراوە، جێبەجــێ بکرێــت.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01439.00074.001

هەوالنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01439.00074 | 25 جەمادی یەکەم 1304 |
|---|---|---|

٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٤
٣ ئۆغستۆس ١٣٠٣
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە


لـە نـاو سـانجەقی شـارەزوور قائیمقامـی قـەزای رانیـە محەمـەد بـەگ مـردووە، لـە شـوێن ئـەو مەحمـود نەدیـم ئەفەنـدی هەڵبژێـردراو لـە چینـی سـێیەم دامەزرێـت، کـە لـە قائیمقامیەتـی سـەروج جیابۆتـەوە، لـەم بارەیـەوە لەسـەر ئـەو بڕیـارەی لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران دراوە، بـە ڕەزامەنـدی لایەنـی سـەدارەتپەناهی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا فەرموویەتـی، هەروەهـا لـە قائیمقامیەتـی باسـکراو مانگانـە ١٢٥٠ قـورۆش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، لەگـەڵ مێـژووی دەسـت بـە کاربوونـی ناوبـراو ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە بـۆی دابیـن دەکرێـت، تۆمـاری ڕێکخسـتنی بـۆ کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی و مێـژووی باسـکراو پشـت بەسـتن بـە ڕاگەیانـدن و بڕیـاری بڕیارنامـە مانگانـە ئـەو مووچەیـەی وەریدەگرێـت نیـوەی دەسـت بەسـەر دەکرێت بۆ سـندوقی خانەنشـینی، هەروەهـا خەرجـی ڕێـگای ناوبـراو ٢٠٨٨ قـورۆش لـە دارایـی ویلایەتـی سـیواس دابیـن دەکرێـت، بـە سـەروو ڕاگەیەنـدراوە، لـە پەراوێـزی نەزارەتـی ژمێریاریـش باسـکراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01439.00082.001

<table>
<tr><td>25 زیلقەعدە 1304</td><td>01439.00082</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٥ زیلقەعدە ١٣٠٤<br>٣ ئۆغستۆس ١٣٠٣<br>بۆ ویلایەتی سیواسی بەهیە<br>لـە نـاو سـانجەقی شـارەزوور لــە قائیمقامیەتـی قــەزای رانیــە مەحمــود نەدیـم ئەفەنـدی خەرجــی ڕێــگای بــۆ دابینکــراوە، کــە دەکاتــە ٢٠٨٨ قــوروش، لــە دارایــی ویلایەتــی بەهیــە ڕێــك دەخرێــت، بۆیــە نــووسراو لــە نەزارەتــی دارایــی جەلیلــە بــۆ دەفتــەرداری ویلایەتــی بەهیــە ڕۆیشــتووە و ئــەو نــووسراوەی ڕۆیشــتووە هاوپێــچ حەواڵەنامەکــە مامەڵــەی تۆمــاری تــەواو بــووە، لــەوێ بــرە پــارەی باســکراو بــە حەواڵەنامــە خــەرج دەکرێــت و پێــی دەدرێــت، هەروەهــا لــە خشــتەی خەرجــی تۆمــار دەکرێــت، بــۆ ئەمــەش واڵا ئــاگادار کراوەتــەوە و لــە پەراوێــزی نەزارەتــی ژمێریــاری باســکراوە، هیممــەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01460.00020.001

| 16 سەفەر 1305 | 01460.00020 | DH.MKT. |
|---|---|---|

١٦ سەفەر ١٣٠٥
٢١ تشرینی یەکەم ١٣٠٣
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لـە نـاو سـانجەقی شـارەزوور قائیمقامـی زاخـۆ مسـتەفا ئەفەنـدی لـە ٥ی تشرینـی دووەمـی ٩٧ دەسـت بـە کار بـووە، بـە نـووسراوی ویلایەتـی بەهیـە ئامـاژەی پێکـراوە، هەرچەنـدە لەگـەڵ ناوبـراو ئەرکەکەیـان جێبەجـێ کـراوە، بـەڵام مێـژووی دەسـت بەکاربوونـی قائیمقامەکانـی هەولێـر و رانیـە و عەقـرە و سـنجار نیشـان نـەدراوە، چۆنیەتیەکـەی بـە لێکۆڵینـەوەی تایبەتـی ئامـاژە پێکـراوە و نـووسراو بـۆ واڵا نێـردراوە، بـە حەواڵەکـردن لـە نەزارەتـی ژمێریـاری باسـکراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.





هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01465.00061.001

| 6 رەبیعی یەکەم 1305 | 01465.00061 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٦ رەبیعی یەکەم ١٣٠٥
١٠ تشرینی دووەم ١٣٠٣
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە بەگەکانـی هەمەوەنـدە ئەحمـەد بـەگ زادە ئەسـکەندەر بەگ لە بە تواناکانـی حەلەبە، لە نـاو ویلایەتی حەلەب لە یەکێـك لـە قائیمقامـی قەزاکانـی میسر و چیای سـەمعان یاخود بـاب دابمەزرێـت، جێبەجێ کردنی بە فەرمانی پاشـاوە دەبێـت، هەروەهـا لـە پاشـکۆکانی ویلایەتـی ناوهاتـوو قائیمقامی سـەروج مەحمود نەدیـم ئەفەندی لە نـاو ویلایەتی موسـڵ لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دابمەزرێت و بچێتە شـوێنەکە، شـوێنی ناوبراویش بـە کراوەیی ماوەتـەوە، عەلی رەفعـەت ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای جەبـل سـەمعان بگوازرێتـەوە بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای سـەروج، بـۆ شـوێنی ئەویـش بـە فەرمانـی پاشـا نـووسراو کـراوە کـە ئەسـکەندەر بـەگ دابمەزرێـت، بریارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران بـۆ قەڵـەم رۆیشـتووە، دوای پێشـکەش کردنـی، بـە فەرمانـی خدێـوی ئەعـزەم جێبەجـێ دەکرێـت.



DH.MKT.01495.00036.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01495.00036 | 7 ڕەجەب 1305 |

٧ ڕەجەب ١٣٠٥
٧ مارت ١٣٠٤
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە


ئـەو دیوانـی عورفیـەی کـە لـە سـانجەقی شـارەزوور دامـەزراوە، لەگـەڵ فەرمانبەرانـی تایبـەت لەلایـەن جەنابـی ئیسـماعیل پاشـا نێردراونەتـە کەرکـووك، نـووسراو بـۆ لایەنـی واڵای سـەر عەسـکەریمان نێـردراوە، لێـرە لـەو ١٠ پارچـە نـووسراوەی کـە حەواڵـەی کارگێـری عورفیـەی دیوانـی جەنگـی بـووە، دوو پارچـە نـووسراو هاوپێـچ کـراوە لـە هـۆزی بلبـاس قـادر قەیـس بـەگ و ڕەسـول بـەگ لـە یەکـەی کارگێری عورفیـەی قەزای کـۆی سـانجەق دوو پارچـە لێکۆڵینەوە لەگـەڵ بریارنامـە ڕاگەیەنـدراوە، لـە بریارنامـەی دیوانـی جەنگـی شـارەزوور ناوبـراوان قـادر و ڕەسـول لـە گونـدی عەلیفـەی سـەر بـە قـەزای ڕانیـە پارەوپـول و ئـاژەڵ و کەلوپەلـی مسـتەفا کـوڕی ئیسـماعیلیان تـاڵان کـردووە، بەهـۆی ئـەم تاڵانکردنـە بـە گوێـرەی یاسـانامەی سـزای مولکیـە ماددەی ٦٢ دەسـتەواژەی یەکـەم بـە ٣ سـاڵ و جگـە لەمـە ئـاژەڵ و کەلوپەلـی محەمـەد ئەمیـن کـوڕی کوفـە سـەعید لـە گونـدی چنـاران تـاڵان کـردووە، بـۆ ئەویـش هـەر یەکـە ٣ سـاڵ کـە بـۆ هـەر یەکەیـان دەکاتـە ٦ سـاڵ بـە سـزای سـەوڵ لێـدان سـزا دراون، هەروەهـا پارەوپـول و ئاژەڵەکانیـش بـە هەشـت یـەك پـارەی تاڵانکراو کە خۆیـان دڵنیایـان دەکەنـەوە، بـە ئامادەنەبوونیـان بریاریان لەسـەر دراوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هـەردوو تـاوان کـە ئەنجامیـان داوە یـەك جـۆرە، پێویسـت نـاکات جیـا بـە جیـا سـزایان لەسـەر بسـەپێنرێت، بۆیـە بـە سـزای بوێـری کـردن لـە تـاڵان کـردن و بـردن، لە مێـژووی دەسـتگیر کردنیان هـەر یەکە بـە ٣ سـاڵ بـە سـزای سـەوڵ لێـدان سـزا دەدرێـن، لێـرە بریـار لەسـەر ئـەوە دراوە، بـە ڕاگەیاندنـی سـزاکە بریارنامەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، بریارنامـەی باسـکراو بـە ووتـەی دیوانـی جەنگـی نێـردراوە، لەسـەر نـووسراوی سـەر عەسـکەری ناوهاتـوو تایبـەت بـە جێبەجـێ کردنی بـە مۆڵەتی لایەنـی سـەدارەتپەناهی فەرمانی پاشـای جەنابی پاشا بفەرمووێت وێنـەی زانیـاری بـە سـەر عەسـکەر ڕادەگەیەندرێـت، بـە فەرمانـی پاشـا هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




DH.MKT.01499.00053.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1305 ڕەجەب 24 | 01499.00053 | DH.MKT. |
|---|---|---|
| ٢٤ ڕەجەب ١٣٠٥<br>٢٤ مارت ١٣٠٤<br>بۆ ویلایەتی قوسوەی بەهیە<br>خاتوونێك بـە نـاوی قەریـن لوغـر هاووڵاتـی ئوسـتوریا و مەجارسـتان بـە مەبەسـتی گەشـتکردن هاتۆتە ئێـرە، لە کاتی گەیشـتنی بـۆ سـنووری ڕانیـە لە دەسـتی کاغـەزی مارەبرین و پەسـاپۆرت کە لەسـەر وەرگێرانە بـردراوە و بـۆ مەرکەزی ویلایـەت نێـردراوە، تـا کۆتـا مامەڵەکەی لە ئوسـکوب بە ناچاری وەسـتاوە، لەبەر ئەم هـۆکارەوە ناوبـراو لەبەر خەرجی زیـادە تووشـی زیـان بۆتـەوە، بۆیە هەرچـی زووە کاغەزەکانی بدرێتەوە ناوبراو و دوای مۆڵـەت ڕێگە نەدرێت ئەم جۆرە مامەڵانـە دووبـارە بێتەوە، لە باڵیۆزخانەی دەوڵەتی ناوهاتوو پێشـکەش کراوە و بە نووسراو ڕاپۆرتەکـە دراوەتە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلـە بـە تێروانیـن لە مامەڵەی ئـەو لایەنە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکـە و ڕابگەیەندرێت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

İ.DH.01104

| I.DH. | 01104.086460 | 16 سەفەر 1306 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
جەنابی ئەفەندم
لە پاشکۆکانی ویلایەتی موسڵ لە ناو سانجەقی شارەزوور، مەحمود نەدیم ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای رانیە لەسەر ویستی خۆی دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە شوێن ئەو عومەر لوتفی ئەفەندی دامەزرێت، کە لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان جیابۆتەوە، نووسراو بۆ خۆچێی کراوە، بریارنامەش لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران رێکخراوە و دراوە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی و نووسراوی نەزارەتی ناوخۆ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتە بە هەر جۆرێك بێت ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشایە، چ بفەرموێت جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمە نووسراوی بەپەلە کراوە ئەفەندم.
لە ١٦ سەفەر ١٣٠٦ لە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٤
سەدری ئەعزەم




| DH.MKT. | 01545.00095 | 11 موحەررەم 1306 |
|---|---|---|

١١ موحەررەم ١٣٠٦
٦ ئەیلوول ١٣٠٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە کاتـی خۆیـدا لەبـەر ئـەم مامەڵـە زوڵـم لێـکراوەی کـە بینیویانـە، لەگـەڵ ٧٠٠ خانـە هیجرەتیـان کـردووە بـۆ شـوێنێك بـە نـاوی لاهیجـان لـە مەمالیکـی ئێـران، خۆیـان لـە دڵسـۆزانی دەوڵەتـی عالیـەن، پێشـووتر خـودی خـۆی دڵنیـای داوە کـە بەڕێوەبردنێکـی باشـی هەبێـت، بۆیـە سـەرۆکایەتی هـۆزی ناوهاتـووی دراوەتـێ، لـەم بارەیـەوە بـە میهرەبانیـەوە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت، هەروەهـا داهاتـی ئـەو گوندانـەی کـە سـەر بـە سـەرۆکایەتین، بۆتـە بژێـوی ژیانـی، ئەگـەر پێـی بدرێـت، دەگەڕێنـەوە شـوێنی بنەچـەی خۆیـان، لـە نـاو قـەزای رانیـە هـۆزی بلبـاس بوونیـان هەیـە، سـەرۆکی پێشـووی ئـەم هـۆزە محەمـەد ئەمیـن ئاغـا لەگـەڵ موختـار و هەڵبژێـردراون، هـەر یەکـە بـە جیـا نـووسراوی بـە زمانـی فارسـیان ناردووە، تکایـان کـردووە کـە هـۆزی ناوبـراو لـە هـۆزە گەورەکانـن، ئەگـەر بگەڕێنـەوە مەملەکەتـی کۆنـی خۆیـان هـەم بـۆ نـۆژەن کردنـەوەی شـوێنەکە و هـەم بـۆ خەزینـە سـوودی دەبێـت، لـەم خاڵـەوە سـوودی بـۆ دەوڵـەت دەبێـت، لەسـەر ئـەو داواکاریـەی کـە کـراوە وەڵام بۆیـان ڕۆیشـتووە کـە ئەگـەر هاتـوو خانـە باسـکراوەکان گەرانـەوە شـوێنی دێرینـی خۆیـان ئـەوا فەرمانگـەی نیزامیـە بـە میهرەبانیـەوە مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکات، بـە گوێـرەی ئـەو ئەنجامـەی کـە لـە کارەکـە بەدەسـت دێـت ڕادەگەیەندرێـت، ئـەو ئەنجامـەی ڕادەگەیەندرێـت پەلـە دەکرێـت لـە نووسـینەوە و ڕاگەیاندنـی.


هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01609.00067.001

<table>
<tr><td>23 رەجەب 1306</td><td>01609.00067</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ رەجەب ١٣٠٦<br>١٣ مارت ١٣٠٥<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>بــە هەژمارکــردن و دەســتکەوتنی دە یەکــی توونتــی ئــەم ســاڵەی قەزایەکانــی رانیــە و کــۆی ســانجەق، بــە داواکردنــی ڕێژەکــەی بــە واژووی هەندێــك لــە وەکیلەکانــی چانــدن لەلایــەن عەبدوڵــڵا و خــضر لــە مەرکــەزی روانــدز تەلەگرافنامــە نێــردراوە، وێنەیەکــی بــۆ واڵا نێــردراوە، بە تێروانیــن لە بابەتەکە بــە لێکۆڵینەوە هیممەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی و راگەیاندنــی.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کێتێ

| 19 جەمادی یەکەم 1307 | 01748.00024 | DH.MKT. |
|---|---|---|

١٩ جەمادی یەکەم ١٣٠٧
٢٤ تەمموز ١٣٠٦
بۆ جەنابی عالی جەنابی سەدارەتپەناهیمان


بـە فەرمـان و ئامـاژەی سـەدری ئەعزەمـی جەنابـی وەکالەتپەناهـی لـە وەڵامـی ئـەم ئاماژانـەی کـە پێشـوو نێـردراوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ وێنەیەکـی وەرگیـراوە و هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، لـە خوێندنـەوەی تەلەگرافنامەکـە لەسـەر ئـەو فەرمانـەی سـەدری ئەعـزەم دەفەرمووێـت، بـە ڕێگـەی محەمـەد ئاغـا سـەرۆکی شـوێنی وەزنـە حاڵـی حـازر لـە پەلامـاری باپـز ئاغـا ڕزگار کـراوە، هەروەهـا ئەگەرچـی لەلایەنـی ئێرانـەوە هـەوڵ دەدرێـت محەمـەد ئاغـا بهێنرێـت، بـەڵام تـا ئێسـتا ئـەو بەڵێنـەی خـودی خـۆی داویەتـی، لـە قسـەی خـۆی پاشـگەز نەبۆتـەوە و قسـەی خـۆی سـەلماندووە، لەلایەنـی ئێمەشـەوە ئومێـد دەکرێـت ڕێزگرتنەکـەی کاریگـەری هەبـوو بێـت و ئەگـەر بێتـو مەیلـی بـۆ لای ئێـران نیشـان بداتـەوە، لـە کاتـی گەڕانـەوەی کێشـەکان دروسـت دەبێتـەوە، لـەم حاڵەتـەدا لـە بەرامبـەر هـەردوو هۆزەکـە کاریگـەری خراپـی دەبێـت، بۆیـە بەڕێوەبەرایەتیـەك لـە ناوچـەی پێویسـت دابمەزرێـت، چۆنیەتـی کارەکـەش لـە وەڵامـدا بـە سـەدارەتپەناهی ڕاگەیەنـدراوە و نووسراوەتـەوە، بـە ئامـاژە پێکـردن و تێروانیـن لـەم حاڵەتـە، ڕاوبۆچوونـی جەنابـی فەخامەتپەناهـی دەنوسرێتـەوە، ئەمـر و فەرمـان.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01780.00009 | 28 رەبیعی یەکەم 1308 |
|---|---|---|


٢٨ رەبیعی یەکەم ١٣٠٨
٣٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە نـاو سـانجەقی شـارەزوور عەبدوڵـڵا بـەگ بـە وەکالـەت لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیەیـە، بـەڵام توانـای ناوبـراو لەگـەڵ گرنگـی قـەزای باسـکراو گونجـاو نییـە، بۆیـە کەسـێکی گونجـاو لـە قـەزای ناوهاتـوو دابمەزرێـت و ڕەوان بکرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە ویلایەتـی موسـڵ ئامـاژەی پێکـراوە، محەمـەد نەزیـف ئەفەنـدی لە چینـی سـێیەمی مولازمە هەڵبژێردراوەکانـە و لـە سـەرۆکایەتی دادگایـی سـەرەتایی ئاباسـو دەسـتی لـە کارکێشـاوەتەوە و هاتۆتە دەرسـەعادەت لـە سـەرۆکایەتی دادگایـی سـەرەتایی سـومبکی دامـەزراوە، بـەڵام پێـش ئـەوەی بچێتـە شـوێنی ناوهاتـوو جیابۆتـەوە، نـووسراو کـراوە کـە ناوبـراو لـە قـەزای رانیـە دابمەزرێـت، لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران بڕیارنامـە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، ئەمـر و فەرمانـی خدێـوی عالیـە.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01789.00121.001

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01789.00121</td><td>25 رەبیعی یەکەم 1308</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٥ رەبیعی یەکەم ١٣٠٨<br>٢٦ تشرینی دووەم ١٣٠٦<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لـە نـاو سـانجەقی شـارەزوور محەمـەد نەزیف ئەفەنـدی لە قائیمقامیەتی قـەزای رانیە دامـەزراوە، لە دەرسـەعادەتەوە تـا شـوێنی ناوهاتـوو پێویسـتە ٢٠٨٨ قـوروش خەرجـی رێـگای لێـرەوە بـۆ دابیـن بکرێـت، بـرە پـارەی ناوهاتـوو لـە موازەنـەی ناوەخـۆ بـە پەلـە دەنێردرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراو بۆ سـەروو کـراوە و لـە ژمێریـاری باسـکراوە، هیممەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنی.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01793.00076.001

| DH.MKT. | 01793.00076 | 6 جەمادی یەکەم 1308 |
|---|---|---|

٦ جەمادی یەکەم ١٣٠٨
٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

محەمەد نەزیف ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای رانیە دامەزراوە، بە تەلەگرافنامە راگەیەندراوە لەگەڵ مێژووی دەست بە کار بوونی لە شوێنی ناوهاتوو بە حوکمی تۆمار مانگانە ١٢٥٠ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، هەروەها تۆمارەکەشی رێکخراوە لەسەر ئەوە ماوە مێژووی دەستبەکاربوونەکەی رابگەیەندرێت و بە پشت بەستن بە بریارنامە ئەو مووچەیەی کە مانگانە وەریدەگرێت نیوەی بۆ سندوقی خانەنشینی دەروات، لێرەش خەرجی رێگای بۆ رێکخراوە، بە جێبەجێ کردنیشی بۆ والا نێردراوە، لە ژمێریاریش باس کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.





DH.MKT.01804.00126.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01804.00126 | 22 جەمادی کۆتایی 1308 |

٢٢ جەمادی کۆتایی ١٣٠٨
٢١ کانوونی دووەم ١٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

قائیمقامی قەزای رانیە نەزیف ئەفەندی کە لە ویلایەتی دیاربەکر داواکاری گشتی بووە، لە مووچەی ساڵی ٣٠٤ پاداشتی حەرەمینی نەداوە، کە دەکاتە ٣٠٠ قوروش، دەرکەوتووە ئەم بڕە پارەیەی دەست بەسەر نەکراوە، بۆیە لە داهاتی ناوبراو مووچەی یەك مانگی دەست بەسەر بکرێت، مامەڵەی دە یەکی مێژووی حەواڵە کردنەکەی لە مارتی ٣٠٤ تا ئێستا نەنێردراوە، فەرمانبەرانی مەرکەز و موتەسەرفیەتی سلێمانیە داهاتی ٣ ساڵ و موتەسەرفیەتی شارەزوور لەگەڵ قائیمقامیەتی رواندز داهاتی ساڵی ٣٠٤ بەیەکەوە بە پەلە جێبەجێ بکرێت، نووسراو بۆ والا کراوە لە نەزارەتی ژمێریاری گفتوگۆی لەسەر کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01855.00070.001

| DH.MKT. | 01855.00070 | 28 جەمادی یەکەم 1308 |
|---|---|---|


٢٨ جەمادی یەکەم ١٣٠٨
٢٢ تەمموز ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
قائیمقامــی رانیــە نەزیــف ئەفەنــدی بەهــۆی تــووش بوونــی بــە ئیفلیجــەوە توانــای نەمــاوە لــە ئەرکەکــەی بــەردەوام بێــت و خزمــەت بــکات، ئەگەرچــی بەخــۆی هاتۆتــە موســڵ لــە شــوێن خــۆی وەکیلێکــی دانــاوە، بــەڵام ناوبــراو بــەم حاڵەتــەوە پێویســتی بــە خەرجیەکــی زۆرە تــا بگەڕێتــەوە دەرســەعادەت، لەبــەر ئــەم نەهامەتیــەی کــە تووشــی بــووە، تەلەگرافنامــە لــە ئەنجوومەنــی کارگێــری ویلایەتــی موســڵ پێشــکەش کــراوە تاوەکــو کارەکــەی بــۆ جێبەجــێ بکرێــت، هەروەهــا ناوبــراو بەهــۆی کەموکوریەکانیــەوە دوورنەخراوەتــەوە، بەڵکــو بــێ بەشــە وەکــو ســەدەقەی پاشــای جەنابــی ملوکانــە بــۆ گەرانــەوەی ٥٠٠٠ قــوروش وەکــو دیــاری پاشــا خەرجــی رێــگای پــێ بــدرێ، ئەگــەر لــە خوێندنــەوەی بــە گونجــاو دانــراوە، جێبەجــێ کردنــی بــە فەرمانــی جەنابــی ســەدارەتپەناهی دەبێــت.



هەواڵنامەی کتێب


DH.MKT.01855.00081.001

| DH.MKT. | 01855.00081 | 28 جەمادی یەکەم 1308 |
|---|---|---|
| ٢٨ جەمادی یەکەم ١٣٠٨<br>٢٢ تەمموز ١٣٠٧<br>بۆ قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران<br>نەزیـف ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە لەبـەر ئیفلیجـی جەسـتەی، توانـای نەمـاوە ئەرکەکـەی جێبەجـێ بکات، بۆیـە لـە شـوێن ئـەو بەهجـەت ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری تۆمارکردنـی پێشـووی شـارەزوور بـە وەکالـەت بنێردرێـت، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی موسـڵ ئامـاژە نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی لـە قۆمیسـیۆن نـووسراو کـراوە. | | |




| BEO. | 000034.002533 | ٢٢ زیلحیجه ١٣٠٩ |
|---|---|---|


٢٢ زیلحیجه ١٣٠٩
٤ تەمموز ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، محەمـەد ئاغـا دانیشـتوی قـەزای کـۆی سـانجەق لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دامـەزراوە، لەبـەر ئـەوەی یەکێکـە لـە سـەرپێچیکەرانی یاسـا، سـەرەتا لـە ویلایەتـی بەغـدا بـە مـاوەی ١٥ سـاڵ بـە سـزای سـەوڵ لێـدان سـزا دراوە، بۆیـە مانـەوەی لـە قائیمقامیەتـی باسـکراودا کاریگـەری خراپـی دەبێـت و لـە سـنوری ئێـران لەگـەڵ هـۆزەکان تاقمێـك رووبەرووبوونـەوە سـەر هەڵـدەدات، داوا کـراوە بگۆردرێتـەوە، بۆیـە بـە واژووی ئـەو سـەرۆك هۆزانـەی کـە ناوەکانیـان نووسراوەتـەوە لـە روانـدز تەلەگرافنامـە دەرچـووە و بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە نـووسراوەکان بـە لێکۆڵینـەوە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




هەواڵنامەی کتێب

| DH. ŞFR. | 00153.00044 | 25 جەمادی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بەرەبەیان، ئەمڕۆ لە جەنابی موشیری پاشا تەلەگرافنامەی بە شیفرە وەرگیراوە، کە پێویستە مەسەلەی پشدەر و وەزنە چارەسەر بکرێت و بە تێروانین لە گرنگی بابەتەکە ئەم ماوەیە حەمە ئاغا لە قائیمقامیەتی رانیە جیابۆتەوە، بۆیە خۆی بە بێ بەش زانیوە، بەڵام مانەوەی ناوبراو لەوێ بە گرنگیەوە جێگای مەترسیە، لەسەر ئەم ئاماژەیە لە مێژووی ٢٧ کانوونی یەکەم ١٣٠٧ تەلەگرافنامەی بە شیفرەی بەندە راگەیەندراوە، ئەنجامدانی کاری خۆچێی بە پێویست زانراوە، هەروەها ئیبراهیم ئەفەندی دامەزراندنی و رۆیشتنی بۆ قائیمقامیەتی رانیە دەرچووە، چاوەڕێی فەرمانی جەلیلە دەکرێت، لە مەرکەزی ویلایەت لەلایەن موشیری ناوهاتوو باس لەم سەرپێچی و ئاژاوەیە کراوە، بە تێروانین لە گرنگی و پێویستی بابەتەکە بۆ جێبەجێ کردنی بابەتەکە بە تەلەگراف فەرمان و ئاماژە پێکردنی راگەیەندراوە فەرمان، لە ١٤ کانوونی دووەم ١٣٠٧.
کەمال والی موسڵ





| 18 رەجەب 1309 | 00153.00076 | DH. ŞFR. |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە

بەرەبەیان، مەسـەلەکانی وەکو وەزنە و شـێوەی پشـدەر و شـیوەگل دیارە، تا ئێسـتا ئەمانە چارەسـەر و رێکنەخراون، مەحمـود جافـی دۆراویـش چۆتـە نـاو یارییەکـەوە، لـە رانیـە حەمـە ئاغـا هەسـتاوە بە کێشـە نانـەوە، بۆ چارەسـەری کێشـەکانی ئێـرە هێـزی پێویسـت نییـە، چونکـە ئـەو ئەندامانـەی بوونەتـە سـەرباز لـە پاشـکۆ ماونەتـەوە، ئـەم تابورانـەی بوونیـان هەیـە، بـۆ رێکخسـتنی ئـەم لایەنانـە کـە لـە رووی نیزامـەوە دواکەوتـووە، لـە شـوێنە گرنگەکانی ویلایـەت دابـەش کـراون و بـۆ پاراسـتنی ئـەم شـوێنانە لەوێـن، دەبـێ حەمـە ئاغـا لـە رانیـە نەمێنێتـەوە، چونکـە دیـارە هـەر چۆنێـك بێـت دوژمنەکانـی پەیـدا دەبـن، بـۆ رێگەگرتـن و نەهێشـتنی سـەرهەڵدانی سـەرهەڵدانی رووداو ناوبـراو لـە قـەزای ناوهاتـوو نەهێڵدرێـت و تـکا دەکـەم بـە گوێـرەی بەرژەوەنـدی کار بکرێـت، لـە ٤ شـوبات ١٣٠٧.


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لەسـەر فەرمانـی جەلیلـە قائیمقامـی رانیـە ئیبراهیـم ئەفەنـدی نێردراوەتـە شـوێنی ئەرکەکـەی، لـەم بابەتـەدا لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە هاتـووە، لـە کاتـی گواسـتنەوەی وێنەیەکـی بـۆ بـاڵا راگەیەنـدراوە، لـەم بابەتـەدا فەرمـان، لـە ٥ شـوبات ١٣٠٧.
کەمال والی موسڵ




| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 01247.097706 | 17 رەبیعی یەکەم 1309 |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
جەنابی ئەفەندم
لە ناو ویلایەتی موسڵ نەزیف ئەفەندی قائیمقامی قەزای رانیە لەبەر نەخۆشیەکەی ناتوانێ کارەکەی بەڕێوە ببات، دوای دوورخستنەوەی، لە شوێن ئەو ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی قەزای ڕەداع لە ویلایەتی یەمەن لەسەر ویستی خۆی لە کارەکەی جیابۆتەوە، لە قەزای ناوهاتوو دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕیارنامە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و تێدا نیشان دراوە، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی بەیەکەوە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بارەیەوە هەر چۆنێك بێت فەرمانی پاشای جەنابی ملوکانە چ بفەرموویت جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراوی بەپەلە کراوە ئەفەندم، لە ١٧ رەبیعی یەکەم ١٣٠٩ و لە ٩ تشرینی یەکەم ١٣٠٧.
سەدری ئەعزەم





هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01270.099862 | 19 رەمەزان 1309 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
جەنابی ئەفەندم


لـە ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامـی قـەزای رانیـە ئیبراهیـم ئەفەنـدی لەسـەر ویسـتی خـۆی دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە، لـە شـوێن ناوبـراو بـە گوێـرەی بەرژەوەنـدی و گرنگـی شـوێنەکە بـە پێویسـت زانـراوە حاجـی سـەعید ئەفەنـدی دابمەزرێـت، کـە لـە قائیمقامـی قـەزای سـیلوان جیابۆتـەوە، لـەم بارەیـەوە بریارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران دەرچـووە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی کەسـێتی و نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بـە هـەر شـێوەیەك بێـت فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ ئەمـە نـووسراوی بەپەلـە کـراوە ئەفەنـدم.
لە ١٩ رەمەزان ١٣٠٩ و لە ٤ نیسان ١٣٠٨
سەدری ئەعزەم و هاوکاری



کتێبی هەواڵنامەی
DH.MKT.01867.00053.001


| | | |
|---|---|---|
| 10 سەفەر 1309 | 01867.00053 | DH.MKT. |

١٠ سەفەر ١٣٠٩
٢ ئەیلوول ١٣٠٧
بۆ نەزارەتی دارایی عالیە
نەزیـف ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە تووشـی ئیفلیجـی بـووە، بۆیـە توانـای نەمـاوە لـە ئەرکەکـەی بـەردەوام بێـت و جێبەجێـی بـکات، بـۆ ئـەوەی بگەڕێتـەوە دەرسـەعادەت بـە فەرمانـی سـەدری ئەعـزەم وەکـو دیـاری پاشـا ٥٠٠٠ قـوروش لـە سـاڵی ٣٠٠ لـە دیـاری پاشا بـۆی ڕێکخـراوە و بـە هەژمـار کـردن بـۆی دابیـن دەکرێـت، لـەم سـاڵەدا لـە دارایـی ویلایەتـی موسـڵ ڕێـك دەخرێـت، بـۆ ئەمـەش حەواڵەنامـە ڕێکخـراوە و بـۆ سـەروو نێـردراوە، لـە ژمێریاریـش باسـکراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




| DH.MKT. | 01876.00088 | 7 رەبیعی یەکەم 1309 |
|---|---|---|


٧ رەبیعی یەکەم ١٣٠٩
٢٩ ئەیلوول ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە فەرمـان و وەڵامـی جەنابـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی بەهجـەت ئەفەنـدی ئەرکەکـەی پەسـەند کـراوە و بـۆ شـوێنی ئەرکەکـەی بـەرێ دەکەوێـت، ویلایەتـی ناوهاتـوو وەکـو ویلایەتـی بەغـداد ماوەکـەی دووره، لەبـەر گرنگـی و بایەخـی شـوێنەکە ئـەو کەسـەی کـە لـەوێ بوونـی هەیـە، لەسـەر بارودۆخـی ناوچەکـە و چۆنیەتـی کارکردنـی خـودی کەسـەکە دەوەسـتێت، بـە تێروانیـن لـە فەرمـان و ئامـاژەی پاشـای وەکالەتپەناهـی، پشـت بەسـتن بـە هەڵبژاردنـی قۆمیسـیۆن بـۆ قائیمقامیەتـی رانیـەی ناوهاتـوو، ئیبراهیـم ئەدهـەم ئەفەنـدی دادەمەزرێـت، کـە لـە قائیمقامیەتـی رداع جیابۆتـەوە، راوبۆچوونیـش بـۆ خدێـوی پایەبـەرزە.





هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01878.00086 | 11 ڕەبیعی یەکەم 1309 |
| --- | --- | --- |

١١ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٩
٣ تشرینی دووەم ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
بە ئەمر و ئاماژەی سەدری ئەعزەمی جەنابی سەدارەتپەناهی، ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دەست بە کار دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە لە بڕیاری قۆمیسیۆنی تایبەتی لە مێژووی ٢٩ ئەیلوول ١٣٠٧ بە وەڵام ڕەزامەندی دراوە، هەروەها داواکاری ناوبراو گەڕاوەتەوە و پێشکەش کراوە.




<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01888.00011</td><td>7 ڕەبیعی کۆتایی 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">٧ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٩<br>٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٠٧<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>نەزیف ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ڕانیە لەبەر تەندروستی جەستەی ناتوانێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، بۆیە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ دەرسەعادەت وەکو دیاری پاشا ٥٠٠٠ قوروش لە دیاری ساڵی ٣٠٧ ڕێك دەخرێت و لە داهاتی ناوەخۆ هەژمار دەکرێت، لەم ساڵەی پارەی ویلایەتی موسڵ ڕێك دەخرێت، حەواڵەنامە بۆ نەزارەتی دارایی عالیە نێردراوە، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوەکان بۆ واڵا نێردراوە، لە جێبەجێ کردنە.</td></tr>
</table>





DH.MKT.01888.00050.001

هەواڵنامەی کیب


| DH.MKT. | 01888.00050 | 8 رەبیعی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|

٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٠٩
٢٩ تشرینی یەکەم ١٣٠٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
بـە تەلەگـراف ئامـاژەی پێکـراوە، ئیبراهیـم ئەدهـەم ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دامـەزراوە، لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ شـوێنەکە و لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی بـە بریـاری تۆمـار مانگانـە ١٢٥٠ قـوروش مووچەی بۆ دابیـن دەکرێـت، لەگـەڵ جێبەجـێ کردنـی ئەرکەکـەی و راگەیاندنـی مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی، بـە بریارنامە نیـوەی ئـەو مووچەیـەی کـە مانگانـە وەریدەگرێـت، بـۆ نەزارەتـی سـندوقی خانەنشـینی دەروات، هەروەهـا لـە تـەواوی مووچـەی ناوهاتـوو ١٠٪ ی بـۆ قۆمیسـیۆنی سـندوقی ئاگرکەوتنـەوەی مولکیـە دەروات، هەروەهـا خەرجـی رێگاکـەی ٢٠٨٨ قـوروش لـە دارایـی ناوەخـۆ خـەرج دەکرێـت، لـە خشـتەی خەرجیـش تۆمـار دەکرێـت، بـە لایەنـی واڵا رادەگەیەندرێـت و لـە ژمێریاریـش گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.


هەواڵنامەی کتێب


DH.MKT.01893.00069.001

| DH.MKT. | 01893.00069 | 22 رەبیعی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|
| ٢٢ رەبیعی کۆتایی ١٣٠٩<br>١٢ تشرینی دووەم ١٣٠٧<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>راگەیەنـدراوە عومـەر لوتفـی ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای تارهـون لـەو کاتـەی کـە لـە قـەزای رانیـە قائیمقـام بـووە، خەرجیەکـەی زیـاد لـە پێویسـت بـووە، بۆیـە ٢٥٠٠ قـوروش لـە ناوبـراو وەرگیـراوە، سەنەدەکەشـی ئامادەکـراوە و دراوەتـە دەسـتی، چۆنیەتـی کارەکـە بـە واڵا راگەیەنـدراوە و لـە ژمێریـاری گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە. | | |




| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01900.00116 | 12 جەمادی یەکەم 1309 |

١٢ جەمادی یەکەم ١٣٠٩
٢ کانوونی دووەم ١٣٠٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
هەر لە کۆنەوە پشدەریەکان بە کارە بەدەکانیان ناوبانگیان دەرکردووە، لە رۆژانی پێشوو هێرشیان کردۆتە سەر شیوەکل و دەورووبەری، سێ گوندیان بە تەواوەتی تاڵان کردووە و سووتاندوویانە، ئەمجارەش کارە خیانەتکارەکانیان دووبارە دەبێتەوە، دەبێ ئەمانە لەلایەن حکوومەتەوە تەمبێ بکرێن، پەلە لەم کارەش بکرێت، چونکە هۆزەکانی رانیەش لە خۆیان دەردەچن و لە خۆبایی دەبن، لە بەرامبەر حکوومەت مامەڵەی سەرکەشانە ئەنجام دەدەن، دوای ئەمەش ئەگەر بە تەمبێ کردنیان کارە سەرکەشەکانیان دانەمرکێنرێتەوە، ئەوا ئەم کارە سەرکەشانەیە بۆ ناو زۆر لە هۆزەکان دەروات و تەشەنە دەکات، بۆیە هێزی سەربازی بنێردرێت و بۆ پەلەکردن لەم کارەش لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەکە جێبەجێ کردنی فەرمانی سەدارەتپەناهیە.




DH.MKT.01908.00023.001

هەواڵنامەی کتێب

| 5 جەمادی کۆتایی 1309 | 01908.00023 | **DH.MKT.** |
|---|---|---|

٥ جەمادی کۆتایی ١٣٠٩
٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە


قۆناغـی حکوومەتـی رانیـە رووخـاوە، ئەگـەر ئێسـتا شـوێنەکانی نـۆژەن نەکرێتـەوە ئـەوا لـە داهاتـوو بـە تەواوەتـی دەرووخێـت، هەروەهـا شـوێنێکی تـر نییـە بـە تەواوەتـی جێگـەی فەرمانبـەران و سـەربازی شـاهانە دابیـن بـکات، بۆیـە خەرجـی نۆژەنکردنـەوەی کـە دەکاتـە ٣٠٠٠ قـوروش ڕەزامەنـدی لەسـەر خـەرج کردنـی بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامـاژەی شـورای دەوڵەتـی واڵا بـۆ قەڵەمـی فەرمانگـەی ناوەخـۆ ڕۆیشـتووە، بـە ڕەزامەنـدی عالیـش بریارنامـە ڕۆیشـتووە، بـرە پـارەی ناوهاتـوو بەشـێکی لـە موازەنـەی ئـەم سـاڵەدا هەژمـار دەکرێـت، ئەگـەر زیاتریش پێویسـت بـکات ئـەوا نـووسراو کـراوە کـە خـەرج بکرێـت، بۆیـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.




| DH.MKT. | 01918.00026 | 3 رەجەب 1309 |
|---|---|---|


٣ رەجەب ١٣٠٩
٢١ کانوونی دووەم ١٣٠٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

ئـەو بێگانانـەی کـە لـە قـەزای رانیـە ناویـان تۆمـار کـراوە، لـە خۆچێـی مامەڵەکانیـان جێبەجـێ کـراوە، بـە راگەیاندنـی ناردنـی پۆسـتەکانیان نووسراوەکانـی بەهیـە لـە مێـژووی ٢٨ تشرینـی دووەم ١٣٠٧ حەواڵـەی تۆمـاری ناسـنامەی کارگێـری گشـتی کـراوە، لـەو پۆسـتانەی کـە شـوێنی ئەوانـە نیشـان دراوە، بـۆ رۆژێکیـش تۆماریـان نەبـووە، بـۆ نموونـە سـاڵح کـوڕی عەبدوڵـڵا، لـە دایکبـووی ١٢٩٠ بـۆ ئـەوەی لـە ئەرکـی سـەربازی رزگاری بێـت نـاوی خـۆی بـە خەڵکـی دەرسـەعادەت نووسـیووە، لـە بـارەی ناوبـراوەوە لـە شـوێن خـۆی و بـە دەوروبـەرەوە لێکۆڵینـەوە کـراوە، بـە گوێـرەی ئـەو حاڵەتـەی روون دەبێتـەوە مامەڵـەی پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، هەروەهـا پۆسـتەی باسـکراو هاوپێـچ گەڕاوەتـەوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.




| DH.MKT. | 01918.00037 | 3 رەجەب 1309 |
|---|---|---|


٣ رەجەب ١٣٠٩
٢١ كانوونی دووەم ١٣٠٧
بۆ نەزارەتی دارایی عالیە
قۆناغـی حكوومەتـی قـەزای رانیـە پێویسـتی بـە خەرجـی نۆژەنكردنەوەیـە، هـەر بۆیـە بریـاردراوە دابیـن بكرێـت، ئەویـش لـە ٣٠٠٠ قـوروش پێـك دێـت و لـە داهاتـی ویلایەتـی موسـڵ رێـك دەخرێـت، جگـە لەمـە لـە داهاتـی ناوەخـۆی سـاڵی ٣٠٧ هەژمـار كـراوە، بۆیـە حەواڵەنامەیـەك رێكخـراوە و سـەبارەت بـە ناردنـی ئامـاژە بـۆ عالـی نێـردراوە، لـە نەزارەتـی ژمێریاریـش گفتوگـۆی لەسـەر كـراوە، جێبەجـێ كردنـی لەسـەر هیممەتـی عالـی وەسـتاوە.



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01919.00077.001

<table>
<tr><td>7 رەجەب 1309</td><td>01919.00077</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٧ رەجەب ١٣٠٩<br>٢٥ کانوونی دووەم ١٣٠٧<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>لــە قــەزای رانیــە بێگانەیــەك نــاوی تۆمــار کــردووە و مامەڵــەی ئــەو تاکــە کەســە بــە پۆســتە نێــردراوە، لــە نــووسراوی بەهیــە لــە مێــژووی ٢٦ کانوونــی یەکــەم ١٣٠٧ حەواڵــەی تۆمــاری ناســنامەی کارگێــری گشــتی کــراوە، دەرکەوتــووە ناوبــراو بــۆ ئــەم شــوێنە کۆچــی کــردووە و تێــدا نیشــتەجێ بــووە، بــە گوێــرەی نیزامنامــە لــەوێ لــە دەفتــەر نــاوی تۆمــار دەکرێــت، لــە خۆچێــی مامەڵــەی پێویســت بکرێــت و هیممــەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنی.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01940.00078.001

| DH.MKT. | 01940.00078 | 13 رەمەزان 1309 |
|---|---|---|

١٣ رەمەزان ١٣٠٩
٢٩ مارت ١٣٠٨
بۆ جەنابی عالی سەدارەتپەناهی
قائیمقامی قەزای رانیە ئیبراهیم ئەفەندی لە کارەکەی داوای لێبووردنی کردووە، لە ویلایەتی موسڵ بە تەلەگراف ئاماژەی پێکراوە، کە حاجی سەعید ئەفەندی لە چینی سێیەم هەڵبژێردراوە، جگە لەمە لە قائیمقامیەتی قەزای سیلوان جیابۆتەوە، بۆیە نووسراو کراوە دامەزرێت، بۆ ئەمەش بریارنامە لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دراوە لەگەڵ نووسراوی دامەزراندن پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی بە هاوکاری جەنابی جەلیلەی سەدارەتپەناهی دەبێت.




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01944.00113.001

| DH.MKT. | 01944.00113 | 7 شەوال 1309 |
| --- | --- | --- |


٧ شەوال ١٣٠٩
٢٢ نیسان ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
مەحمـود ئاغـازادە محەمـەد ئاغـای کـۆی سـانجەق لـە قائیمقامیەتـی رانیـە بوونـی هەیـە، لـە بـارەی ناوبـراوەوە قسـە هەیـە زوڵمـی کـردووە و هەمـوو رۆژ خەریکـی کاری خراپـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن هەندێـك سـەرۆك هـۆز و موختـار داواکاری نێـردراوە تـا داوای بکـەن و لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ بکـەن، داواکاری ناوبـراوان نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت و رابگەیەندرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01945.00079 | 10 شەوال 1309 |
|---|---|---|


١٠ شەوال ١٣٠٩
٢٥ نیسان ١٣١٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
خەرجـی نۆژەنکردنـەوەی قۆناغـی حکوومەتـی رانیـە ٣٠٠٠ قـوروش دەکات، بـۆ رێکخسـتنی ئـەم بـڕە پارەیـە و ڕەزامەنـدی وەرگرتـن لەسـەر خـەرج کردنـی، بـە تەلەگـراف ئامـاژەی پـێ کـراوە، کـە پێویسـتە قۆناغـی ناوهاتـووی حکوومـەت نـۆژەن بکرێتـەوە، ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە دەسـت نیشـان کـراوە بەشـێکی خـەرج دەکرێـت، بـەم تێروانینـە بـە گونجـاو زانـراوە و لـە فەرمانگـەی ناوەخـۆی شـورای دەوڵـەت رێکخـراوە و بـە فەرمانـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی لـە وێنـەی بڕیارنامەکـە نیشـان دراوە، هەروەهـا خەرجـی ناوهاتـوو نابێـت لـە ٣٠٠٠ قـوروش زیاتـر بێـت، لـە کاتـی جێبەجـێ کردنیشـی بـە ڕێژەیەکـی گونجـاوی خەرجـی نۆژەنکردنەوەکـە جێبەجـێ بکرێـت، لـە کۆتایـی جێبەجـێ کردنـی نۆژەنکردنەوەکـە دەرخسـتەی دووەمـی بـۆ ڕێکدەخرێـت، دەفتـەری ناوەڕۆکـی بابەتـەکان لـە ئەنجوومەنـی کارگێریـدا لـە ژێـر پەسـەندکردن دایـە، بـە بەسـتنەوەی لەگـەڵ بـڕە پـارەی ناوهاتـوو لـە داهاتـی ناوەخـۆ هەژمـار دەکرێـت، لـە موازەنـەی سـاڵی ٣٠٧ ڕێـك دەخرێـت، زیادەکەشـی لـە دارایـی خۆچێـی دابیـن دەکرێـت، لـە خشـتەی خەرجـی تۆمـار دەکرێـت، بـۆ واڵا نووسراوەتـەوە و لـە کاتـی حەواڵـە کردنـی لـە نەزارەتـی ژمێریـاری گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، ئـەم بابەتـە لـە لای دەفتـەردارە، نـووسراو بـۆ نەزارەتـی دارایـی عالیـە نووسراوەتـەوە، لەگـەڵ حەواڵەنامـە بـۆ سـەروو نـووسراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی هیممـەت بکرێـت.



هەواڵنامەی کتێب

| 1309 شەوال 15 | 01948.00054 | DH.MKT. |
|---|---|---|

١٥ شەوال ١٣٠٩
٣٠ نیسان ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
حاجـی سـەعید ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دامـەزراوە، لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ شـوێنی کارەکـەی و لـە مێـژووی دەسـت بـە کاربوونـی بـە گوێـرەی تۆمـار مانگانـە ١٢٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، هەروەهـا لەگـەڵ جێبەجـێ کردنـی بریارنامەکـە ئـەو مووچەیـەی مانگانـە وەریدەگرێـت، لـە ٥٪ لەگـەڵ لـە ١٪ بـە دەستبەسـەرکردن بـۆ خانەنشـین و لـە تـەواوی مووچـەی ناوهاتـوو ١٠٪ بـۆ سـندوقی قۆمیسـیۆنی بریندارانـی مولکیـە دەنێردرێـت، هەروەهـا خەرجـی رێـگای کـە دەکاتـە ٢٠٨٨ قـوروش لـە دارایـی خۆچێـی پێـی دەدرێـت، لـە بـارەی تۆمارکردنـی خشـتەی خەرجـی سـەروو ئـاگادار کراوەتـەوە، لـە ژمێریاریـش باسـکراوە.



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00018.00046 | 7 شەوال 1310 |
|---|---|---|
| ٧ شەوال ١٣١٠<br>١٢ نیسان ١٣٠٩<br>نەزارەتی جەلیلەی سندوقی خانەنشین<br>قائیمقامـی قـەزای رانیـە ئیبراهیـم ئەدهـەم ئەفەنـدی مـردووە، لەلایـەن خێزانەکـەی داواکاری پێشـکەش کـراوە تاوەکـو مووچەیەکـی بـۆ ببڕێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داواکاری لەگـەڵ نـووسراوی عالـی لـە مێـژووی ٢٣ کانوونـی دووەم ١٣٠٨ ژمـارە ١٥١ هاتـووە، مـاوەی ئەرکەکـەی دیاریکـراوە و لـە قەڵەمـی فەرمانبـەران ڕێکخـراوە و خشـتەی کاغـەزی جیاجیـاکان بەیەکـەوە نێـردراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن. | | |

| 5 موحەررەم 1310 | 000042.003084 | BEO. |
|---|---|---|


- ٤ موحەررەم ١٣١٠
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لـە بـاڵا بریارنامـە نووسراوەتـەوە، کـە وێنەیەکـی لـە شـورای دەوڵەتـی فەرمانگـەی ناوەخۆیـە، بـە پشـت بەسـتن بەم نـووسراوە جێبەجـێ دەکرێـت، پوختـەی ناوهاتـوو هاوپێـچ نێـردراوە، لـە نەزارەتـی دارایـی بەهیە هیممـەت بکرێت لـە جێبەجـێ کردنی.

نـووسراوی کۆتایـی گشـت باجـەکان و بەشـەکانی ناحیـەی تەلەعفـەر کـە سـەر بـە قـەزای سـنجارە، لەگـەڵ هـۆزی بلبـاس کـە سـەر بـە قـەزای رانیەیـە.

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٩٦٠
وێنەی بریارنامەی ژمارە ٨٩٣ی شورای دەوڵەت، فەرمانگەی ناوەخۆ
لـە نەزارەتـی دارایـی حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە لەگـەڵ راپۆرتـی مێـژووی ٢٨ زیلقەعـدە ١٣٠٩ هاوپێچـی پوختـەی لـە فەرمانگـەی ناوەخـۆ خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە
لـە راپۆرتـی دارایـی هاتـووە، لـە پاشـکۆی ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوی کۆتایـی ناحیـەی تەلەعفـەر سـەر بـە قـەزای سـنجار لەگـەڵ هـۆزی بلباسـی قـەزای رانیـە سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور داهاتـی مەعاریـف لەگـەڵ پارەوپولـی ئەمـلاك و سـەرچاوەی داهاتـی هەمەجـۆر و باجەکـەی ١١٦٦٩٧ قـوروش دەکاتـە ٢٨ پـارە هەڵوەشـاوەتەوە، بـە پێویسـت زانـراوە باجـی کـۆن لەگـەڵ باجی دەستبەسـەرکراو کـە دەکاتـە ١١٦١٣٥ قـوروش بـە موازەنە ٥٦٢ قـوروش، ٢٨ پـارە وەکـو سـووی خەزینـە وەردەگیرێـت، بردنـی بۆتـە بریـار، خەرجـی نووسراویـش هێشـتا ١٨٤١٦ قـوروش دەکاتـە ٣ پـارە، لەگـەڵ داهاتـی نوێـی ناوهاتـوو لـە سـاڵی ٣٠٨ وەرگرتنـی راسـتەوخۆ دەبێـت، بۆیـە بـە راسـت کردنـەوەی تۆمارێکـی پوختـە مۆڵـەت دراوە بەشـەکانی رێـك بخرێـت، هەروەهـا وێنـەی ئامـاژە پێکردنەکـەی رەزامەنـدی لەسـەر دراوە، نـووسراوی جێبەجـێ کردنـی دراوەتـە نەزارەتـی ناوهاتـوو پوختـەی باسـکراویش هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ موحـەررەم ١٣١٠ و لـە ١٣ تەممـوز ١٣٠٨.


لـە بـاڵا بریارنامـە نووسراوەتـەوە، کـە وێنەیەکـی لـە شـورای دەوڵـەت، فەرمانگـەی ناوەخۆیـە، بـە پشـت بەسـتن بـەم نووسراوانـە جێبەجـێ دەکرێـت، پوختـەی ناوهاتـوو هاوپێـچ نێـردراوە، لـە نەزارەتـی دارایـی بەهیـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000042.003084.001

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000042.003084.003




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00045.00016 | 6 زیلقەعدە 1310 |
| ٦ زیلقەعدە ١٣١٠<br>١٠ مایس ١٣٠٩<br>جەنابی‌سەدارەتپەناهی<br>لـە بـارەی ناکۆکـی نێـوان هۆزەکانـی بلبـاس و مامـش لێکۆڵینـەوەی هاوبـەش ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش فەرمانبەرانـی ئێران بـۆ رانیـە دێـن، جگـە لەمـە ئیسـماعیل بـەگ کـە لـە قائیمقامەکانـی ئەرکانـی جەنگـە لەگـەڵ ١٠٠ ئەندامـی سـەربازی شـاهانە ئـەم ئەرکەیـان پێـدراوە، بـە مەبەسـتی دابیـن کردنـی خۆراکـی ئەمانـە لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە تەلەگرافنامـە فەرمـان دراوە و ئاماژەی پێکـراوە، نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی لـە ١٩ نیسـان ١٣٠٩ ژمـارە ٣٠١ هاتـووە، بەرامبـەر بـە ٥٠ لیـرە، ٥٠٠٠ قـوروش لـە موازەنـەی سـاڵی ٣٠٩ تۆمـار کـراوە، لـە رێکخسـتنی رەزامەنـدی ژمێریـاری وەرگیـراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن. | | |



| DH.MKT. | 00056.00047 | 19 زیلقەعدە 1310 |
|---|---|---|

١٩ زیلقەعدە ١٣١٠
٢٣ مایس ١٣٠٩
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
عومـەر لوتفـی ئەفەنـدی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای دهـۆك لێبـووردراوە، لـە سـاڵی ٣٠٢ لـەم ئەرکـەدا بـووە، بـەڵام بەهـۆی قائیمقامیەتـی رانیـەوە پاکانـەی ئەسـتۆی بـۆ کـراوە، لـە بریارنامەکـە دەرکەوتـووە زیاتـر لـە ٢٥٠٠ قوروشـی بـردووە، بـەڵام لـە لیـوا پەسـەند نەکـراوە، لـەم رێگەیـەوە یـەك سـەنەدی هەیـە، کـە لەسـەر رێکخسـتنە، سـەنەدەکە یاخـود بریارنامـەی ناوهاتـوو دەبـێ قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بنێردرێـت، بـەڵام نەنێـردراوە، لەسـەر ئامـاژەی پێشـوو بـە تێروانیـن لـە بریـارەکان پەلـە بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە بـۆ دووپاتکردنـەوە لـە ٣٠ تەممـوز ١٣٠٨ بـۆ واڵا نـووسراو کـراوە، بـەڵام هێشـتا وەڵام وەرنەگیـراوە، لەسـەر ئـاگادار کردنەوەکانیـش تـا ئێسـتا بریـارەکان جێبەجـێ نەکـراون، هەرچـی زووە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
127 | 9497

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000127.009497 | 4 جەمادی کۆتایی 1310 |

٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠
١٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە


لـە نێـوان هـۆزی مامشـی ئێرانـی لەگـەڵ هـۆزی بلبـاس رووبەرووبوونـەوە روویـداوە، بـۆ ئـەوەی بزانرێـت کامـە هـۆز هـۆکاری ئـەم رووبەرووبوونەوەیـە بـووە، لەگـەڵ فەرمانبەرانـی ئێـران لە لاهیجان بـە کۆبوونـەوە لێکۆڵینەوەی هاوبـەش ئەنجـام بدرێـت، بـە فەرمانـی پاشـای ملوکانـە، ئیسـماعیل بـەگ قائیمقامـی ئەرکانـی جەنگـی ئەرکـی پێ سـپێردراوە، لەگـەڵ فەرمانبـەری ئێـران حوسـێن خـان بریـارە چاویـان بـە یەکـتر بکەوێـت، بـەڵام بـەو لێکۆڵینـەوەی ئەنجـام دراوە تەنیـا گـوێ بیسـتی پروپاگەنـدەی هـۆزی مامـش بوونـە، ئەمـەش راسـتی دەرناخـات، بۆیـە پێویسـتە هـەردوو میـری ناوبـراو لەگـەڵ فەرمانبەرانـی ئێـران بەیەکـەوە بێنـە قەزای رانیـە، تاوەکو گـوێ بیسـتی پروپاگەندەی بلباسـەکانیش بـن، بـە پێویسـت زانـراوە حکوومەتـی ئێـران ئـاگادار بکرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەلەگرافنامـەی موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن هاتـووە، هاوپێـچ لەگـەڵ نـووسراوی سـەر عەسـکەری بەهیـە لـە مێـژووی ٨ جەمادی کۆتایـی ١٣١٠ ژمـارە ١١٥٤ بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، هەروەهـا ناوبـراو لەگـەڵ فەرمانبەرانـی ئێـران بەیەکـەوە بـە گونجـاو زانـراوە بچنـە قـەزای ناوهاتـوو، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.


| 14 جەمادی کۆتایی 1310 | 000135.010063 | BEO. |
|---|---|---|

١٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠
بۆ نەزارەتی سەر عەسکەری واڵا و نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە ناکۆکـی نێـوان هۆزەکانـی بلبـاس و مامـش، قائیمقـام ئیسـماعیل بـەگ ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، بـەڵام لەسـەر مەسـەلەی لاهیجـان و وەزنـە گفتوگـۆ نەکـراوە، لـە بـارەی لێکۆڵینـەوەی ناوهاتـوو ئـەو راپۆرتـەی ئامـادە دەکرێـت، لەگـەڵ ویلایەتـی موسـڵ گفتوگـۆ دەکرێـت، دوای ئـەم گفتوگۆیـە بـۆ واژووکردنـی ناوبراو ئـاگاداری دەنێرێـت، لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو لەسـەر ئامـاژەی رووداوەکان لـە مێـژووی ١٢ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٨ بـە لایەنـی سەرعەسـکەری واڵا راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە لـە وەڵامـدا نـووسراوی بەهیـە هاتـووە، بـە تێروانیـن لـە بابەتـی سـەر عەسـکەر بـە گوێـرەی وەڵامـی ئـەو ئامـاژەی کـە پێشـووتر نێـردراوە بـە تێروانیـن لـە بابەتـی نـووسراوی مێـژووی ١٩ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٨ ژمـارە ١١٩٢ گوایـە فەرمانبەرانـی ئێـران لەگـەڵ سـەرۆکی هـۆزی مامـش لەگـەڵ نزیکـەی ١٠ کەسـی نـاو هۆزەکـە لـە سـەید و زانـاکان ووتەیـان وەرگرتـووە تـا بیچەسـپێنن بلباسـیەکان پەلامـاری هـۆزی مامشـیان داوە، دوای ئـەوەی شـایەدیان کراوەتـە راپـۆرت، پروپاگەنـدەی ئەوەیـان کـردووە کـە بلباسـەکان بیرۆکـەی ئەوەیـان هەیـە هێـرش بکەنـە سـەر لاهیجـان، تاقمێکـی کـەم واتـە سـێیان بـە شـاراوەیی بیروڕایـان وەرگیـراوە، ئیسـماعیل بـەگ رایگەیانـدووە، کـە تەنیـا گـوێ بیسـت بـوون بـە لایەنێکـی ئـەم دوو هـۆزە و وەرگرتنـی ووتـە و شـایەتی لایەنێـک هەروەهـا بریـاردان لـە رووی حوکـم و دادەوە گونجـاو نییـە، لەبـەر ئـەوەی وەرزی زسـتانە و ناتوانـن بچنـە لاهیجـان بـە پێویسـت زانـراوە بـۆ لای بلباسـەکان بـرۆن، بـەم راگەیەنـدراوە دەردەکەوێـت ئـەو فەرمانبەرانـەی ئـەم ئەرکەیـان پێدراوە تەنیا خۆیـان گـوێ بیسـتی ووتـەی مامشـەکان بوونـە و ئـەو ووتانـەی لـە پشـت ئـەم بیروڕایانـە خۆیـان حەشـارداوە، لەم بابەتـەدا بڕیارەکانیش نـووسراو و مـۆری لێـدراوە، بۆیـە دوای ئەوەی لەگـەڵ یەکـتر گفتوگـۆ دەکرێـت، لـە کاتـی گەیشـتنی فەرمانبەرانـی ئێـران، هەروەهـا دوای ئـەوەی ناوبراویـش ماوەکـەی تـەواو دەبێـت، لەسـەر بینینـی بلباسـەکان بـۆ قـەزای رانیـە دەروات، دەرکەوتـووە کـە بـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چـوارەم راگەیەنـدراوە، فەرمانبەرانـی ئێـران ئـەو شـوێنەی بـۆی رۆیشـتوون، گەرانەوەیـان بـۆ رانیـە کـە زەوی دەوڵەتـی عالیەیـە گونجـاو نییـە، لێـرەدا پێویسـت دەکات میـری ناوهاتـوو بـە تەنیـا لـە رانیـە لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بـدات، بـە گوێـرەی ئـەوە میـری ناوهاتـوو ئـاگاداری داوەتـە سـەر عەسـکەری ناوهاتـوو و زانیـاری لـە ویلایەتـی موسـڵ دراوە، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراو بـۆ سـەروو کـراوە، زانیـاری دراوەتـە نەزارەتـی دەرەوەی جەلیلـە و ویلایەتـی ناوهاتـوو لەگـەڵ میـری ناوهاتـوو بـە گوێـرەی ئەمـە ئاگادارییەکان جێبەجـێ دەکات.



هەواڵنامەی کیژ


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
135 10063





BEO.000136.010136.006

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000136.010136 | 23 جەمادی کۆتایی 1310 |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی سێیەم
١٢١٢
ڕاگەیەندراوی بەندەیە

لـە لاهیجـان فەرمانبەرانـی ئێـران لەگەڵ ئیسـماعیل بـەگ کۆبوونەوەیـان کـردووە، لەلایەن قائیمقام ئیسـماعیل بەگ پێشـنیار کـراوە، تـا ئێرانیـەکان بچنە لای بلباسـەکان لـە رانیە، بـەڵام ئێرانیـەکان رازی نەبوونـە و گەراونەتەوە، لەسـەر ووتـەی هەمەجـۆر موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن تەلەگرافنامـە هاتـووە، لـە وەڵامـی ئاماژەی پێشـوو کـە ڕۆیشـتووە لـە مێـژووی ٢٤ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٨ نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە سـەدارەتپەناهی راگەیەنـدراوە، دوای ڕۆیشـتنی فەرمانبەرانـی ئێـران بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە لێـی هاتبـوون، گەرانەوەیـان بـۆ رانیـە گونجـاو نییـە، بۆیـە میـری ناوبـراو بـۆ لێکۆڵینـەوەی رانیـە پێویسـتە بـە تەنیـا بچێـت، هەروەهـا لـە نەزارەتـی دەرەوەی جەلیلـە زانیـاری دراوەتـە ویلایەتـی موسـڵ، ئاماژەشـی پێکـراوە، بـە گوێـرەی راگەیەنـدراوی عالـی، میـری ناوبـراو راگەیەنـدراوەکان جێبەجـێ دەکات، چونیەتـی ئەنجامدانـی کارەکـە کـە حەواڵـەی فەرمانگـەی گشـتی ئەرکانـی جەنگـی کـراوە، لـە لایـەن موشـیری ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە هاتـووە، هـەر چەنـدە فەرمانبەرانـی ئێـران گەراونەتـەوە، بـەڵام بـۆ تـەواو کردنـی لێکۆڵینەوەکـە و لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ بلباسـەکان فەرمانبەرانـی ئێـران دەگەڕێنـەوە رانیـە، بـە گوێـرەی پلـەی فەرمانبـەرەکان و ڕێژەیـان لـە سـنوور پێشـوازیان لـێ دەکرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە ئـاڵای سـوارەی کەرکـووك بلۆکێـك بچێتـە رانیـە، جگـە لەمـە بـۆ پاراسـتنی ئـەم فەرمانبەرانـە و پاراسـتنی شـوێنی سـتراتیژی سـەربازەکان بـە زیادکردنـی خەرجـی پێویسـت ئـەم مووچـەی کـە دابینکـراوە بـەش نـاکات، هـەر هیـچ نەبێـت بـە هەژمـاری مەنزیـل خەرجـی ڕێگایـان بـۆ دابیـن بکرێـت، لەلایـەن میـری ناوهاتـوو راگەیەنـدراوە، بـەم ئاماژە پێکردنـە و سـەبارەت بـە خەرجـی ڕێـگای بلۆکـی سـوارەی باسـکراو بـە مۆڵەتـی جەنابـی خەلافەتپەناهـی دەبێـت، لـە وەڵامـدا راگەیەنـدراوە و لـە نـووسراوی ناوهاتـوو باسـکراوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٠ و لـە ٣١ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٨.
رزا سەر عەسکەر


هەواڵنامەی کتێب


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
142/10619

BEO.000142.010619.001

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000142.010619 | 4 ڕەجەب 1310 |

١٠ کانوونی دووەم ١٣٠٨
شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ
لـە ٥ کانوونـی دووەم ١٣٠٨ بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بلباسـەکان، فەرمانبەرانـی ئێـران دێنـە ڕانیە، بە مەبەسـتی پێشـوازی کردنـی فەرمانبـەرەکان، یـەك بلۆکـی ئـاڵای سـوارەی کەرکـووك بچێتـە ڕانیـە تـا لەگـەڵ ئیسـماعیل بەگـی قائیمقـام لـە پێشـوازیەکە دابێـت، بـۆ خەرجـی ئـەو بلۆکـە و خەرجـی ڕێگایـان فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی فەرمویەتـی و لـە سـەر عەسـکەر ئامـاژەی پێکـراوە.





هەواڵنامەی
کتێب

| BEO. | 000144.010744 | 9 زیلقەعدە 1310 |
| --- | --- | --- |

- ٥ رەجەب ١٣١٠
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
قائیمقامـی ئەرکانـی جەنگـی ئیسـماعیل بـەگ لـە رانیەیـە، یـەك هەفتەیـە چـاوەڕێ دەکات، خەریکـە فەرمانبەرانی ئێـران دەگەنـە قـەزای رانیـە، بـە جێبەجـێ کردنـی ئاماژەکانـی حکوومەتـی ئێـران، هەروەهـا بـە ئامـاژەی موشـیری لەشـکری چوارەمـی هومایۆنـی جەلیلـە نـووسراو بـۆ لایەنـی واڵای سـەر عەسـکەر نووسراوەتەوە، هیممـەت بکرێت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.


- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی سێیەم
٢٣٨
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
فەرمانبەرانـی ئێـران گەیشـتنە رانیـە، لـە شـوێنی ناوهاتـوو لەلایـەن قائیمقامـی ئەرکانـی جەنگـی ئیسـماعیل بـەگ ئـاگاداری دراوەتـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایۆن، لەگـەڵ نووسراوی مێـژووی ٥ مایـس ١٣٠٩ ی بەندەتـان ڕاگەیەنـدراوە، سـەبارەت بـەم بابەتـە و بـۆ لێکۆڵینـەوەکان و مامەڵەی مۆڵـەت دانەکە لەلایەن ناوبـراوەوە تەلەگرافنامـە دەرچـووە، وێنەکـەی گوازراوەتـەوە، لـە موشـیرەتی ناوهاتـووەوە تەلەگرافنامە هاتـووە، وێنەی هاوپێچ پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە نـووسراوەکان و بە فەرمانـی ئامـاژە پێکردنەکە دەبێ بە هـاوکاری سـەروو بکرێت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات، لە ٩ زیلقەعـدە ١٣١٠ و ١٣ مایس ١٣٠٩.
رزا سەر عەسکەر


عموم ارکان حربیه دائرهسی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
144 | 10744 | 2

BEO.000144.010744.002

هەواڵنامەی کتێب



OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000146.010924 | 11 رەجەب 1310 |
| --- | --- | --- |

١١ رەجەب ١٣١٠
١٨ كانوونی دووەم ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە

ئیسـماعیل بـەگ قائیمقامـی ئەركانـی جەنگـی لـە رانیەیـە، یـەك هەفتەیـە چـاوەڕێ دەكات، بۆیـە هەرچـی زووە بە پێویسـت زانـراوە فەرمانبەرانـی ئێـران بگەنـە شـوێنەكە، بۆ ئەمەش لە لایەنی واڵای سـەر عەسـكەر نـووسراو هاتووە، لـە وەڵامـی ئامـاژە پێكردنەكـە نـووسراو لـە مێـژووی ٩ رەجـەب ١٣١٠ ژمـارە ١٧٤٣ دەرچـووە، كـە فەرمانبەرانی ئێران لـە دەوڵەتـی عالیـە بـۆ رانیـە بـڕۆن، هەروەهـا ناوبـراو بـە تەنیـا لـە رانیەیـە و لێكۆڵینـەوەی كـردووە، بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـە بـە پەلەیـەی كـە هاتـووە، وەڵام دراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە و ویلایەتـی موسـڵ، بـەڵام بەبـێ فەرمانبەرانـی ئێـران ئـەو لێكۆڵینـەوەی كـە كـراوە تـەواو نییـە، هەرچۆنێـك بێـت دەبـێ فەرمانبەرانـی ئێـران بێنـە لای ئێمـە، بـۆ ئـەو فەرمانبەرانـەی كـە دێنـە لای ئێمـە لـە ئـاڵای سـوارەی كەركـووك بلۆكێـك بچێتـە رانیـە، هەروەها خەرجـی رێـگای ئیسـماعیل بـەگ دابیـن بكرێـت. بـە ئامـاژەی میـری ناوهاتـوو، نـووسراو بـۆ موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـكری چـوارەم كـراوە، لـە كاتـی راگەیاندنیشـیدا، بڕیـاری ناردنـی بلۆكێـك سـوارە بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی دەرچـووە، لـە كۆتاییـدا بـە لایەنـی واڵای سـەر عەسـكەر راگەیەنـدراوە و لـەم رێگایـەوە ویلایەتـی موسـڵ ئـاگاداری نـاردووە، بـۆ هاتنـی فەرمانبەرانـی ئێـران بـۆ رانیـە، ئـاگاداری دراوەتـە باڵیۆزخانـەی تەهـران و لەسـەر ئـاگاداری باڵیۆزخانـەی ئێـران كاری لەسـەر بكرێـت و هیممـەت بكرێـت لـە راگەیاندنـی ئەنجامەكـەی.





هەواڵنامەی کێژ

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000153.011432 | 24 ڕەجەب 1310 |

٢٤ ڕەجەب ١٣١٠
٣١ کانوونی دووەم ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
قائیمقامی ئەرکانی جەنگی ئیسماعیل بەگ چاوەڕێ دەکات، بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی ئێرانیش بێنە شوێنەکە بە ڕێگەی باڵیۆزی تەهران و سەرووی ئێران ئاگاداری دراوەتە حکوومەتی ئێران، لە مێژووی ١١ ڕەجەب ١٣١٠ بۆ نەزارەتی جەلیلە نووسراوی بەپەلە نووسراوەتەوە، بۆ ویلایەتی موسڵ هاتووە و هاوپێچ بۆ دەوڵەت نێردراوە، هاوپێچ لە مێژووی ٢٨ کانوونی دووەم ١٣٠٨ تەلەگرافنامەی ناوبراو ئاماژەی پێکراوە، کە مانگێکە لە رانیە چاوەڕێ دەکات، بەڵام هێشتا فەرمانبەرانی ئێران هیچ شوێنەوار و هەواڵێکیان نییە، داوای ڕێنمایی کردووە، بۆ ئەوەی بەپەلە ئەم کارە ئەنجامێکی هەبێت، لەسەر ئاماژەی پێشوو بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی ئێران بێنە رانیە دووبارە ئاگاداری دراوەتە حکوومەتی ئێران و هیممەت بکرێت لە ناردنی ئەنجامەکەی.


نامەی لایەنی والا و وێنەی پۆستە نووسراوە تاوەکو بەپەلە کارەکە تەواو بێت و ئەنجامێك رابگەیەندرێت، ئاگاداری بدرێتە حکوومەتی ئێران و فەرمان دراوە، هاوپێچ بە دووپاتکردنەوە راگەیەندراو بدرێتە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە.




BEO.000153.011439.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000153.011439</td><td>25 رەجەب 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">٣١ کانوونی دووەم ١٣٠٨<br>شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ<br>لـە ٢٨ کانوونـی دووەم ١٣٠٨ بـۆ ئـەوەی هەرچـی زووە فەرمانبەرانـی ئێـران بێنـە رانیـە، لـە رۆژانـی رابـردوو نـووسراو بـۆ نەزارەتـی دەرەوە کـراوە، تـا ئـاگاداری بداتـە حکوومەتـی ئێـران، ئەمجـارەش دووپاتکراوەتـەوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000160.011973 | 5 شەعبان 1310 |
| --- | --- | --- |

٥ شەعبان ١٣١٠
١٣ شوبات ١٣٠٨
بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەریمان
فەرمانبەری سەڵتەنەت قائیمقام ئیسماعیل بەگ لە رانیە چاوەڕێی هاتنی فەرمانبەرانی ئێران دەکات، لە ئەگەری نەهاتنی ئێرانیەکان، ناوبراو بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروچالاکیەکان داوای ڕێنمایی کردووە، لە کاتی دەرچوونی ڕێنماییەکان بۆ جێبەجێ کردنی لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری چوارەمی همایۆن لە وەڵامدا تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەیەکی تەلەگرافنامەکە هاوپێچ نووسراوی عالی سپاهیدار لە مێژووی ٢ شەعبان ١٣١٠ ژمارە ١٣٥٧ بەپەلە خوێندنەوەی بۆ کرا، لە کۆتاییدا لە بارەی ئەم بابەتەدا ئەو ئاگاداریانەی کە پێشووتر هاتووە، بۆ هاتنی فەرمانبەرانی ئێران راگەیەندراو دراوەتە باڵیۆزخانەی ئێران و تەهران، لە وەڵامیشدا لە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە راگەیەندراوە و لە ویلایەتی موسڵیش بە تەلەگرافنامە زانیاری دراوە.
بە ئاماژەی جەنابی راوێژکاری عالی



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000162.012092</td><td>11 شەعبان 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٦ شوبات ١٣٠٨<br>بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە<br>قائیمقامی جەنگ ئیسماعیل بەگ کە لە رانیەیە، چاوەڕێیە فەرمانبەرانی ئێران بە ڕێ بکەون، ئەگەرچی فەرمان دراوەتە حکومەتی تەبریز، بەڵام ڕێگاکان بە بەفر داپۆشراوە، بۆیە وەڵامی وەرگرتووە کە تەنیا لە وەرزی بەهار دەتوانن بێن، نووسراوی باڵیۆزخانەی تەهران لە ١١ شوبات ١٣٠٨ ژمارە ١٧٩١ بۆ دەوڵەت نێردراوە، بە تێروانین لەو تەلەگرافنامەی کە راگەیەندراوە، ئەگەر فەرمانبەرانی ئێران لە سەرەتای مارت لە سەر سنوور نەبینرێن، ئەوا فەرمان وەرگیراوە کە فەرمانبەرانی دەوڵەتیش دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، هەرچی زووە ئاگاداری بدرێتە حکومەتی ئێران، بە گوێرەی ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00165.00109.001

| 15 نیسان 1310 | 00165.00109 | DH. ŞFR. |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە ١٤ نیسـان ١٣١٠ بەرەبەیـان، سـەبارەت بـە تەلەگرافنامـەی سـاڵح بـەگ، لـە مێـژووی ٣١ مـارت ٣١٠ دەردەکەوێـت هێلـی تەلەگـراف تێکچـووە، بۆیـە بـە وەرگرتنـی لـە مێـژووی ٩ نیسـان ٣١٠، میـری ناوبـراو لـە قـەزای ناوهاتـوو یاریـدەدەری دادی لێکۆڵینـەوە بـووە، ئـاوا گونجـاوە لـە نـاو ویلایـەت لـە قائیمقامیەتێـك دابمەزرێـت، هەروەهـا باوکـی مەحمـود پاشـا قائیمقامـی مەرگـە مـردووە، لەبـەر گرنگـی شـوێنەکە و لەسـەر زانیـاری خۆچێـی لـە شـوێن ئـەو بـرادەری قائیمقامـی رانیـە، عەبدولقـادر پاشـا دابمەزرێـت، بـە ناردنـی و پەسـەند کردنـی ئەرکەکـەی لـە ٢٠ مـارت ٣١٠ تەلەگرافنامـە بـۆ نەزارەتپەناهـی نوسراوەتـەوە، لـە ٣١ مـارت ٣١٠ تەلەگرافنامـەی ناوهاتـوو بـۆ پایـەی وەکالەتپەناهـی هاتـووە، بـە گومانـی هاتنـی ئـەم تەلەگرافنامەیـە، لـە ١٤ نیسـان ٣١٠ بـە هەڵـە بـە پایـەی ناوهاتـوو راگەیەنـدراوە و ئامـاژەی پێکـراوە، لـە ١٥ نیسـان ٣١٠.

عەزیز والی موسڵ




BEO.000168.012536.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000168.012536 | 19 شەعبان 1310 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٨٨٣
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە

ئیسماعیل بەگ قائیمقامی جەنگی، لە رانیە چاوەڕێ دەکات، ئەگەر بێتو لە سەرەتایی مارت فەرمانبەرانی ئێران لە سەر سنوور نەبن، فەرمان وەرگیراوە کە فەرمانبەرانی حکوومەتی عالیش دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، بۆیە بەپەلە ئاگاداری بدرێتە حکوومەتی ئێران و بە گوێرەی ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت، بە گشتگیری لە نووسراوی سەدری ئەعزەمی سەدارەتپەناهی لە مێژووی ١١ شەعبان ١٣١٠ ژمارە ١٢٨٤ دەرچووە، ئەو وەڵامەی لە باڵیۆزخانەی تەهران بە تەلەگرافنامە دەرچووە، کە فەرمانبەرانی باسکراو لە رۆژی دەیەمی مانگی رەمەزانی شەریف دەتوانن لە رانیە ئامادە بن، ئەمەش بە تەلەگراف ناوەخۆ ئاگادار دەکرێتەوە، لەلایەن سەدری ئەعزەمی ئێران باسکراوە و تەلەگرافنامەی ٧ مارت ١٢٩٣ پێشکەش کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٩ شەعبان ١٣١٠ و لە ٢٤ شوبات ١٣٠٨.


نازری دەرەوە



هەواڵنامەی کێب

BEO.000179.013387.003


| BEO. | 000179.013387 | 13 رەمەزان 1310 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی دەرەوە<br>قەڵەمی تۆمارکردن<br>ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لە مێژووی ٢٦ مارت ١٢٩٣ ژمارە ٢٦ لە باڵیۆزخانەی تەهرانەوە هاتووە لەسـەر رووداوی لاهیجـان بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینـەوەکان تـەواو بکرێـن، فەرمانبەرانـی ئێـران تەنیـا دەتوانـن لـە ١٠ی رەمـەزان لـە تەبریـزەوە بێـن، لەسـەر ئاماژەی خۆچێـی لـە کۆتاییـدا لەلایـەن سـەدری ئەعزەمـەوە راگەیەنـدراوە، تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٨ مـارت ١٢٩٣ هاوپێـچ رادەگەیەندرێـت، فەرمـان. | | |



BEO.000190.014248.002

| BEO. | 000190.014248 | 12 شەوال 1310 |
|---|---|---|

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ئیسـماعیل بـەگ قائیمقامـی ئەرکانـی جەنگـی سـەر بـە لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن لـە قـەزای رانیەیـە، کـە لـە رووداوی بلباسـەکان ئەرکـی پـێ سـپێردراوە تاوەکـو لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بـدات، بـۆ خەرجـی زیـادەی ناوبـراو خەرجـی ڕێگاکـەی لـە هەژمـاری مەنزیـل خانـە پێـی دەدرێـت، لـە تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە و بـە مێـژووی ١٠ کانوونـی دووەم ١٣٠٨ داواکـراوە جێبەجـێ بکرێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لێکۆڵینەوەکـە بـە هاوبەشـی ئەنجـام دەدرێـت ناوبـراو لـە ١٢ی  شـەوال دێتـە ئـەوێ، لەگـەڵ فەرمانبەرانـی ئێـران ١٠٠ ئەنـدام ئامـادە دەبـن، بـۆ خـۆراك و ئامادەکاری بەپەلـە ٥٠ لیـرە ڕێـك بخرێـت، ئـەو تەلەگرافـەی لـە ناوبـراوان وەرگیـراوە تێـدا تـکا کـراوە، لە راسـتیدا دابیـن کردنـی بـرە پـارەی باسـکراو لـە کارە پێویسـتەکانە، بـۆ فەرمـان دەرکـردن، فەرمـان، لـە ١٧ نیسـان ١٣٠٩.
عوسمان والی موسڵ




BEO.000207.015459.002

| BEO. | 000207.015459 | 6 زیلقەعدە 1310 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٥٧٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە
لـە بـارەی لێکۆڵینـەوە لـە رووداوی لاهیجـان، قائیمقـام ئیسـماعیل بـەگ بـە ئـەرك لـە رانیەیـە، لـەوێ چـاوەرێ دەکات، بـەڵام فەرمانبەرانـی ئێـران لـە رەمەزانـی داهاتـوو، رۆژی ١٠ دەتوانـن لـە تەبرێـزەوە بێـن، بـە ئاماژەی خۆچێـی لەلایەنـی سـەدری ئەعزەمـەوە راگەیەنـدراوە، لـە باڵیۆزخانـەی تەهـران تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ١١ رەمەزان ١٣١٠ لەگـەڵ نـووسراوی بەنـدە راگەیەنـدراوە و نێـردراوە، ئـەوەی باسـکراوە لەگەڵ فەرمانبـەران بە گفتوگۆ سـەرۆکی بلبـاس محەمـەد ئەمیـن ئاغـا لەگـەڵ ئەوانـەی پێویسـتە قسـەیان لەگـەڵ بکرێـت، لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە دەرکەوتـووە سـەرۆکی ناوهاتـوو لەگـەڵ ئەندامانـی هۆزەکـەی سـاڵی رابـردوو وەکـو هەمـوو جارێـك چوونەتـە لاهیجـان بـۆ سـەر ئـەو گونـد و دەشـتایەی کـە ناوبـراو بەرێـوەی دەبـات، لـەم کاتـەدا لەلایەن مامشـەکان هێرشـیان کراوەتـە سـەر، زەرەروزیانێکـی زۆریـان پێگەیانـدوون و دووچـاری لەناوچوونێکـی زۆر بوونەتـەوە، بـە گوێـرەی شـایەدێکی زۆر و کاغـەز و سـەنەدات و گشـت بەڵگـەکان، هەروەهـا بـە لێکۆڵینـەوە دەرکەوتـووە سـەرپێچیەکان لەلایـەن ئەوانـەوە روویـنـەداوە، فەرمانبەرانـی ناوهاتـووش دانیـان پێدانـاوە و پەسـەند کـراوە، لـەم بارەیـەوە بەڵگـە دراوە، بـە وەڵامدانـەوە دوای ئـەوەی کاغـەزەکان دەگەرێنـەوە و لەگـەڵ کاغەزەکانـی لێکۆڵینـەوە دەردەکەوێـت بلباسـەکان غەدریـان لێکـراوە، دوای راگەیاندنـی تـەواوی لێکۆڵینەوەکـە، سـەبارەت بـە گەرانـەوەی خۆشـی، لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە نێردراوە و میـری ناوهاتـوو تەلەگرافنامەکـەی وەرگرتـووە، بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی فەرمانـی سـەدارەتپەناهی پێویسـتە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٦ زیلقەعدە ١٣١٠ و لە ١٠ مایس ١٣٠٩
نازری دەرەوە


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000515.038610 | ١٢ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢ |
|---|---|---|


- ١ تشرینی یەکەم ١٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵ
هــۆزی بلبـاس هێرشــی کردۆتــە ســەر هــۆزی ســەرۆك محەمــەد ئاغـا لــە ئەنجـام ١١٠٠٠ مــەڕ و کەلوپەلێکـی زۆر تــاڵان کــراوە، هەروەهــا ٢٠٠ کــەس کــوژراوە، جگــە لەمــە عوســمان پاشــا بەگــی ئــاڵا لەگــەڵ ســەربازەکان نێردراوەتــە رانیــە، بــەڵام هیــچ ئەنجامێکــی نەبــووە و کارەکانیــان نەبیــنراوە، بــۆ تەمبــێ کردنــی بوێــری کــەران و چاکســازی کەســێکی گونجاوتــر بنێردرێــت، لەوانــە محەمــەد ســەرۆکی هــۆزی ئاکــۆ و بازرگانــەکان بــە گشــتی زیانیــان پێگەیشــتووە، لەگــەڵ واژووی مســتەفا بازرگانــی دوخــان لــە کەرکــوك دوو تەلەگرافنامــە لــە کەرکــووك دەرچــووە، تێــدا داواکــراوە، بــە لێکۆڵینــەوە راســتیەکان دەربخرێــن و بەپەلــە رابگەیەندرێــت.
بە ئاماژەی راوێژکار

- بۆ پایەی سەدارەتی پایەبەرز
جەنابــی حــەق خەلافەتپەناهــی هەتاهەتایــە هەمیشــە بفەرمووێــت، لــە جەنگــی رووســیا بــە گیــان فیداکاریــم بــۆ تاجــدار کــردووە، بــەڵام ئێســتا بــە بازرگانــی تووتــن ســەرقاڵم، ٦٠٠٠ لیــرەم لــە کشــتوکاڵی تووتنــە، لــە هێرشــی هــۆزی بلبــاس بــۆ ســەر کشــتوکاڵی ئاکــۆ خۆشــناو نزیکــەی ٢٠٠ کــەس کــوژراوە، بــە رێــژەی ١٠٠٠٠ لیــرە کەلوپــەل و مەڕوماڵاتیــان تــاڵان کــراوە، لەبــەر ئــەوەی ئەندامــی هــۆزی ناوهاتــووم، بــە رۆیشــتنم بــۆ دەرەوە پارەوپولــی بازرگانیــم گواســتۆتەوە، تەنانــەت لــە کەرکووکیــش لــە ژیانــم دڵنیــا نیــم، بــۆ ئــەوەی بازرگانیەکــەم نەوەســتێت و هــەم لــە ژیانــم دڵنیــا بــم لەگــەڵ جەبەخانــەی کەرکــووك ٢٠ تفەنگــی مارتنــی میریــم وەرگرتــووە ئەویــش فەرمانــی فرۆشــتنی نییــە و بــە مەرجــی رادەســتکردنەوەی وەرمگرتــووە، بــە ســەند تــکا دەکــەم، لــە ٣٠ تشرینــی یەکــەم ١٣١٠.
مستەفا لە بازرگانەکانی دوخان

- بۆ پایەی سەدارەتی پایەبەرز
محەمــەد ئەمیــن ئاغــا ســەرۆکی هــۆزی بلباســەکان لەگــەڵ هۆزەکــەی هەمیشــە لــە چەتەیــی بەردەوامــن، بۆیــە موشــیر ئیســماعیل پاشــا لــە کاتــی هاتنــی بــۆ ئێــرە، لەگــەڵ ناوبــراو ٤٠ کەســی بــە نــاوی تۆمەتبــار نــاردە مەرکــەزی ویلایــەت، بــەڵام لــە کاتــی گەرانــەوەی موشــیر ئیســماعیل پاشــا، لــە ویلایەتــەوە ئازادکــراون و دووبــارە دەســتیان بــە چەتەیــی کردۆتــەوە و نەوەســتاون، ئەمجــارە هێرشــیان کردۆتــە ســەر هۆزەکەمــان ١١٠٠٠ ســەر مــەڕ و کەلوپەلــی ئێمەیــان تــاڵان کــردووە، نزیکــەی ٢٠٠ کەســیان کوشــتووە، ئــەو ســەربازانەی لەگــەڵ بەگــی ئــاڵای موســڵ عوســمان پاشــا کــە بــۆ چاکســازی هاتوونەتــە رانیە، هیــچ کارێکیان نەبیــنراوە، محەمــەد ئەمین ئاغــا لەگەڵ چەتــەکان خەریکی ســەرپێچییە، کەچــی ئــەو لــە گــەران و رابواردنــە، ئەمــەش وادەکات مافەکانمــان و هــۆکاری پاراســتنمان نەمێنێــت، بۆ ئــەوەی ئەمانــە تەمبــێ بکرێــن، کەســێکی گونجــاو و بــە ویــژدان بــۆ چاکســازیەکە بنێردرێــت و دابمەزرێــت، بــە ناوی هەتیــوی ئــەم کوژراوانــەی کــە پەرێشــان و ســەرگەردانن، تــکا دەکەیــن میهرەبانــی شاهنشــامان رابگەیەنــن، فەرمــان.
محەمەد سەرۆکی هۆزی ئاکۆ




BEO.000515.038610.001





BEO.000515.038610.002




BEO.000515.038610.003


هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01990.00042 | 27 موحەڕرەم 1310 |

٢٧ موحەررەم ١٣١٠
٨ ئۆغستۆس ١٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
محەمـەد ئاغـا کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دامـەزراوە، بـەڵام لەبـەر کارە خراپەکانـی بـە واژووی سـەرۆك هـۆزەکان لـە مەرکـەزی روانـدز بـۆ پایـەی سـەدارەتی پایەبـەرز تەلەگرافنامـە دەرچـووە و تێیـدا داوا کـراوە گۆرینـەوەی پـێ بکرێـت، لـە وەڵامـی ئـەو ئاماژەیـەی پێشـوو رۆیشـتوە، تەلەگرافـی ویلایەتـی بەهیـە لـە مێـژووی ٢٩ تەممـوز ١٣٠٨ دەرچـووە کـە ئاغـای ناوهاتـوو باسـی سـەرپێچی هـۆزی پشـدەری قـەزای ناوهاتـووی کـردووە و گرنگـی شـوێنەکە و دەورووبـەری نیشـان داوە، بۆیـە لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی جەلیلـە بـە وەکالـەت سـەعید ئەفەنـدی نـاردووە، ناوبـراو بـە رۆیشـتنی بـۆ قـەزای ناوهاتـوو دەسـتی بـە کارەکانـی کـردووە، بـەڵام سـەعید ئەفەنـدی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو لـە مێـژووی ١٧ نیسـان ١٣٠٨ دامـەزراوە، لـە بـارەی ئاغـای ناوبراویـش ئـەو تەلەگرافنامەیـەی کـە وەرگیـراوە، لـە ٢ تەممـوزی هەمـان سـاڵ نێـردراوە، بارودۆخەکـە وایـە کـە سـەعید ئەفەنـدی لـە مێـژووی دەسـت بـە کاربوونیـەوە نزیکـەی چـوار مانگـە لـەوێ دەگوزەرێنێـت، لـە هەمـان کاتیشـدا هێشـتا محەمـەد ئاغـا لـەوێ ماوەتـەوە، ئەمـەش کێشـەی ناوەتـەوە، بـە گوێـرەی ئاماژەی پایـەی ویلایەتـی بەهیـە، ئەفەنـدی ناوهاتـوو بـە رۆیشـتنی بـۆ شـوێنی ئەرکەکـەی دەسـتی بـە کارەکـەی کـردووە، بـەم تێروانینـە هـۆکارەکان دیـارن، هەروەهـا راگەیانـدن و سـکاڵاکەی بـە گوێـرەی بارودۆخەکـە بـەرز بکرێتـەوە.





هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02019.00015.001

| DH.MKT. | 02019.00015 | 18 رەبیعی کۆتایی 1310 |
| --- | --- | --- |

٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە
لـە شـارۆچکەی سەردەشـتی ئێـران و قـەزای رانیـە کـە لەگـەڵ هـۆزی مەنکـور سـنوورن، لـە ناویـان نەخۆشـی کۆلێـرا سـەری هەڵـداوە، ئەمـەش لـە خۆچێـی هـەواڵ هاتـووە، بۆیـە داوا لـە دامـەزراوەی هێلـی پاراسـتنی موتەسـەرفیەتی شـارەزوور کـراوە بـە گوێـرەی پێویسـت سـەربازی شـاهانە بنێردرێـت و لـە کۆتایـی بـە لایەنـی سـەربازییەوە ووتـراوە پزیشـك بنێردرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەم کارەش لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە نێـردراوە، یـەك وێنـەی ئـەم تەلەگرافنامەیـە هاوپێـچ بـۆ لایەنـی پەیوەندیـدار نێـردراوە، بـە تێروانیـن وێنـەی ئاماژەکـە و گرنگـی بابەتەکـە بـە پەلـە جێبەجـێ بکرێـت و بـە پەلـە رابگەیەندرێـت.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH. MKT
2044 27

DH.MKT.02044.00027.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02044.00027 | 1 رەجەب 1310 |
|---|---|---|


١ رەجەب ١٣١٠
٧ کانوونی دووەم ١٣٠٨
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
لـە نێـوان هۆزەکانـی بلباس و مامش ناکۆکی و رووبەرووبوونـەوە روویداوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتەدا، لە رانیە چاوەڕێـی هاتنـی فەرمانبەرانـی ئێـران دەکرێـت، بـەڵام هێشـتا نەهاتوون، لـە بارەی پەلـە کردن بـۆ هاتنیان لە ویلایەتـی موسـڵ وێنـەی تەلەگرافنامە بە هاوپێـچ نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کـردن و راگەیاندنی.

| 14 سەفەر 1311 | 00081.00128 | Y.MTV. |
| --- | --- | --- |

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمارکردن
تایبەتی


لـە هـۆزی عوسـمانی و شـێخە نـاودارەکان کـە لـە قەزاکانـی کەرکـووك و رانیـە هەروەهـا لـە ناحیـەی باڵـەك نیشـتەجێن، لەوانـە شـێخ کەمالەددیـن ئەفەنـدی پێش ١٥ سـاڵ بۆ ئێـران هیجرەتی کـردووە، ئەمجارە ناوبـراو داوای کـردووە زیاتـر لـە ١٠٠٠٠ خانـە لـە موریـد و هـاوەڵ و لایەنگرانـی بـە گشـتی لـە بەرچـوەی سـەر بـە قـەزای رانیـە یاخـود لـە شـەمامکی سـەر بـە هەولێـر نیشـتەجێ بکرێـن، بـەم داواکردنـە شـێخ کەمالەددیـن ئەفەنـدی لەگـەڵ هاوەڵانـی و لـە هۆزەکانـی ئێـران کاك سـلێمان بـرادەری سـەرۆکی هـۆزی مامـش محەمـەد ئاغـا بـە هاتنیـان و نیشـتەجێ کردنیـان لـە زەوییـە بەتاڵەکانـی میـری قـەزای رانیـە، لەسـەر ئامـاژەی ویلایەتـی موسـڵ بریارنامـە لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی وەکیلـەکان ڕێکخـراوە و لەگـەڵ راگەیاندنـی پێویسـتە لەمەوبـەدواوە بـە درێژایـی سـنوور ڕێگـە نەدرێـت کێشـە و سـەرپێچی دروسـت ببێـت، شـێخی ناوبـراو لەگـەڵ هاوەڵانـی سـوێند بخـوات کـە ملکـەچ بێـت و بەرامبـەر بـە حکوومەتـی عوسـمانی بـە دڵسـۆزی بمێنێتـەوە و راوبۆچوونـی جێگیـر بێـت، هیـچ کاتێـك نابـێ سـەرپێچی لـە ملکـەچ بوونـی خـۆی و دڵسـۆزی خـۆی بـکات، شـایەد ئەگـەر هاتـوو لـە داهاتـووش لـە نێـوان دەوڵەتـی عالیـە و ئێـران شـەڕ روو بـدات، ئـەوا لـە پـاڵ دەوڵەتـی عالیـە بێـت و هـەر بریارێـك دەوڵەتـی عالیـە بیـدات دەبـێ ملکـەچ بـن، نابـێ لـە پـاڵ ئێـران شـەڕ بکـەن و دوای وەرگرتنـی دڵنیایـی بـەم شـێوەیە رێـك دەخرێن، بریارنامـەی سـوێند خواردنیـان بـۆ موشـیرەتی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن بنێـرن، بـەم جـۆرە نیشـتەجێ بوونیـان قەبـوڵ دەکرێـت و بـە هاتنـی بریارنامـەی باسـکراو دوای فەرمانـی عالـی لـە دیوانـی هومایـۆن هەڵدەگیرێـت، لـە بـارەی پێشـکەش کردنـی دیـاری شـاهانەی عالیـە، فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی مۆڵـەت لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو دەرچـووە و زانیـاری دراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆ و دارایـی جەلیلـە، جگـە لەمـە راگەیەنـدراو دراوەتـە موشـیری ناوهاتـوو، لەگـەڵ هاتنـی بریارنامـەی باسـکراو بـە مەبەسـتی راگەیاندنـی بـە نـووسراوی سـەدری ئەعزەم ئامـاژەی پێکـراوە، بەمـەش موشـیرەتی ناوهاتـوو بـە تەلەگرافنامە ئـاگاداری پێویسـتی دەرکـردووە، بـە فەرمانی عالی بـە پەلـە زانیـاری راگەیەنـدرا، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ١٤ سەفەر ١٣١١ و لە ١٤ ئۆغستۆس ١٣٠٩
رزا سەر عەسکەر


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)


Y.MTV 81/128

Y.MTV.00081.00128.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00107.00060 | 29 موحەررەم 1311 |
|---|---|---|


٢٩ موحەررەم ١٣١١
٣١ تەمموز ١٣٠٩
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامـی قـەزای مەرگـە میـری میـران مەحمـود پاشـا و قائیمقامـی رانیـە عەبدولقـادر پاشـا لەبـەر ئـەوەی دۆسـتی سـەڵتەنەت و لـە کاروبـاری فەرمانبەرایەتیـان هـاوکار و کۆششـیان زیاتـر بـووە، بۆیـە شـایەنی ڕێزلێنـان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەر یەکەیـان لـە پلـەی چـوارەم پارچەیـەك نیشـانی نیشـانی عوسـمانیان پـێ بدرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی هـاوکاری جەنابـی سـەدارەتپەناهی پێویسـتە.



| 13 رەجەب 1311 | 00197.00077 | DH.MKT. |
|---|---|---|

١٣ رەجەب ١٣١١
٩ کانوونی دووەم ١٣٠٩
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی

لـە نـاو سـانجەقی سـلێمانیە و سـەر سـنووری ئێـران، لەبـەر ئـەوەی عەبدوڵـڵا بـەگ قائیمقامـی قـەزای شـەهرپازار لـە حاڵەتـی مەسـتی بینـراوە، بـە گوێـرەی پلەوپایەکـەی بـەردەوام بوونـی لـە ئەرکەکـەی گونجـاو نییـە، بۆیـە دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئەویـش قائیمقامـی رانیـە عەبدولقـادر پاشـا بگوازرێتـەوە، هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی رانیـەش وەکیلـی قائیمقامـی روانـدز بەهجـەت ئەفەنـدی دابمەزرێـت، لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە تەلەگـراف ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام هـەر خـۆی بەهجـەت ئەفەنـدی لـە هەڵبژێـردراوەکان نییـە، دەریشـکەوتووە تـا ئێسـتا لـە قائیمقامیەتیـش ئەرکـی وەرنەگرتـووە، بۆیـە وەرگرتنـی ئەرکەکـەی گونجـاو نییـە، بـە راگەیەندراوێـك عەبدولقـادر پاشـا بـۆ شـەهرپازار بگوازرێتـەوە، بـۆ قائیمقامیەتـی رانیـەش محەمـەد سـەبری ئەفەنـدی بەرێوەبـەری پێشـووی ناحیـەی بەقـلاق دابمەزرێـت، کـە ناوبـراو لـە مولازمـە هەڵبژێردراوەکانـە و لـە دێرینەکانـە، بریارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران رێکخـراوە هاوپێـچ لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی کەسـێتی بەیەکـەوە پێشـکەش کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی هـاوکاری جەنابـی سـەدارەتپەناهی پێویسـتە.




DH.MKT 00208.00002.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00208.00002 | 13 شەعبان 1311 |


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ناوچـەی ناودەشـتی قـەزای رانیـەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بـە رێژەیەکـی زۆر باجـی کـۆن نووسراوەتـەوە، زۆربـەی دانیشـتوانەکەمان ناچـاری وڵاتـە و هـەم لەگـەڵ ئێـران سـنوورین و شـوێنەکەمان تەنـگ و چیایـە، زەویـمان نییـە بـۆ کشـتوکاڵ بـە کەڵـك بێـت، کاتەکانمـان بـە کۆکردنـەوەی بەڵـوت بەسـەر دەبردرێـت، هەژاریـمان لـە بەرزتریـن پلەدایـە، تەنانـەت سـێ گوندمـان باجـی راسـتەقینەکەی ٤٠٠٠ قوروشـە، کەچـی لەلایـەن فەرمانبەرانـەوە بـێ ئامادەبوونیـان باجـی مولـك و سـەرچاوەی داهاتـی هەمەجـۆر بـە ١٠٠٠ قـوروش نووسراوەتـەوە، بەندەکانـی بـاج زۆر زوڵمیـان لێکـراوە، لـەو کاتـەی کـە دوژمنـی ئاوارەییـن ناچـاری کـردوون لـە مەملەکـەت جیاببنـەوە، لـە بـارەی پاکانـەی دڵسـۆزیەکەیان چرکـە بـە چرکـە داوای میهرەبانـی جەنابـی شـەهریاری دەکـەن و بوێـری کـراوە داوای پاراسـتن و کـەم کردنـەوەی دەکەیـن، فەرمـان.
عەبدوڵلا وەکیلی گشت دانیشتوانی ناودەشت

- ١٣ شەعبان ١٣١١
٧ شوبات ١٣٠٩
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
لـە باجـی مولـك و سـەرچاوەی داهاتـی هەمەجـۆر زۆر بـە زیـادەوە نووسراوەتـەوە، لەبـەر ئـەوەی زەوییەکەشـی سـوودی لـێ وەرناگیرێـت، داواکـراوە لـەم بابەتـەدا کارێـك بکرێـت، بۆ ئەمـەش لەلایـەن عەبدوڵلا بە وەکیلی گشـت دانیشـتوانی ناودەشـت تەلەگرافنامەیەك لە مەرکەزی رواندز بە واژووی ناوبراو دەرچووە، وێنەیەکی پێشـکەش کراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە دوای لێکۆڵینـەوە جێبەجێ بکرێـت و رابگەیەندرێـت، هیممەت بـۆ ویلایەتپەناهی عالییە.

هەواڵنامەی کتێب



هەوالنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00231.00039 | 24 شەوال 1311 |

٢٤ شەوال ١٣١١
١٨ نیسان ١٣١٠
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی


لە ناو سـانجەقی سـلێمانیە و سـنووری ئێران، عەبدوڵڵا بەگ عیسـی قائیمقامی شـەهربازار خوی بە هۆزگەرایەتیەوە گرتـووە، بـە گوێـرەی شـوێنەکەش ئەرکەکـەی گونجـاو نییـە، بۆیـە دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو ئەحمـەد ئاغا دابمەزرێـت، کـە یەکێکـە لـەو کەسـانەی لـە قائیمقامیەتەکانی تـر ئەرکـی هەبـووە، هەروەهـا بـە گوێـرەی زانیـاری خۆچێـی مەحمـود پاشـا قائیمقامـی قەزای مەرگـە مردووە، بۆیـە عەبدولقادر پاشـا قائیمقامی رانیە بگوازرێتـەوە و بۆ قائیمقامیەتـی رانیـەش لـە وەکالەتـی قائیمقامیەتـی روانـدز بەهجەت بـەگ ئەفەنـدی دابمەزرێـت، بۆ ئەم مەبەسـتە لـە ویلایەتـی موسـڵ ئاماژەی پێکـراوە، جگـە لەمـە بـە تێروانیـن لـە گرنگـی شـوێنەکە و راگەیەنـدراوی بارودۆخـی ناوچەکـە عەبدوڵـڵا بـەگ دوورخسـتنەوەکەی جێبەجـێ کـراوە، بـەڵام ئەحمـەد ئاغـا لەگـەڵ بەهجـەت ئەفەنـدی لـە هەڵنەبژێردراوەکانـن، بـە گوێـرەی یاسـا گونجـاو نییـە بـە ئاماژەی ویلایـەت قائیمقامیەتـی مەرگـە بەتاڵـە، بۆیـە عەبدولقـادر پاشـا قائیمقامـی رانیـە بگوازرێتـەوە، بـۆ قائیمقامیەتی رانیـەش محەمەد سـەبری بەرێوەبەری پێشـووی ناحیـەی بەقـلان، کـە لـە هەڵبژێردراوەکانـی چینـی سـێیەمە، بـۆ قائیمقامیەتـی شـەهر بازاریـش شـەوقی ئەفەنـدی کـە لـە بەرپرسـی کارگێـری تۆمـاری ئەنجوومەنـی ئەنقەرە جیابۆتـەوە و لە هەمـان چیـن و هەڵبژێـردراوە دابمەزرێن، بـۆ ئەمـەش نـووسراو کـراوە، بریارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی هەڵبـژاردن دەرچـووە، هاوپێچ لەگـەڵ کاغەزی وەرگێـردراوی تۆمـاری کەسـێتی بەیەکەوە پێشـکەش کـراوە، بۆ جێبەجێ کردنی بـە هـاوکاری وەکالەتپەناهی دەبێت.


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000249.018675 | 19 موحەررەم 1311 |
|---|---|---|

١٩ موحەررەم ١٣١١
٢١ تەمموز ١٣٠٩
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
وێنەکانیـان لـە سـەروو تۆمـار کـراوە، نـووسراوی راگەیەنـدراو و فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی دەرچـووە، پشـت بەسـتن بـەم نووسراوانـە لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.

لـە بـارەی شـوێنگرەوەی سـەربازی پاشـکۆکانی ویلایەتـی موسـڵ، باجی مولك و کەلوپەلـی هاووڵاتیانی پیشـەگەری ناموسـڵمانی قـەزای رانیـە تۆمارەکـەی تـەواو بووە.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000267.019983 | 14 سەفەر 1311 |
|---|---|---|


١٤ سەفەر ١٣١١
١٦ ئۆغستۆس ١٣٠٩
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لـە کەرکـوك قـەزای رانیـە، خەڵەکانـی جنـاران و پاشکۆکانی کـە لـە ٣٤ گونـد پێـك دێـن، مـاوەی ١٥ سـاڵ لەلایـەن فەرمانبەرانـی قـەزا بـەوەی لـە ٣٢ گونـد پێـك دێـت لەگـەڵ ٣٠٠٠٠ قـوروش حەواڵـەی حەمیـد ئاغـای خەڵکـی کـۆی سـانجەق کـراوە، لەسـەر ئـەم هەواڵـە لـە خەزینـەی جەلیلـە بـە وەرگرتنـی خزمەتێـك بـە نیـوە کـە دەکاتـە ١٧ گوند بەرامبـەر ٥٤٠ لیـرە بـە رێگـەی ئیلتیزام لە دەسـتەی قەزا بە هۆی سـوودی هاوبەشـەوە پێشـوەختە حەواڵەی حەمید ئاغایـان کـردووە، بـۆ داواکردنی پاراسـتنی مافی سـوودەکانی دەوڵەت، بـە واژووی مەحمود تەلەگرافنامـە لە کەرکوك بـە مێـژووی ١٢ ئۆغسـتۆس ١٣٠٩ بـۆ دەوڵـەت نێردراوە، چۆنیەتیشـی لـە ویلایەت بـە تەلەگرافنامە زانیاری نێـردراوە، لـە نەزارەتـی جەلیلـە لێکۆڵینـەوەی پێویسـت ئەنجـام بدرێـت و هیممـەت بکرێـت لـە راگەیاندنـی ئەنجامەکـەی.

| 13 شەوال 1311 | 000359.026922 | BEO. |
| --- | --- | --- |


- ٢ شوبات ١٣٠٩
بۆ ویلایەتی موسڵ
سـەبارەت بە کەمکردنەوەی باجی ئەملاك و داهاتی سـەرچاوەی هەمەجۆر بە واژووی عەبدوڵڵا وەکیلی دانیشـتوانی ناودەشـت، ڕۆژی ڕابـردوو تەلەگرافنامـە لـە ڕوانـدزەوە دەرچـووە، کۆپییەیەکـی هێـنراوە و خوێندراوەتـەوە، هەروەهـا لێکۆڵینـەوەی پێویسـت جێبەجـێ دەکرێـت و ئەنجامەکـەی و جێبەجـێ کردنەکـەی لەگـەڵ یەکتـر ئاماژەی پێکـراوە.
بە ئاماژەی ڕاوێژکار

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٣
جەنابی عالی و جەنابی سەدارەتپەناهیمان
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
لـە بـارەی لێکۆڵینـەوە لـە باجـی ئەملاك و سـەرچاوەی داهاتـی هەمەجـۆر بـە واژووی عەبدوڵڵا وەکیلی دانیشـتوانی ناودەشـت تەلەگـراف لـە ڕوانـدزەوە دەرچـووە، کۆپییەیەکـی هێـنراوە و خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بـە لێکۆڵینـەوەی پێویسـت ئەنجـام و جێبەجـێ بکرێت، لەگـەڵ ئەوانی تر بەیەکـەوە ڕاگەیەنـدراوە و ئاماژەی تەلەگرافنامـەی مێژووی ٣ شـوبات ١٣٠٩ لـە سـەدارەتپەناهی فەرمانـی داوە، کۆپـی باسـکراو سـەر بـە جەلیلەیـە و حەواڵـەی فەرمانگەی باج کـراوە، ناودەشـتی باسـکراو سـەر بـە قـەزای ڕانیـە، پاشـکۆی سـانجەقی کەرکووکـە، ئـەو نووسراوانـەی سـەر بـە قـەزای ناوهاتـوون جێبەجـێ کـراون، هەروەهـا لـە سـاڵی ٣٠٨ داهاتـی ڕیزکـراوی بە فەرمانی پاشـای جەنابـی تاجدار بـە تۆمـارەوە نووسراوەتـەوە، لـە مێـژووی باسـکراوەوە ئەمـلاك و زەوی و زاری ناحیـەی ناوهاتـوو لەبـەر هەندێـك ڕێگـر هیـچ زانیاریەکـی فەرمـی لەسـەر کەمکردنـەوەی نییـە، هێشـتا داواکاری ناوەخـۆ نەکـراوە............ هەروەهـا لە سـەرەتای نـووسراوی قـەزای ناوهاتـوو لەسـەر ئـەو نرخـەی کـە کراوەتە ڕاپـۆرت باجی ڕێزکـراوی لـە ٢٦٠٧٠٩ قوروش پێـك هاتـووە، لـەم حاڵەتـەدا دانیشـتوانی ناودەشـت سـکاڵای زۆریـان نەبـووە و نەبیـنراوە، ئـەو سـکاڵایانەی کـە هەیـە، هـەر لـە کۆنـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە دانیشـتوانەکەی ڕانەهاتـوون بـاج بـدەن، بەهـۆی هاندانـەوە سـنووریان بەزانـدووە، بـە نـاوی دانیشـتوانی ناوهاتـوو باجـی ئەمـلاك و سـەرچاوەی داهاتـی هەمەجـۆر کەوتۆتـە بارێکـی گەندەڵـەوە، ئـەم ووتانـەش وەکـو داواکاری بـە خاوەنـی ئەمـلاك بـە فەرمـی و بـە تاکەکانـەوە دەدرێـت، ئـەوا لەسـەر ئـەم داواکاریانـە بەهـۆی هەندێـك ڕێگـرەوە دەسـتەکە دەگۆردرێـت، ئـەوەی شـایەنی گۆڕیـن دەبێـت بـە گوێـرەی ئـەم گۆڕینـە کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، لـە نـوسراوی مێـژووی ١٢ کانوونـی دووەم ١٣٠٩ ژمـارە ١٣٠ ی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە ئامـاژەی پێکـراوە، بـەم تێڕوانینـە چۆنیەتـی ئەنجامدانـی کارەکـە بـە موتەسـەرفیەتی کەرکـووك ڕاگەیەنـدراوە و کۆتایـی پـێ هاتنـی بـاس کـراوە، بـە نووسـینی لـە بـارەی ئەوانـی تـر ئەنجامـی مامەڵەکـە دوای ڕاگەیاندنـی کۆتایـی پـێ دێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٣ شەوال ٣١١ و لە ٧ نیسان ٣١٠
والی موسڵ


هەواڵنامەی کتێب




BEO.000359.026922.001




BEO.000359.026922.002



هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000405.030343 | 14 زیلقەعدە 1311 |
|---|---|---|


١٤ زیلقەعدە ١٣١١
٨ مایس ١٣١٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ و سـەر سـنووری ئێـران قائیمقامـی قـەزای شـەهربازار عەبدوڵـڵا بـەگ دوور خراوەتـەوە و لـە شـوێن ئـەو شـەوقی ئەفەنـدی هەڵبژێـردراو لـە چینـی سـێیەم هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی مەرگـە عەبدولقـادر پاشـا قائیمقامـی رانیـە و بـۆ قائیمقامیەتـی رانیـەش بەڕێوەبـەری پێشـووی ناحیـەی بەقـلان هەڵبژێـردراو لـە چینـی سـێیەم محەمـەد سـەبری ئەفەنـدی دەسـت بـە کاربـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێـژووی ٢٤ شـەوال ١٣١١ ژمـارە ٤٧٠ لەسـەر نـووسراوی دەوڵـەت بـە ڕەزامەنـدی ١٢ زیلقەعـدە ١٣١١ فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی فەرموویەتـی، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.


| BEO. | 000516.038662 | 4 رەبیعی کۆتایی 1311 |
|---|---|---|

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٨٦٦
راگەیەندراوی بەندەیە
خەریکە سەرهەڵدانی رووبەرووبوونەوە و شەڕ لە نێوان هۆزەکانی قەزای رانیە دەبێتە راستی، بۆیە پێویستە نمایشی سەربازی ئەنجام بدرێت، بەڵام پۆلیسی خۆچێی کەمە و بەشی بەرێوەبردنی ئەم کارە ناکات، بۆیە لە تابوری کۆی سانجەق یەك بلۆك بۆ شوێنی مەبەست بڕوات، لەسەر ئاماژەی موتەسەرفیەتی کەرکووکیش بە قوماندانیەتی فرقەی ١٢ راگەیەندراوە، لەبەر ئەوەی کارەکە بە پەلەیە بە ئاماژە پێکردنێك یەك بلۆك سەربازی شاهانە بە شێوەیەکی کاتی بنێردرێت، لە وەڵامدا نوسراو بۆ وەکالەتی ناوهاتوو کراوە، لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی همایۆن تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٩ ئەیلوول ١٣٠٩ هاتووە و ئاماژەی پێکردووە بە ووتەی فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی راگەیەندراوە و بڵاوکراوەتەوە، پەلە لە کارەکەش کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١١ و لە ٤ تشرینی یەکەم ١٣٠٩.
رزا سەر عەسکەر

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمارکردن
ئەو تەلەگرافنامە بە شیفرەیە، کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە
بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت جارێکی تر لە نێوان هۆزەکانی رانیە رووبەرووبونەوە و شەڕ سەرهەڵبداتەوە، ئەو پارەوپول و مەڕومالاتەی کە تالانکراوە بگەڕێندرێتەوە، لەگەڵ ئەمەش بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت و نێوانیان ئاشت بکرێتەوە، عوسمان پاشا قوماندانی پۆلیسی پاراستن بۆ شوێنی مەبەست رۆیشتووە، لە تەلەگرافی مێژووی ١٠ تشرینی یەکەم ١٣١٠ راگەیەندراوە، ئەمجارە ئەو تەلەگرافنامەیەی لە پاشای ناوهاتوو وەرگیراوە، لەسەر خوێندنەوەی تایبەت بابەتەکانی شەڕ و تالان کردن لە دادگای سەرەتایی قەزای هەولێر خوێندنەوەی بۆ کراوە و سەیر کراوە، لەلایەن ئەوانەوە رەزامەندی دراوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە لە هەردوو لایەن بانگ دەکرێن، لە نێوان ئەمانەدا بابەتی دیکەی تاوان هەیە، لە نێو کەسەکانیش بە گومان و سزا دراو هەیە، لە کاتی خۆیدا ئەو دادگایەی لە بارەی ئەمانە کاری کردووە و نووسراوەکانی دەرچوو و هاتوو بوونی هەیە، کە حوکمەکەیان بە شێوەیەکی کاتی هەڵوەشاوەتەوە، بە مەرج و دڵنیاکردنەوە هێنراونەتە هەولێر، بە گوێرەی ئاماژەکان، هەردوولا لە هۆزەکانی قەزای رانیەن و رووداوەکان لە ناو قەزاکە روویانداوە، بۆیە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان بە دادوەری لێکۆڵینەوەی خۆچێی دەکرێت، بە شێوەیەکی کاتی هێنان و بردن و دەرکردنی نووسراوەکان لە دادگایی سەرەتایی هەولێر بوەستێت، بۆ ئەمەش پێویستە لە نەزارەتی دادی جەلیلە فەرمان دەربچێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا بەهۆی زۆری ژمارەی کوژراوان، دادگایی کردنەکە درێژە دەکێشێت، هەروەها بۆ ئەوەی رێگە لە دووبارەبوونەوەی بگیرێت، لە قەزای ناوهاتوو یەك تابوری سەربازی شاهانە رۆیشتووە و پێویست دەکات ماوەیەکی تر لەوێ بمێننەوە، بە راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی، را و فەرمانی وەکالەتپەناهی بە بڕیاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت رەزامەندی لەسەر دەدرێت، لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١٠.
عەزیز والی



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
516 38662 2

BEO.000516.038662.002


داخلیه نظارتی
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
516 38662 6

BEO.000516.038662.004


هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 01313.000003 | 7 زیلقەعدە 1311 |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٢٥١٦
جەنابی ئەفەندم
لە ناو ویلایەتی موسڵ سەر سنووری ئێران، قائیمقامی قەزای شەهربازار، عەبدوڵلا بەگ لەبەر کارە بەدەکانی دوور خراوەتەوە و لە شوێن ئەو شەوقی ئەفەندی هەڵبژێردراو لە چینی سێیەم دامەزرێت، بۆ قائیمقامی مەرگەش قائیمقامی رانیە عەبدولقادر ئەفەندی، جگە لەمە بۆ قائیمقامیەتی رانیەش بەرێوەبەری پێشووی ناحیەی بەقلان کە هەڵبژێردراوە و لە چینی سێیەم محەمەد سەبری ئەفەندی دامەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بریارنامە رێکخراوە و پێشکەش کراوە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی و نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتە هەر چۆنێك بێت ئەمر و جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی هومایۆنی چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو ئامادە کراوە ئەفەندم.
لە ٧ زیلقەعدە ١٣١١ و لە ٣٠ نیسان ١٣١٠
سەدری ئەعزەم و هاوکارەکەی





İ.HUS.00032.00008.001

هەواڵنامەی کتێب

| I.HUS. | 00032.00008 | 8 جەمادی کۆتایی 1312 |
| --- | --- | --- |

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کاتیب
٥٠٤٣

لـە نێـوان هۆزەکانـی رانیـە رووبەڕووبوونـەوە و ناکۆکـی هەیـە، لـە رووی یاسـاوە پێویسـت دەکات داواکـە بـۆ دادگای سـەرەتایی کەرکـووك سـلێمانیە یاخـود موسـڵ بگوازرێتـەوە، لـە بـارەی جێبەجـێ کردنـی کارەکـە لـە سـەر ئامـاژەی نەزارەتـی دادی جەلیلـە لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە هاتـووە، لـەم بارەیـەوەش لـە نەزارەتـی ناوهاتـوو نـووسراو هاتـووە، بـە گواسـتنەوەی ریزبەنـدی نـووسراوەکان، بـۆ ئـەم بابەتە ئەفسـەری سـەربازی خۆچێی لـە گونجـاوەکان قۆمیسـیۆنێك بنێردرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکاران نـووسراو کـراوە، لـەم بابەتـە رەزامەنـدی وەرگرتـن لـە مێـژووی ٢٦ جەمـادی یەکـەم ١٣١٢ نـووسراوی تایبەتـی سـەدارەتپەناهی لـە کاتـی پێشـکەش کـردن، تێروانینـی سـەرووی بـۆ دەکرێـت، لەبـەر نارێکـی و تێکچوونـی دیوانـی جەنگـی دەسـتەیەك دادەمەزرێـت، تەنانـەت مامەڵـەی گەندەڵـی ئەرمەنەکانیـش لـە دادگای نیزامـی سـەیر دەکرێـت، بـۆ ئـەم کارە پێویسـت بـەوە نـاکات لـە لایەنـی سـەربازییەوە سـەیری ئـەم بابەتە بکرێـت، جگـە لەمـە دامەزراندنی دەسـتەیەك و ناردنـی گونجـاو نییـە، بـە تێروانیـن لـە نیـزام و نەریـت بـە گواسـتنەوەی داواکـە و لـە داد بەهـۆی یەکسـانی و دادپەروەرانـەی ئـەم لایەنـە لەلایەنـی دادەوە سـەیری بابەتەکـە بکرێـت، جێبەجـێ کردنـی بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی دەبێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٨ جەمادی کۆتایی ٣١٢ و لە ٢٥ تشرینی دووەم ٣١٠
شەهریاری جەنابی سەر کاتیب





هەواڵنامەی کتێب

Y.PRK.ASK.00101.00029.001

| Y.PRK.ASK. | 00101.00029 | 24 رەبیعی کۆتایی 1312 |
| --- | --- | --- |

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی نووسین
تایبەتی
تەلەگرافنامـە لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی همایـۆن هاتـووە، کـە لـە نـاو قـەزای رانیـە لـە نێـوان هـۆزەکان رووبەڕووبوونـەوە روویـداوە و بەردەوامـە، ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئەوەی وێرانـی رووبـدات و خەڵکێکی زۆر بکوژرێـت، بـۆ جێگیـر بوونـی ئاسـایش و ڕێگەگرتـن لـەم رووبەڕووبوونەوەیـە، لە ویلایەتی موسـڵ گرنگـی بابەتەکە روون کراوەتـەوە، بۆیـە دوو تابورەکـەی کۆی سـانجەق لەگەڵ قوماندانێکی لێهاتوو بنێردرێتـە ناوچەکە، ئەم بابەتەش بـۆ قوماندانیـەت نووسراوەتـەوە، هەروەهـا ئـەو تابـورەی کـە دەروات ژمارەکـەی و جـۆری کارەکـەی بنێردرێت، پەلە بکرێـت لـە راگەیاندنـی زانیـاری، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٢ و لە ١٢ تشرینی یەکەم ١٣١٠
رزا سەر عەسکەر



هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00170.00084.001


| DH. ŞFR. | 00170.00084 | 20 جەمادی کۆتایی 1312 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لــە رۆژانــی رابــردوو لــە نــاو قــەزای رانیــە لــە نێــوان ســێ هــۆز رووبەرووبوونــەوە روویــداوە، بــۆ دادگایــی کردنیــان لەســەر بابەتــی کوشــتن، لــە ســەدارەتپەناهی فەرمــان و ئامــاژە دەرچــووە، بــەڵام بــۆ ئــەوەی رێگــە لــە دووبارەنەبوونــەوەی ئــەم جــۆرە رووبەرووبوونەوەیــە بگیرێــت و روو نەداتــەوە، کەســێکی گونجــاو و لێهاتــوو بــە قائیمقــام بــۆ قــەزای ناوهاتــوو دابمەزرێــت، لەوانــەش عەبدوڵــڵا پاشــا ســەعید بــەگ بــە داواکاری مێــژووی ٢٢ تشریــن یەکــەم ١٣١٠ دابمەزرێــت، پێویســتە بــە پەلــە جێبەجــێ بکرێــت، فەرمــان.

لە ٧ کانوونی یەکەم ١٣١٠


عەزیز والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00309.00060 | 22 جەمادی یەکەم 1312 |

٢٢ جەمادی یەکەم ١٣١٢
٩ تشرینی دووەم ١٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
لە ناو سانجەقی کەرکووک عەزیز ئەفەندی، بە فەرمانبەری ناسنامەی قەزای رانیە و بۆ تۆمارەکەشی جەمیل ئەفەندی دادەمەزرێن، ئەمەش لەسەر نووسراوی عالی لە مێژووی ٢١ ئۆغستۆس ١٣١٠ چەسپێنراوە، هەروەها لە ناوبراوان عەزیز ئەفەندی بە تۆمار مانگانە ٢٥٠ و جەمیل ئەفەندی ١٢٥ قوروش مووچەیان بۆ دابینکراوە، ناوبراوان لە مێژووی دەست بە کار بوونیان و مێژووی دەست لە کار کێشانەوەیان بە گوێرەی بریاری نیزام مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەروەها عەزیز ئەفەندی پەیوەستە بە کەفالەتەوە ئەو سەنەدەی لێی وەردەگیرێت لە ژمێریاری ویلایەت هەڵدەگیرێت، لەم بارەیەوە سەروو ئاگادار کراوەتەوە و لە ژمێریاری باسکراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




DH.MKT.00337.00013.001

| 17 رەجەب 1312 | 00337.00013 | DH.MKT. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران
ژمارە ٦٨٥

قـەزای رانیـە سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووك دەکەوێتـە سـنووری ئێـران، خەڵکەکەشـی لـە تاقمێـك هـۆز و خێـل پێـك هاتـوون و دوژمنـی یەکتـرن، کـە لـە نێوانیـان ناکۆکـی و رووبەرووبوونـەوە روو دەدات، بـەڵام دوو سـێ مانـگ پێـش ئێسـتا لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو محەمـەد سـەبری ئەفەنـدی دامـەزراوە، بـۆ یـەك رۆژیـش بێـت هەڵسـوکەوتی خراپـی نەبینـراوە، بـەڵام ناتوانێـت لەگـەڵ عەقڵـی هۆزگەرایەتـی ئاوێتە بێـت، لەبەر گرنگی و شـوێنی جوگرافـی قـەزای ناوهاتـووش قائیمقامێـك دابمەزرێـت بەرامبـەر ئـەم جانەوەرانـە بە توانا و لێهاتوو بێـت، هەروەها لـە خانەدانـی رواندز سـەعید بـەگ لـەم کەسـانەیە، کـە ئـەم تایبەتمەندییانـەی تێدایـە و لـە بەڕێوەبردنـی کارگێڕیدا لێهاتـووە و نـاودارە، ناوبـراو بنێردرێتـە قائیمقامیەتـی رانیـە، هەروەهـا عەبـاس ئەفەنـدی قائیمقامـی کـۆی سـانجەق لەلایـەن رکابەرەکانـی گیـراوە، لەلایەکـی تـر کاغەزەکانـی لێکۆڵینـەوە کـە پێشکەشـی شـورای دەوڵـەت کـراوە، هێشـتا ئەنجامێکـی نەبـووە، ناوبراویـش لەگـەڵ کەشـوهەوای شـوێنەکە ئاوێتـە نابێـت، بـە دڵتەنگیـەوە گەڕاوەتەوە مەرکـەزی لیـوا، لەبـەر ئـەوەی کاروبـاری کارگێـڕی قەزاکـە بـە وەکالـەت بەڕێـوە دەبردرێـت، محەمـەد سـەبری ئەفەنـدی لـە سـانجەقی سـلێمانیە بـۆ قائیمقامیەتـی شـەهربازار و قائیمقامـی شـەهربازار شـەوقی ئەفەنـدی بـۆ قائیمقامیەتـی کـۆی سـانجەق رەوان بکرێـت و گۆڕینەوەیـان پـێ بکرێـت، بـۆ ئەم مەبەسـتەش لە ویلایەتی موسـڵی جەلیلـە نـووسراوی مێـژووی ٢٢ تشرینـی یەکـەم ١٣١٠ ژمـارە ٤٤ هاتـووە و حەواڵـە کـراوە تێیـدا ئاماژەی پێکـراوە.
لـە کاتـی ئـەو ووردبینیـەی کـە کـراوە، دەرکەوتـووە سـەعید بـەگ لـە هەڵبژێـردراوەکان نییـە، لـە بـارەی قائیمقامـی کـۆی سـانجەقیش دەسـتگیرکراوە و بـە گوێرەی کاغـەزی لێکۆڵینەوەکان پێویسـتە دووربخرێتـەوە، ئـەو بڕیارنامەیەی کـە لـە شـورای دەوڵـەت ڕێکخـراوە، نیشـانی داوە کـە لەگـەڵ راگەیاندنـی گۆڕینـەوەی پـێ بکرێـت، لـە شـوێن ئـەو کەسـێکی تـر دابمەزرێـت، ئەمـەش بـە نـووسراوی عالـی ئاماژەی پێکـراوە، لەگـەڵ بڕیارنامـەی مێـژووی ٨ تشرینـی یەکـەم ١٣١٠ ژمـارە ٤٨٥ محەمـەد سـەعید دوای هەڵبژاردنـی رابگەیەندرێـت و بـۆ دەسـت پێکردنـی ئەرکەکەشـی جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی داوە، ئەگەرچـی گۆڕینـەوەی قائیمقامـەکان پێویسـتە و گرنگە، بـەڵام بە گوێـرەی بنەمـا دەبـێ بـە بڕیارنامـە رابگەیەندرێـت، لـەم بارەیەوە لـە ویلایەتی ناوهاتـوو نـووسراو کراوە، لـەم بابەتە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات، لە ١٧ رەجـەب ١٣١٢ و لە ٢ کانوونـی دووەم ١٣١٠.
مۆری قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی مولکیە





| 19 ڕەبیعی کۆتایی 1312 | 000506.037877 | BEO. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمارکردن
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە


لە پاشکۆی کەرکووك لە نێوان بلباسەکان و هۆزی ئاکۆ کە سەر بە قەزای رانیەن دوژمنایەتی کۆن لە نێوانیاندا هەیە، لەبەر ئەوەی کێشەکە دووبارە سەری هەڵداوەتەوە، رووبەڕووبوونەوەکە دابمرکێنرێتەوە و ڕێگە نەدرێت جارێکی تر سەرهەڵبداتەوە، لە نزیکترین شوێن کە قەزای کۆی سانجەقە، لە سەربازی شاهانە یەك تابور بنێردرێتە شوێنەکە، لەسەر ئەو ئاماژە دووبارانەی کە لە موتەسەرفیەتی کەرکووکەوە دەرچووە، لە مێژووی ٢٩ ئەیلوول ١٣١٠ و ٦ تشرینی یەکەم ١٣١٠ بە چوار پارچە تەلەگراف نوسراو بۆ موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن نووسراوەتەوە، هەروەها تا هاتنی فەرمانی جولە پێکردنی سەربازەکان، بۆ ئاشتکردنەوەی ئەمانە ئامادەکاری بکرێت و کاری پێویست ئەنجام بدرێت، بۆ ئەنجامدانی گشت ئەم کارانە لە وەڵامدا بە موتەسەرفیەتی ناوهاتوو راگەیەندراوە، لەسەر ئاماژەی قائیمقامیەتی خۆچێی ئێستا لە لیوای موتەسەرفیەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە هاتووە و تێیدا باسکراوە ئەو رووبەڕووبوونەوەی لە نێوان هۆزەکان روویداوە ٥ تا ٦ کوژراو هەیە و هۆزی ئاکۆش لە سەرۆکەکانی خۆشناو خضر بەگ و برادەری بە ناوی سلێمان بەگ هاوکاری وەرگرتووە، بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی هاتووە باوکی ئەمانە بە ناوی قادر بەگ خۆشناوەکانی کۆکردۆتەوە، بۆیە بەپەلە چارەسەرێك بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە، بە راگەیاندنی پەرەسەندنی ئەم تێکچوونە ئەمجارە موشیرەتی ناوهاتوو بە تەلەگراف ئاماژەی پێکردووە و رایگەیاندووە کە هەرچی زووە رێگە لەم ناکۆکیە بگیرێت، بۆ ئەم مەبەستەش عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی هەولێر بە پەلە بۆ ناوچەکە بڕوات، لە وەڵامدا لە موتەسەرفیەتی کەرکووك نووسراوەتەوە، ئەگەرچی پێشووتر لە نێوان ئەم هۆزانە رووبەڕووبوونەوە و شەڕ روویداوە، بەڵام ئێستا هەرچی زووە پێشی لێ بگیرێت و بە راگەیاندن و نیشاندانی فەرمانی بەپەلە دراوەتە موشیری ناوهاتوو تا کارەکە ئەنجام بدرێت.

لە ٨ تشرینی یەکەم ١٣١٠
عەزیز والی

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000545.040851.001





BEO.000545.040851.002

هەواڵنامەی کتێب

| 6 رەجەب 1312 | 000545.040851 | BEO. |
|---|---|---|


- بۆ جەنابی سەدارەتپەناهیمان
لـە بـارەی هۆزەکانـی رانیـە بـە دووپاتکردنـەوە و لە کۆتاییـدا لەسـەر تەلەگرافنامەی بـە شـیفرەی ١٦ کانوونی یەکەم ١٣١٠ فەرمانـی جەلیلـەی وەکالەتپەناهـی دێـت، چـاوەڕێ دەکرێـت، راگەیەنـدراوە، لـە ٢١ کانوونـی یەکـەم ١٣١٠.
عەزیز والی موسڵ


- ٢٢ کانوونی یەکەم ١٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە ٢١ کانوونی یەکەم ١٣١٠ یەك دوو رۆژی تر وەڵامێکی گونجاو دەدرێتەوە.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

| | | |
|---|---|---|
| 26 رەجەب 1312 | 000558.041818 | **BEO.** |

١١ کانوونی دووەم ١٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵ/ شیفرە
لـە مێـژووی ٩ کانوونـی دووەم ١٣١٠ لـە نێـوان هۆزەکانـی رانیـە ناکۆکـی روویـداوە، بـۆ نەهێشـتنی ئـەم ناکۆکیانـە، پێویسـت نـاکات لێـرەوە فەرمانبـەر بنێردرێـت، بـە گوێـرەی ئامـاژەی پێشـوو لـە خانەدانەکانـی خۆچێـی دوو کـەس بنێردرێـت، بـە فەرمانـی پاشـا نێوانیـان ئاشـت بکرێتـەوە، هەروەهـا بـۆ چاوپۆشـی کـردن لـە کێشـە و گرفتـەکان کـە بەکـر بـەگ لەگـەڵ سـەربازەکان دروسـتی کـردووە، ناوبـراو و ئەوانـەی دەسـتیان هەیـە دەسـتگیر بکرێـن و کارەکـە تـەواو بکرێـت، ئەمـەش بـە بریـاری ئەنجوومەنـی تایبەتـی رادەگەیەندرێـت.





هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000590.044247 | 1 شەوال 1312 |
| --- | --- | --- |

- ١٦ مارت ١٣١١

بۆ ویلایەتی موسڵ شیفرە

وەڵامـی تەلەگرافنامەکانـی مێـژووی ٩ و ١٤ شـوباتی ١٣١٠ ی ئێوەیـە، لـەم ماوەیـەدا یـەك تابـوری سـەربازیش نەیزانیـوە چـۆن رەفتـار بـکات، بـە تونـدی بەدەرکەوتـووە گرنگیەکەشـی بیـنراوە، کـە زیانـی زۆر گـەورەی هەبـووە، هـەر خـۆی لـە خۆیـدا پێشـووتریش لەگـەڵ ئەزموونـی جۆراوجـۆر سـەلمێنراوە و دیـارە، ئەگـەر بکرێـت لـە لایەنـی رومەلـی یـا دەورووبـەری ئەنادۆلـی و عەرەبسـتان سـەرباز بنێردرێـت، لەبـەر گرنگـی بابەتەکـە ئامـادەکاری زیرەکانـە بکرێـت، توانـای رێکخسـتن و کۆتایـی پـێ هێنانیشـی دیـارە و روونـە، بـە چاوپۆشـی کـردن لـە مۆڵەتـی ناردنـی هێـزی سـەربازی لـە ویلایەتـەوە کەسـانی بـە توانـا و لێهاتـوو لـە کەسـانی گونجـاو هەڵبژێـردراون و ئـاگاداری و ئامـۆژگاری پێویسـت دەدرێتـە هـۆزەکان، جگـە لەمـە ئامـادەکاری حەکیمانـە ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە بـە دروسـتی کۆتایـی پـێ بهێنرێـت، لەسـەر راگەیانـدن و مۆڵەتدانەکـە جەنابـی پاشـا فەرمانـی داوە، ئەمـر و فەرمانـی هومایـۆن جێبەجـێ بکرێـت و هیممـەت بکرێـت.

- لە ویلایەتی موسڵەوە بۆ ئاشتکردنەوەی نێوان هۆزەکانی رانیە ئاماژە بۆ لایەنی سەربازی نێردراوە.




BEO.000595.044551.005

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000595.044551 | 7 شەوال 1312 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە


لـە نێـوان هۆزەکانـی قـەزای رانیـە سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووك رووبەڕووبوونـەوە و ناکۆکـی روویـداوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم ناکۆکیـە بەریگـەی هۆزگەرایەتـی و بەرژەوەنـدی گشـتی چارەسـەر بکرێـت، لـە ژێـر سـەرۆکایەتی موتەسـەرفیەتی سـانجەقی ناوهاتـوو لـە شـێخ و زاناکان دەسـتەیەك دامـەزراوە و لەگـەڵ هێزێکـی زۆر تونـد ئامادەکـراوە، یەکـەم ئێـوارە لـە موتەسـەرفیەتی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، لـە نێـوان هەندێـك ئەندامـی هـۆزە ناوهاتـووەکان ئـەو رووبەڕووبوونـەوەی روویـداوە، لـە هـەردوولا دوو سـێ کـەس برینـدار بـووە، ئێسـتاش لـەو تەلەگرافنامەیـەی کـە وەرگیـراوە، ئامـاژەی پێکـراوە کـە دیـارە لـە نێـوان هـۆزە ناوهاتووەکانـدا دووبـارە رووبەڕووبوونەوەیەکـی تونـد روو دەدات، بـۆ رێگەگرتـن و روونەدانـی ئـەم رووبەڕووبوونـەوە لـەوێ ٢٠٠ ئەنـدام کـە ئامـادەن، لەگـەڵ مەفرەزەیەکـی سـەربازی ناتوانێـت بچێتـە نێـوان ئـەم ٢٠٠٠ کەسـە، بـە پەلـە ئامـاژە دراوەتـە خۆچێـی لـەم حاڵەتـە لـە ٢٠ مـارت ١٣١١ لـە وەڵامـی وەکالەتپەناهیـمان تەلەگرافنامـە پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـەم تەلەگرافنامانـە ئـەو فەرمانـەی کـە دەردەچێـت بـە گرنگـی وەردەگیرێـت، فەرمـان.
لە ٢٢ مارت ١٣١١



هەواڵنامەی کێتێ

| BEO. | 000595.044552 | 10 شەوال 1312 |
|---|---|---|


٢٥ مارت ١٣١١
شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ
لـەو تەلەگرافنامەتـان کـە لـە مێـژووی ٢٢ مـارت ١٣١١ بـۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، پشـت بەسـتن بە دوا شـیفرەتان نەقیبـی سـلێمانیە، شـێخ مسـتەفا ئەفەنـدی چۆتـە رانیـە، دوای ئـەوەی کارەکـەی خـۆی بـە رێکوپێکـی ئەنجـام داوە و ئـەو ناکۆکیـەی دروسـت بـووە دایمرکاندۆتـەوە، جێگـەی رێزلێنانـی عالیـە، لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە ئامـۆژگاری کـراوە کـە تەلەگرافـی خـودی خـۆی لـە مێـژووی ٢١ مـارت بـۆ لای ئێـوە بنێرێـت، ئـەو تەلەگرافنامەیـەی بـۆ ناوەخۆ نووسـیوتانە، مەبەسـتەکەی روون نییـە و تێـی نەگەیشـتوون، داواکـراوە کارەکـە بـە رێکوپێکـی چارەسـەر بکرێـت.
بە فەرمانی جەنابی سەدارەتپەناهی.



هەواڵنامەی کتێب

| Y.MTV. | 00141.00063 | 28 زیلقەعدە 1313 |
|---|---|---|

بۆ باش کیتابەتی ما بەینی هومایۆنی جەلیلە
مـاوەی دوو سـاڵە ئاسـایش و ئەمنیەتـی قـەزای رانیـە بـاش نییـە، بۆتـە هـۆکاری رشـتنی خوێنێکـی زۆر، چەندیـن جـار قۆمیسـیۆن دامـەزراوە، لەگـەڵ ئـەوەی کاری باشـی کـردووە و بـە گوێـرەی توانای خۆی هەوڵـی داوە ئاشـتیان بکاتەوە، بـەڵام ئەمجـارە بـۆ ئـەوەی سـەرۆك هۆزەکانـی بلبـاس و خۆشـناو و ئاکـۆ لـە شـوێنێك کـۆ بکرێنـەوە و لـە یەکتریـان نزیـك بکەنـەوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی خەلافەتپەناهـی بڕیاری داوە و بە پشـت بەسـتن بە بڕیـاری دوورخسـتنەوە جەنابـی پاشـا، ئەوانـەی لە قـەزای ناوهاتوو هـۆکاری چەتەیـی و دووبەرەکیـن دوور بخرێنەوە، هـەر ئێسـتا ئـەو مەفرەزەیـەی کـە لـە قـەزای ناوهاتـووە تەلەگرافنامـە لـە قوماندانەکـەی بـە نـاوی میری ئاڵا مسـتەفا نافـز بـەگ وەرگیـراوە، پوختـەی بابەتەکـەش دواتـر رادەگەیەندرێـت، راگەیەنـدراوە فەرمـان، لـە 29 نیسـان 1312.
فەریقی دووەمی ئەرکانی جەنگی و والی موسڵ و قوماندانەکەی فەریق عەبدوڵڵا





DH.ŞFR.00192.00014.001

| DH. ŞFR. | 00192.00014 | 11 زیلحیجه 1313 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە


بەرەبەیان، بۆ ڕێگەگرتن لە چەتەکانی پشدەر و موریدەکانیان لە ئێران، سنوور گیراوە، مەرگە کە سەر بە قەزای رانیەیە لە ناو لیوا مەفرەزەیەکی سەربازی کە لە 80 ئەندام پێك هاتوون نیشتەجێ کراون، ئەمجارە لە سەرۆکی چەتەکانی ناوهاتوو رەسول ئاغا و مەحمود ئاغا لەگەڵ نزیکەی 150 جانەوەریان هەڵگرتووە و بە شەو هێرشیان کردۆتە سەر مەفرەزەکە، لە سەربازەکان 5 کەس بریندار بووە و 4 ژمارە تفەنگ بە دەستیان کەوتووە، ئەم شەڕەی لە لایەن سەربازی شاهانەوە کراوە، لە چەتەکان 10 کەس کوژراوە و لەسەر ئەم ئاماژەیەی کە فەرمانبەری بەندەتان لە مەفرەزەکە ناردوویەتی، لەلایەن قوماندانی هێزی چاودێری میری ئالا مستەفا نافز بەگ تەلەگرافنامەی بە شیفرە وەرگیراوە، تێدا نیشانی داوە شوێنی ڕووداوەکە لە ناوبراو نزیکە لەبەر گرنگی بابەتەکە نووسراوەتەوە ئەمرۆ هێزێکی سەربازی لە 150 ئەندام دەنێردرێت.




هەواڵنامەی کتێب

Y.A.HUS.00351.00102.001


| Y.A.HUS. | 00351.00102 | 28 زیلقەعدە 1313 |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆن<br>٢٨٨٦<br>دوای ئاشت بوونەوەی سەرۆك هۆزەکانی بلباس و خۆشناو و ئاکۆ، لە قەزای رانیە کاری دووبەرەکی و ناکۆکی کۆتایی پێ دێت، بۆ ئەم مەبەستە تەلەگرافنامەی وەکیل و قوماندان جەنابی عەبدوڵلا پاشا والی موسڵ وەرگیراوە، راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە ئەفەندم، لە ٢٨ زیلقەعدە ١٣١٣ و ٢٩ نیسان ١٣١٢.<br>سەدری ئەعزەم | | |


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00392.00094</td><td>12 سەفەر 1313</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٢ سەفەر ١٣١٣<br>٢٢ تەمموز ١٣١١<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>لـە سـانجەقی کەرکـووك کارگێـری قـەزای رانیە لـە حاڵەتێکی زۆر شـپرزە و شـلەژاوە، خەڵکەکـەی کە لـە هۆزگەرایەتی پێـك هاتـوون، زۆربەیـان کۆچیـان کـردووە بۆ ئێران، بەشێکیشـی لەسـەر سـنوور نیشـتەجێ بوونـە، هەروەها لـە نێوان ئەوانـەی لـە نـاو قـەزای ناوهاتـوودان ڕووبەڕووبونـەوە ڕووی داوە، بـۆ چاکسـازی کارگێـری قەزاکـە و ڕێگـە نـەدان لـە ڕوودانـی ڕووبەڕووبوونـەوە لـە نێـوان هـۆزەکان بـە مـۆری ئەمیـن نـووسراو دراوەتـە جەنابـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی، بـە گفتوگـۆ لەلایەن والی پێشـووی موسـڵ جەنابی تاهیر پاشـا نـووسراو وەرگیراوە، وێنـەی دەرچووی هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە لێکۆڵینـەوە جێبەجـێ بکرێـت و ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێـت.</td></tr>
</table>

| DH.MKT. | 00403.00074 | 20 سەفەر 1313 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
٩٣٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم
پشدەریەکان لە قەزاکانی شەهربازار و مەرگە جموجۆڵی سەرپێچی کەرانە ئەنجام دەدەن، ئەو سەرپێچیەی بەم دواییە ئەنجامیان داوە، چەند گوندێکیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، هەر خۆشیان فەرمانبەری دە یەکی (اعشار)یان دامەزراندووە و پارەکە بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە و دەستیان بەسەرداگرتووە، لەسەر ئەم زانیاریانەی کە لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنیش لە ویلایەتی ناوهاتووەوە وەڵام هاتوو، وێنەیەکی تەلەگرافنامەکە کە نێردراوە، دەرکەوتووە تەنانەت حکومەتی ئێرانیش لە پەلامار و کارە سەرپێچیەکانی پشدەریەکان بێزار بووە، بۆیە جموجۆڵی سەربازی ئەنجام بدرێت و دوور بخرێنەوە، هەروەها سەرۆکەکانیان دوور بخرێنەوە یاخود لە سانجەقی سلێمانیەوە دەستگیر بکرێن، لە کاتی چاکسازیشدا ئامۆژگاری پێویستیان پێ بدرێت، تاوەکو کاری لەم شێوەیە ئەنجام نەدەنەوە، دوای نەمانی سەرپێچیەکانیان دوو تابوری سەربازی شاهانە بنێردرێت، لەسەر نووسراوی عالی کە لە مێژووی ٦ سەفەر ١٣١٣ ژمارە ٢٢٤ ئاماژەی پێکردووە، لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکە نووسراو بۆ موشیرەتی جەلیلەی لەشکری همایۆن نووسراوەتەوە، لە بارەی بارودۆخی سەرکەشانە، ئەو تەلەگرافنامەیەی لە موشیرەتی جەلیلەی ناوهاتوو هاتووە، راگەیەندراوە کۆمەڵەی پشدەریەکان کە بە فرۆشتنی چەك و بە چەکی تازەوە پر چەك کراون، هەروەها سانجەقی سلێمانیە لەگەڵ قەزای رانیە و ویلایەتی موسڵ بە گشت شوێنەکانەوە هێشتا جافەکان خەریکی کاری تێکدەرانەن، بۆیە فرقەی ١٢ی هێزی ئامادە بوو، هەر ئێستا بە تەواوەتی سەرقاڵ بن، بە گوێرەی هەواڵی ئەم رووداوەی نێردراوە، ناردنی دوو تابور بۆ سنووری پشدەر هیچ سوودێکی نابێت، پێویستە چاوەڕێی هاتنی موتەسەرفی نوێی سلێمانیە بکرێت، لەگەڵ ئەویش دوای هاتنی والی نوێی ویلایەتی موسڵ، بە تێروانین لەم هەواڵ و زانیاریەی کە لە خۆچێی وەردەگیرێت، ئەو کاتە بە پەلە پێویست دەکات ئامادەکاری کاریگەر ئەنجام بدرێت، بەم شێوەیە بەشێك لەم تێکچوونەی کە روویداوە بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، نووسراو بۆ نەزارەتپەناهی کراوە، لە فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەم بابەتە ئەمرۆ و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ سەفەر ١٣١٣ و ٣٠ تەمموز ١٣١١.
رزا سەر عەسکەر



T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞIVI DAIRE BAŞKANLIĞI (BOA)

DH.MKT 403/74

1

DH.MKT.00403.00074.001

هەولنامەی کتێب



DH.MKT.00405.00018.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00405.00018 | 17 موحەررەم 1313 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
ئەو تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە

لـە نـاو قـەزای رانیـە سـەر بـە کەرکـوك هـۆزی پشـدەری تێـدا دەژیـت، ئەحمـەد بـەگ و فەتاح بـەگ لەگـەڵ ٥٠٠ لە ئەندامەکانـی، هێرشیان کردۆتـە سـەر گوندەکانـی بـاسرە و خـەسران کـە سـەر بـە حەمـە ئاغایـە لەلایـەن یەکێـك لـە زاناکانـی قـەزای کـۆی بـە نـاوی مـەلا عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی بەڕێـوەی دەبـات، لـە ئەنجـام پارەوپـول و کەلوپەلیـان تاڵان کـراوە، حەمـە ئاغـاش بـۆ پاراسـتنی ئـەم گوندانـە تاقمێـك کەسـوکار و هاوەڵانـی کۆکردۆتەوە، لـە کاتی گەیشـتنیان بۆ شـوێنەکە رووبـەرووی یەکتر بوونەتـەوە، لـە خەڵکـی کـۆی سـانجەق ٣ کـەس کـوژراوە و چەنـد کەسـێکیش برینـدار بوونـە، ٣ ماییـنیـش لەناوچـوون، لەسـەر ئـەم هەواڵـە بـۆ نەهێشـتنی ئـەم ئاژاوەیـە و هێورکردنـەوەی بارودۆخەکـە، قائیمقامـی رانیـە بینباشـی لەگـەڵ برێـك سـەربازی شـاهانە بـۆ ناوچەکـە رۆیشـتوون، ئەمـەش بـە ناوچەکـە راگەیەنـدراوە، هەروەهـا راگەیەنـدراوە کـە دەبـێ ئەوانـە تەمبـێ بکرێـن، چونکـە دوو سـاڵە قـەزای کـۆی سـانجەق رسـومات و دەیەکـی مەروماڵاتـی لەناوچـووە، بـۆ چارەسـەرکردنی بارودۆخـی قـەزای رانیـە چارەسـەرێکی بەپەلـە بدۆزرێتـەوە، ئـەم تەلەگرافنامەیـە لـە موتەسـەرفیەتی کەرکـوك هاتـووە، لـە بـارەی هۆزەکانـی رانیـەش هەنـگاو بـە هەنـگاو و لـە کۆتاییـدا لـە مێـژووی ٧ حوزەیـران ١٣١١ ئـەو تەلەگرافنامـە بـە شـیفرانەی کـە پێشکەشـی پایـەی وەکالەتپەناهـی جەلیلـە کـراوە، بـە تێروانیـن لـە نووسراوەکان جێبەجێ کردنی لـە نەزارەتپەناهیـەوە دەبێـت، فەرمان.


لە ٢٨ حوزەیران ١٣١١
عەزیز والی موسڵ




DH.MKT.00421.00070.001

کتێبی هەواڵنامە

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00421.00070</td><td>6 سەفەر 1313</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمارکردن<br>موسڵ/شیفرە<br>حاکمی ساوچبۆلاق لە نێوان ئاغاکاندا گفتوگۆی کردووە و بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێوانیان خەریکە بچێتە لای سەرۆکی هۆزی مەنکور، بۆ ئەم مەبەستەش سوارەی کورد کۆدەکاتەوە، نیشانی داوە کە دەبێ سنوورەکانی رانیە و پشدەر پارێزگاری لێ بکرێت، بۆ ئەمەش لە بابی عالیەوە ئاگاداری دراوەتە لایەنی سەر عەسکەر، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە لە ویلایەتیش ئامۆژگاری دراوە، کە رێگە بۆ سەرهەڵدانی رووداوەکان خۆش نەکرێت.<br>لە ١٧ تەمموز ١٣١١</td></tr>
</table>



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
649 | 48640 - 3

BEO.000649.048640.003

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000649.0486401 | 11 موحەررەم 1313 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە
شـازادە موعین ئەلدەولە لە سـەرۆکایەتی گشـتی حکوومەتی خوی و سـەلماس و سـاوچبۆلاق دامەزراوە، ناوبراو هاتۆتە سـاوچیۆلاق دواتریـش دەچێتـە ئورمیـە، هەروەهـا لـە هۆزەکانـی ئێـران سـەرۆکی هـۆزی مامـش میری ئـاڵای محەمەد ئاغا لەگـەڵ ئاغـای هـۆزی کـۆرەك خـضر ئاغـا و ئاغای هـۆزی مەنکور، بەردەوام لـە نێوانیـان ناکۆکی و شـەڕ هەیە، بۆ ئـارام کردنەوەیـان چەکـداری هـۆزی لەگـەڵ خـۆی بردووە و بـۆ لای مەنکور ڕۆیشـتوون، لە ناو سـانجەقی کەرکووکیش بـۆ پاراسـتنی سـنووری قـەزای رانیـە ئامادەکاری بکرێـت و حاکیمی سەردەشـت لەلایەن سـلێمان ئاغا سـەرۆکی هۆزی نورەددینـی پشـدەر سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانیە دەرکراوە، تـا ئێسـتا بـە رووکـەش هیـچ جموجوڵێکـی سـەربازانی ئێـران نابینرێـت، بـەڵام کۆبوونـەوەی ئەوانـە لـە ٥٠٠٠ کـەس زیاد نـاکات، بێگومـان تا هاتنی وەرزی زسـتان نیشـتەجێ دەبـن، بۆیـە پێویسـتە سـنوور بـە تەواوەتـی بپارێزرێـت، لـە شـەهبەندەری سـاوچبۆلاق ئامـاژەی پێکـراوە، کـە بـە پێویسـت دەزانرێـت سـەرباز بوونـی هەبێت، بە ئاماژەی قائیمقامی رواندز تەلەگرافنامە لە موتەسـەرفیەتی کەرکووك وەرگیـراوە، تێیـدا نووسراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا ئەو زانیاریانەی دەسـت دەکـەون بە ئاماژەی پەرشـوبڵاو راگەیەنـدراوە.
لە ١٨ حوزەیران ١٣١١
عەزیز




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000722.054076 | 9 ڕەجەب 1313 |

٩ ڕەجەب ١٣١٣
١٤ کانوونی یەکەم ١٣١١
بۆ لایەنی سەر عەسکەری والاّ
لەسەر نووسراوی سپاهیداری عالی لە ٢١ شەعبان ١٣١٢ ژمارە ١٤١٠ و وەڵامی ئەو ئاماژەیەی کە لە نەزارەتی دارایی بەهیە هاتووە، هاوپێچ ئەو نووسراوەی لە مێژووی ٢١ جەمادی کۆتایی ١٣١٣ بۆ سەروو نێردراوە، تێدا هاتووە، لە پاشکۆی سانجەقی کەرکوك لە نێوان هۆزەکانی قەزای ڕانیە ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویداوە، لەبەر ئەم هۆکارە دە یەکی ئەم ساڵە داوا نەکراوە، بەهۆی ئەم بارودۆخە بەڕێوەبردنی داهات هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکرێت لەلایەن دانیشتوانەوە دە یەکی باسکراو لەسەر ڕێژەی دوو ساڵ بدرێت، بۆ ئەم گۆڕینە ئاگاداری دراوەتە خۆچێی، لەسەر بارودۆخی ئەم ناوچەیە پاشماوەکانی سەربازی شاهانە بۆ ناحیەکانی شێروان و مزوری دەروات و کارەکە جێبەجێ دەکرێت، لە سەر عەسکەری عالی خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەگەر بێتو پێویست بە دووبارە کردنەوەی بکات، لەسەر نووسرا و ئاماژەی ناوهاتوو هیممەت بکرێت لە ناردنەوەی.

| BEO. | 000778.058317 | 21 زیلقەعدە 1313 |
|---|---|---|


- بابی عالی
ئەنجوومەنی تایبەت
بەپەلەیە
وێنەی بڕیارنامەی مێژووی ٢٣ زیلقەعدە ١٣١٣یە

بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی نێوان هۆزەکانی ڕانیە و بلباس دووبارە بێتەوە بە ڕێگەی داب و نەریتی هۆزگەرایەتیەوە ئاشت بوونەوەیان جێبەجێ بکرێت، بۆیە لە قوماندانی سەربازی شاهانە، میری ئالآ نافز بەگ تەلەگرافنامە وەرگیراو، تێیدا هاتووە؛ بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی بۆ سێیەم جار پێشنیاری ئاشت بوونەوە لە سەرۆکی هۆزی بلباس محەمەد ئەمین ئاغا کراوە، کەچی ئەو قەبوڵی نەکردووە و بە داوەتەکە ڕازی نەبووە، هەروەها ڕاگەیەندراوە بە ڕێگەی زاناکان و شێخەکانی کۆی سانجەقیش سوودی نەبووە و قەبوڵی نەکردووە، لە وەڵامدا میری ناوهاتوو ئاماژەی پێکردووە، تا ئەو فەرمانەی وەردەگیرێت حاڵی حازر هەموو جموجۆڵێك پەکی کەوتووە، جگە لەمە ئەگەر بێتو لەسەر ئەو بوێریەی کە ئەنجامیان داوە بلباسیەکان بە بێ سزا بمێننەوە، ئەوا کارگێری قەزا بە تەواوەتی تێك دەچێت، لەم حالەتەدا دەبێ بلباسیەکان ناچار بکرێن بە ئاشت بوونەوە ڕازی بن و ملکەچ بن، بۆیە سەرۆکەکەیان ئەمین ئاغا لابدرێت و دەست پێشخەری بکرێت لە تەمبێ کردنی هۆزەکە، بۆ ئەم کارەش لە وەکیلی والی موسڵ و قوماندان فەریق عەبدوڵلا پاشا دوو پارچە تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢١ و ٢٢ نیسان ١٣١٢ خوێندراوەتەوە.

بە تێڕوانین لە وێنەی ئاماژە پێکردنەکە پێشەکی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی لە نێوان هۆزەکانی ڕانیە و بلباس ڕوویداوە ١٢٠ کەس کوژراوە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت جارێکی تر ئەم ڕووبەڕووبوونەوە سەرهەڵبداتەوە، ئەوا بە پشت بەستن بە نەریتی هۆزگەرایەتی ئاشت بوونەوەکەی نێوانیان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم ئاشت بوونەوەش فەرمانی پاشای جەنابی پاشای لەسەر دراوە، لەم ڕێگەشەوە ئەو پێشنیار و ئاگاداری و ئامۆژگاریانەی کە نێردراوە و کراوە، بلباسیەکان قەبوڵیان نەکردووە، لەم حالەتەشدا ئاسایشی قەزاکە بەردەوام لە ناو بێ بڕیاری دەمێنێتەوە، هۆزەکانی تریش لەم هۆزانە بوێری وەردەگرن و لە ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا دەست پێشخەری دەکەن، بۆیە بە پێویست زانراوە مۆڵەت بدرێت هەر لایەنێك بە کاری خۆی هەڵسێت و بە گوێرەی شوێنەکە جولە بکرێت، پاشای ناوهاتوو بە تەلەگرافنامە ئاگاداری ناردووە سەلمێنراوە و بە بیریانی هێناوەتەوە، بارودۆخەکە لە ژێر خوێندنەوە دایە.


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
تەلەگراف.....
زۆر بەپەلەیە
تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە

دوێنێ ئەو داواکاریەی کە بە تەلەگراف ڕاگەیەندراوە، محەمەد ئەمین بلباسی لەسەر فەرمانی پاشا بۆ سێیەم جار پێشنیاری ئاشت بوونەوەی لێکراوە، کەچی پێشنیاری ئاشت بوونەوەکەی قەبوڵ نەکردووە و بۆ داوەتەکە نەهاتووە، هەروەها لە زانا و شێخەکانی کۆی سانجەقیش بە ئەرکەکە هەڵساون کەچی سوودی نەبووە، ئێستا میری ئالآی مستەفا نافز بەگ تەلەگرافنامەی بە شیفرە وەرگیراوە و ڕاگەیەندراوە کە ئیتر پێویست بە هەواڵ ناردن ناکات، بۆیە لەگەڵ حکوومەتی خۆجێی بە هاوبەشی جولە دەکرێت، لەم لایەنەوە ئاخۆ ڕووداوێك سەرهەڵدات سەرهەڵدادات هێشتا هیچ شتێك دیار نییە، ئەگەر بوێری ئەوە بکەن چەك بەکار بهێنن، ئەو کاتە لەلایەن جەنابی پاشاوە بە توندی لێیان دەدرێت و دوور دەخرێنەوە، چاوەڕێی وەرگرتنی فەرمان دەکرێت، حاڵی حازر لە وەڵامدا بە میری ناوهاتوو وتراوە کە پێویستە جموجۆڵ بوەستێنرێت، بەڵام ئەگەر بێتو بوێری بلباسیەکان بە بێ سزا بمێنێتەوە ئەوا ئەو کاتە کارگێری قەزاکە بە تەواوەتی لەناودەچێت، لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەخۆ و تەلەگرافی دوێنێ ڕاگەیەندراوە، بە پەلە مۆڵەت بدرێت، پێویستە ڕابگەیەندرێت فەرمان، لە ٢٢ نیسان ١٣١٢.
فەریق عەبدوڵلا قوماندان و والی موسڵ




BEO.000778.058317.002

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000778.058317.003


| 23 شەوال 1314 | 000963.072189 | BEO. |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٦٤٥
بۆ جەنابی عالی لە سەدارەتپەناهیمان
راگەیەندراوی بەندەیە


ساڵی رابردوو مستەفا سالم ئەفەندی قائیمقامی قەزای عەمادیە لە بابەتی حەواڵەکردنی دە یەك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، لە ئەنجام دەرکەوتووە دەستی تێدا نەبووە و هاوبەشی نەکردووە، بەڵام بە پێویست زانراوە لەوێ هەڵگیرێت و نەهێڵدرێت، هەروەها قەزای ناوهاتوو مەرکەزی هۆزە جۆراوجۆرەکانە، بۆیە شوێنەکەی گرنگە، بە جێبەجێ کردنی بریارەکانی یاسایی بینراوە، ناردنی قائیمقام لە دەرسەعادەتەوە سەرکەوتووو نەبووە و ئەوانەی رۆیشتوون لە کارەکەیان سەرکەوتوو نەبوون، چونکە لە ناوچەکە خوی هۆزگەرایەتی زاڵە، جگە لەمە قائیمقامی پێشووی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا زۆر لەمێژیشە لەو قائیمقامانەی ئەرکی وەرگرتووە کارەکەی بە باشی ئەنجام داوە، ئەمرۆش لە وەکالەتی موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانیە کار دەکات، بۆیە لە قائیمقامیەتی باسکراو دامەزرێت، هەروەها قائیمقامی قەزای عەقرەش شەوقی ئەفەندی بەهۆی هەندێك ئاماژەوە مانەوەی لەوێ گونجاو نییە، لە وەکالەتی قائیمقامیەتی رانیەش محەمەد عەلی بەگ کارەکەی بەجێ هێشتووە، لە ناوبراوان مستەفا سالم ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی عەقرە و شەوقی ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی رانیە بگوازرێنەوە، ئەمەش لەم دوو تەلەگرافنامەی کە لە ویلایەتی موسڵ دەرچووە ئاماژەی پێکراوە، قەزای عەمادیە لە چینی یەکەم و قەزایەکانی عەقرە و رانیە لە چینی سێیەم ناوبراوان مستەفا سالم ئەفەندی و شەوقی ئەفەندی لەم چینە هەڵبژێردراون، ئەگەرچی عەبدوڵڵا پاشا هەڵبژێردراو نییە، بەڵام تا ئێستا لەو قائیمقامانەی کە ئەرکی وەرگرتووە، بە تێروانین لە ماوەکەی، لە باشی بەرێوەبردن بروانامەی وەرگرتووە، تەنیا لە تۆمارەکان دەرکەوتووە کاتێك کە لە قائیمقامیەتی هەولێر بووە، ئەحمەد کوچك و چەتەکانی تر هێرشیان کردە سەر یەکەی کارگێری ئەملاکی هومایۆنی شەمامك، جێگای نووستنی بۆ دابین کردوون و لەسەر ئاماژەی والی پێشوو لە کارەکەی جیابۆتەوە، لەلایەکی تر قائیمقامیەتی قەزای عەمادیە کە لە چینی یەکەمە، کەسێك نییە لە چینی سێیەم و دەرچووی مەکتەبی مولکیەی شاهانە ئارەزووی کارەکە بکات، بەڵام لە ویلایەت راگەیەندراوە عەبدوڵڵا پاشا بەهۆی لێهاتووی و تواناکەی، هەروەها لە موتەسەرفیەت بە وەکالەت کاری کردووە، لەسەر ئەم ئاماژە پێکردنە ناوبراو لە قائیمقامیەتی باسکراو دامەزرێت و مستەفا سالم ئەفەندی لە قائیمقامیەتی عەقرە و شەوقی ئەفەندیش بۆ قائیمقامیەتی رانیە ئەرکەکەیان بگوازرێتەوە، هاوپێچ لیستی چاکسازی بە ماددەی سێیەم و تەلەگرافنامەکانی باسکراو پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی بە هاوکاری وەکالەتپەناهی بەستراوەتەوە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ زیلقەعدە ١٣١٤ و لە ١٢ نیسان ١٣١٣.
نازری کاروباری ناوەخۆ

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
ئەو تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە

سەبارەت بە گواستنەوە و گۆرینەوەی قائیمقامی قەزاکانی عەمادیە و عەقرە و رانیە، هێشتا تەلەگرافی داواکاری مێژووی ٨ شوبات ١٣١٢ جێبەجێ نەکراوە، هەروەها هەندێك لە قائیمقامی قەزاکانی ناوهاتوو ئاگاداری ئەم گۆرینەوە بوونە و هەواڵیان بۆ رۆیشتووە، تا لە شوێن خۆیان لە کارەکەیان بمێننەوە دانیشتوان هان دەدەن، زووتر دەستیان بە کار کردووە و دەستیان بە بەرزکردنەوەی دەنگی هاندان و دەربرینی نارەزایی دانیشتوان کردووە، ئەمەش لێرە دەبێتە نموونەی خراپ بۆ ئەوانی تر، لەسەر راگەیەندراوی پێشوو بەپەلە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەمەش تکا دەکەین فەرمان و ئاماژە بە تەلەگرافنامە دەربچێت، فەرمان، لە ١٥ مارت ١٣١٣.
زوهدی





BEO.000963.072189.003




BEO.000963.072189.006

هەواڵنامەی کتێب


I.DH 1334/1313.Z/32
51


İ.DH.01334

هەواڵنامەی کتێب

| 6 زیلحیجە 1313 | 01334.000051 | I.DH. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٠٠٩
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە

عەلـی عاکـف ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـەروج لەسـەر ویسـتی خـۆی دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە، بـۆ شـوێنی ناوبـراو لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی حەلـەب بریارنامـە نێـردراوە و ئامـاژەی پێکـراوە کـە قائیمقامـی پێشـووی لیوانـە حوسـێن بـەگ دابمەزرێـت، بـەڵام حوسـێن بـەگ لـە هەڵبژێـردراوەکان نییـە، بۆیـە لـە چینـی سـێیەم سـەبری ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە، لـە قائیمقامیەتـی ناوبـراو دابمەزرێـت، چونکـە لەگـەڵ ئاووهـەوای قـەزای رانیـە ئاوێتـە نابێـت و لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە نـووسراو ئامـاژەی پێکـراوە کـە ناوبـراو بـۆ شـوێنێکی تـر بگوازرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران بریارنامـە رێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە، فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، هـاوکاری لـە وەکالەتپەناهیـەوە دەبێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٦ زیلحیجە ١٣١٣ و لە ٧ مایس ١٣١٢
نازری کاروباری ناوەخۆ


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

TÉLÉGRAMME

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.

OSMANLI ARŞİVİ

DH.ŞFR

205 125


DH.ŞFR.00205.00125.001

هەواڵنامەی کتێب

| 23 شەوال 1314 | 00205.00125 | DH. ŞFR. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لـە بـارەی گۆڕینـەوەی ئەرکـی قائیمقامەکانـی قەزاکانـی عەمادییـە و عەقـرە و رانیـە، لـە ٨ شـوبات ١٣١٢ تـا ئێسـتا بـە تەلەگـراف داواکاری نەهاتـووە، بـەڵام هەندێـك لـە قائیمقامـی قـەزا ناوهاتـووەکان بـەم زانیاریەیـان زانیـوە، بۆیـە بـۆ مانەوەیـان لـە دانیشـتوان داواکاری کۆدەکەنـەوە، پێـش وەختـە دەسـتیان بـە کار کـردووە، ئـەم کارەش لێـرە دەبێتـە نموونەیەکـی خـراپ بـە گوێـرەی ئامـاژەی پێشـوو پەلـە بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی و تـکا دەکرێـت تەلەگرافنامـەی بـە ئەمـر و فەرمـان بنێردرێـت، فەرمـان، لـە ١٥ مـارت ١٣١٣.
زوهدی والی موسڵ




BEO.000858.064285.003

هەواڵنامەی کێژ

| BEO. | 000858.064285 | 11 جەمادی یەکەم 1314 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی داد و مەزهەبەکان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
٥٦٦
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەیە

لـە نێـوان هۆزەکانـی ڕانیـە شـەڕ و کووشـتن و تـاڵان کردنـی پارەوپـول و کەلوپـەل ڕووی داوە، بـە بـاش زانـراوە کـە بـە ڕێگـەی سـوڵحەوە داواکاریـەکان چارەسـەر بکرێـن، ئەمـەش بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی جێبەجـێ کردنـی بـە بـاش زانـراوە، لـە تەلەگرافنامـەی مێـژووی ١١ کانوونـی دووەم ١٣١٠ لەگـەڵ سـەدری ئەعزەمـی جەنابـی سـەدارەتپەناهیمان ئەمـر و فەرمـان دەرچـووە، ئەگەرچـی لـە حکوومەتـی خۆچێـی گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، بـەڵام لـەم بابەتـەدا بـۆ یـەك ڕۆژیـش بێـت لایەنـی داد زانیـاری نەبـووە، لـە بـارەی مامەڵەکـە لـە داواکاری گشـتی ئیسـتینافی بەغـداد بـە نـووسراوی مێـژووی ٢٦ ئۆغسـتۆس ١٣١٢ پـرس و ڕا کـراوە، سـەبارەت بـە داواکاری هۆزەکانـی ناوهاتـوو بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی تاجـدار ئـاگاداری دەدرێتـە نەزارەتـی عاجیزانـە کـە کارەکـە بـە سـوڵح چارەسـەر بکرێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١١ جەمادی یەکەم ١٣١٤ و لە ٧ تشرینی یەکەم ١٣١٢
نازری داد



BEO.000901.067553.002

هەواڵنامەی کێبر

| BEO. | 000901.067553 | 17 شەعبان 1314 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٤٣٨١
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە

سەبارەت بەو ناکۆکیەی لە نێوان هۆزەکانی بلباس و مامش روویداوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرمانبەرانی ئێران لێکۆڵینەوەی هاوبەش ئەنجام بدرێت، بە ئەرك سەربازی شاهانە بۆ رانیە نێردراوە و دراوەتە ئیسماعیل فازڵ بەگ قائیمقامی سەربازی شاهانە، کە لە موازەنەی ساڵی ٣٠٩ تۆمار کراوە و رێکخستنەکەی هەژمار کراوە، لە مێژووی ١٧ مایس ١٣٠٩ بە ئاماژەی جەنابی پاشای فەخامەتپەناهی ٥٠٠٠ قوروش رێکخراوە، پشت بەستن بە رەشنووسی باسکراو لە موازەنەی ئەم ساڵەدا دەکرێت و لە رێکخستنی باسکراودا، ئەگەر بێتو ساڵی زیاتر هەژمار بکرێت ئەوا فەرمانی نەزارەتی دارایی جەلیلە بە ووتەی ژمێریاری رادەگەیەندرێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٧ شەعبان ١٣١٤ و لە ٨ کانوونی دووەم ١٣١٢
نازری کاروباری ناوەخۆ

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000926.069432 | 25 شەوال 1314 |
|---|---|---|

- بابی عالی
فەرمانگەی دەرەوە
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٢٨٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندە
خەریکـە ١٠٠٠ فرانـك خەرجـی پۆلیسـی نهێنـی خـەرج دەکرێـت، بۆیە بە پەلـە بە تەلەگرافێکـی روون بریاری لەسـەر بدرێـت، هەروەهـا عاسـم بـەگ شـەهبەندەری قەرەکـوداچ تەلەگرافنامەیەکـی لـە رانیـە وەرگیـراوە، لـەم بابەتـەدا لەو وەڵامەی کە لە باڵیۆزخانەی بەلگراد هاتووە و هەروەها بۆ ناردنی هەواڵ و زانیاری تەواوی سەر سنووری رانیە لەلایەن پۆلیسـی نهێنیـەوە، ئـەو خەرجیەی داواکراوە پێویسـتە بدرێتە ناوبراو ئـەو تەلەگرافنامەیەی لە مێـژووی ٢٦ مارت ١٢٩٧ ژمـارە ٥٣ وەرگیـراوە، بـە هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە و جێبەجـێ کردنی بـە فەرمانـی پەیوەندیدارانی سـەدارەت دەبێت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات، لە ٢٣ شـەوال ١٣١٤ و لە ١٥ مـارت ١٣١٣.
نازری دەرەوە و ....

- بابی عالی
نەزارەتی کاروباری دەرەوە
ژووری وەرگێران
لە نەزارەتی دەرەوە بە مێژووی ٢٦ مارت ١٢٩٧ لە باڵیۆزخانەی بەلگراد تەلەگرافنامەی ژمارە ٥٣ وەرگێردراوە
تەلەگرافنامەی ژمارە ٤٧ ی سەروو بردراوە
هەروەهـا لـە بـارەی گشـت ئـەو تایبەتمەندییانـەی کـە لـە سـنووری رانیـە روویـداوە، پۆلیسـی نهێنـی زانیاری تـەواوی بـۆ ئێمـە ناردووە، بۆیـە لـەم بروایـەدام ئـەو بـرە خەرجیـەی کـە بـۆ ئەرکـی پۆلیسـی نهێنـی داوای کـردووە، بـە پەلـە بریـاری دابیـن کردنـی دەردەچێت.





BEO.000926.069432.002





BEO.000926.069432.003

هەواڵنامەی کتێب



DH.ŞFR.00211.00043.001




DH.ŞFR.00211.00043.001

کتێبی هەواڵنامە

| DH. ŞFR. | 00211.00043 | 2 سەفەر 1315 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی نا وەخۆی جەلیلە


لـە بـارەی قائیمقامەکانـی عەمادیـە و عەقـرە و رانیـە، تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ٨ شـوبات ١٣١٢ هاتـووە، لـە تەلەگرافنامەکـە ئامـاژەی پێکـراوە، هێشـتا ئەوانـە لـە ژێـر کارگێریەکـی خـراپ دەژیـن و لـە قـەزای رانیـە ئـەم سـاڵە کۆکردنـەوەی باجـی سـەر مەڕ بە شـێوەیەکی خراپ کۆکراوەتـەوە، لەبەر ئەمە بریکاری قائیمقام لەگـەڵ بەڕێوەبەری دارایـی لـە کارەکەیـان دوورخراونەتـەوە، بـە ڕێگـەی فەرمانبەرانیـش لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دراوە، ئـەم گۆڕانکاریـە بـە بەڵگـەوە بـووە، هـەر سـەرپێچیەك لـە قەزاکانـی تریـش ڕوو بـدات، پێویسـتە بنێردرێـت، ڕامگەیانـدووە فەرمـان.




هەوالنامەی کتێب

| BEO. | 001050.078693 | 12 رەجەب 1315 |
| --- | --- | --- |


١٢ رەجەب ١٣١٥
٢٥ تشرینی دووەم ١٣١٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە/ نوسراو
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە، وەلیەددیـن ئەفەنـدی دادەمەزرێـت، کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە جیابۆتـەوە، لـە مێژووی ٩ رەبیعی کۆتایـی ١٣١٥ ژمارە ٢٣١٧ نـووسراوی دەوڵەت دەرچووە و لەسـەر ئـەم نووسراوەیـە بـە بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولکیـە بە ڕەزامەنـدی لە مێـژووی ٩ ڕەجـەب ١٣١٥ جەنابی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمـان فەرموویەتـی جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا بـە تێڕوانیـن لـە نـووسراوی وەرگێـڕدراوی بـاری کەسـێتی ناوبـراو، دوورخسـتنەوەی لـە ئەرکـی قـەزای سـەڵاحیە، لەسـەر هەندێـك سـکاڵا و سـەرپێچی بـووە، بـە مـاوەی دوو سـاڵ سـزاکەی بـە کراوەیـی ماوەتـەوە، لەبـەر ئـەو سـکاڵایانەی کـە کـراوە، بـە پێویسـت نەزانـراوە بدرێتـە دادگا، لـە فەرمانگـەی شـورای دەوڵـەت بـە بڕیارنامـە ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا لـەو ئەرکانـەی کـە پێشـووتر خزمەتـی کـردووە، تـا ئێسـتا سـکاڵای لەسـەر تۆمـار نەکـراوە، لەبـەر ئـەوەی ئەمـە یەکـەم جـارە سـکاڵای لەسـەر تۆمـار دەکرێـت، لـە کاتـی دووبارەبوونـەوەی نابێـت جارێکـی تـر ئەرکـی پـێ بدرێتـەوە، بـۆ ئاگادارکردنـەوە و شـیکردنەوەی بابەتەکـە، لـە قۆمیسـیۆن نـووسراو بـۆ ناوبـراو کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.



هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 001050.078744 | 14 ڕەجەب 1315 |
|---|---|---|

١٤ ڕەجەب ١٣١٥
٢٧ تشرینی دووەم ١٣١٣
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
نـاسر ئاغا لـە کـۆی سـانجەق و لەگـەڵ دە یەکـی ڕووبـاری خەسرانـی قـەزای ڕانیـە و داهاتـی هاوینـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی نەمـاوە، لـە بـارەی دابیـن کردنـی بـۆ شـێخ مەعـروف ئەفەنـدی لـە ویلایەتـی موسـڵ نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە نێـردراوە، لەگەڵ نـووسراوی مێـژووی ٧ ڕەجـەب ١٣١٥ ژمـارە ٣٥٠٨ بەیەکـەوە بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001124.084293</td><td>23 زیلحیجه 1315</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ زیلحیجه ١٣١٥<br>٣ مایس ١٣١٤<br>بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە<br>خالید بەگ بریکاری بازرگانی روسجون و حامی بەگ شەهبەندەری رانیە ئەرکەکەیان دەگۆردرێتەوە، لەسەر نووسراوی ٢٢ زیلقەعدە ١٣١٥ ژمارە ٣٨٤ و بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ١٨ زیلحیجە ١٣١٥ جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی پاشا رەزامەندی داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 20 جەمادی کۆتایی 1315 | 01351.000054 | I.DH. |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
١٧٤٣
جەنابی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە بـێ قائیمقامـە، بۆیـە وەلیەددیـن ئەفەنـدی دابمەزرێـت کـە لـە قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە جیابۆتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە لەگـەڵ بریارنامـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە رێکخـراوە و بەیەکـەوە پێشـکەش بکرێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی خەلافەتپەناهـی هـەر چییـەک بفەرمووێـت ئـەوا جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراوی بەپەلـە کـراوە ئەفەنـدم، لـە ٢٠ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٥ و لـە ٤ تشرینـی دووەم ١٣١٣.
سەدری ئەعزەم



BEO.001170.087718.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>0001170.087718</td><td>15 ڕەبیعی یەکەم 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی تۆمارکردن<br>ژمارە ١٨٦٤<br>بۆ جەنابی عالی لە سەدارەتپەناهیمان<br>ڕاگەیەندراوی بەندە<br>بـە ناردنـی خشـتەی هەژمـاری سـاڵی ٣١٠ ی تەممـوز و ئۆغستۆسـی ویلایەتـی موسـڵ، قائیمقامـی ڕانیـە محەمـەد سـەبری ئەفەنـدی و قائیمقامـی شـەهربازار محەمـەد شـەوقی ئەفەنـدی خەرجـی ڕێگایان هەیـە، تێدا تۆمار کـراوە، ٤٣٢٠ خەرجی هاتن و ڕۆیشـتنی لەلایەنی حکوومەت ڕێکخراوە، بە فەرمانی پاشـای جەنابی پاشا بۆ دەرسـەعادەت هێـنراوە، لـە مابەینـی هومایۆنـی ملوکانـەی بـاش کیتابەتـی جەلیلەش بە شـوێن خـۆی ڕاگەیەنـدراوە، کە لەم سـاڵەدا خشـتەی مـارت و نیسـان و مایسـی محەمـەد سـەعید ئەفەندی نـەوەی کاکە شـێخ ئەحمـەد ئەفەندی نێـردراوە، ئەو هەژمـارەی تۆمار کـراوە پێـک دێـت لـە ١٣٢٤٩، هەروەهـا شـێخی ناوبـراو لـە سـلێمانیەوە تـا کەرکووك وەکـو کرێی ئاژەڵەکانـی سـاڵی ٣١١ کانوونـی دووەم، ئـەو هەژمارەی کـە نێردراوە و تۆمار کـراوە ٢١٤ قوروش بـە کۆکراوەیی ٧٧٨٣ قـوروش لـە موازەنـەی سـاڵەکاندا شـوێنگرەوەی نییـە، بـە گفتوگـۆ بـە خۆچێـی ڕاگەیەنـدراوە، هەروەها سـاڵی ٣١٠ و ٣١١ خەرجـی ڕێـگا و ئەوانـەی ڕێکخـراوە دوای دابیـن کردنـی هیچـی نەماوەتـەوە، لەم پارە باسـکراوانەدا لـە ١٧٥٦٩ قوروشـدا، ٣١٠ و ٢١٤ قـوروش لـە موازەنـەی سـاڵی ٣١١ لـە بەشـی مەرکـەزدا لـە بەشـی ڕۆژانـەی میوانـەکان تۆمار کـراوە، ئـەوەی ماوەتـەوە جێبەجـێ کردنـی هەژمارەکـەی بە ووتـەی نەزارەتـی ژمێریاری مۆڵـەت دراوە، لـەم بابەتەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمان دەردەکات، لـە ٨ ڕەبیعی یەکـەم ١٣١٦ و لە ١٥ تەممـوز ١٣١٤.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02093.00123.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 02093.00123 | 3 ڕەبیعی یەکەم 1316 |

٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٦
٩ ئۆغستۆس ١٣١٤
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
دووبـارە وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە لـە کۆکردنـەوەی باجـی میـری دەسـتی بـە جولـەی نەشـیاو کـردووە، موختـاری هەندێـك لە ناوچەکان کـە ناویان هاتووە، بە واژووەکانیان لە مەرکەزی کۆی سـانجەق بۆ نەزارەتی دادی جەلیلـە تەلەگرافنامەیـان نـاردووە، لـە مێـژووی ١٨ تەممـوز ١٣١٤ ژمـارە ٥٦٩ نـووسراو لەگـەڵ تەلەگرافنامەکـە نێـردراوە، بـە سـەیرکردن لـە بابەتەکـە لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت و بە پەلـە جێبەجـێ بکرێـت و رابگەیەندرێت.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MKT
2103 | 11


DH.MKT.02103.00011.001

هەوالنامەی کتێب

| 21 ڕەبیعی کۆتایی 1316 | 02103.00011 | DH.MKT. |
|---|---|---|


٢١ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٦
٢٧ ئۆغستۆس ١٣١٤
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە

لەبـەر هەڵسـوکەوتی نەشـیاوی وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی ڕانیـە، خەڵکـی خۆچێـی دووچـاری نەهامەتـی بوونەتـەوە و لەبـەر ووتـەی خەڵـك نیـاز وایـە لـە ئەرکەکـەی لابدرێـت، لـە مەرکـەزی کـۆی سـانجەق بـە واژووی زۆرینـە، وێنەیەکـی تەلەگرافنامەکە لەگەڵ نـووسراوی نەزارەتی دادی جەلیلە لە مێژووی ٣٠ تەمموز ١٣١٤ ژمارە ١٤٣ نێـردراوە، لەبـەر گرنگـی و تێروانینـی وورد لـە بابەتەکە، دوای لێکۆڵینـەوە بەپەلە جێبەجێ بکرێـت و ڕابگەیەندرێت.





| DH.MKT. | 02103.00117 | 21 ڕەبیعی کۆتایی 1316 |
|---|---|---|

٢١ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٦
٢٧ ئۆغستۆس ١٣١٤
بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی عالییە
هێلەکانی تەلەگراف لە کۆی سانجەق بۆ قەزای مەعمورەی حەمیدیە درێژ دەکرێنەوە، جگە لەمە ئەو هێلەی بۆ مەرکەزی قەزای رانیە دەروات بە ڕووبەری نیو کاتژمێر بچووك دەکرێتەوە، لەلایەکی تر لە قەزای ناوهاتوو تەلەگرافخانەیەك دادەمەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنی لە ویلایەتی موسڵ نووسراو لە مێژووی ٣٠ نیسان ١٣١٤ وەرگیراوە، لەگەڵ نووسراوی عاجیزانە نێردراوە، بۆ بەپەلە جێبەجێ کردنی، ئەمجارە لە مێژووی ٢٣ تەممووز ١٣١٤ ژمارە ٧٨ نووسراوی دووپاتکردنەوە لە ویلایەتی ناوهاتوو هاتووە، هاوپێچ پێشکەش کرا، جێبەجێ بکرێت و هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی.




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02147.00075</td><td>28 رەجەب 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٨ رەجەب ١٣١٦<br>٣٠ تشرینی دووەم ١٣١٤<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>بـۆ نۆژەنکردنـەوەی قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای رانیـە، ١٤٠٠ قـوروش دابینـکراوە، لە مارتـی ٣١٣ تا کۆتایـی کانوونی یەکـەم قـەزای ناوهاتـوو بـە وەکالـەت بەڕێوەبـردراوە، بۆیـە مۆڵـەت دراوە لە مووچـەی قائیمقامیـەت ٥٩٠١ قوروش خـەرج بکرێـت، ئەمـە لە نـووسراوی مێژووی ٨ تشرینـی یەکـەم ١٣١٤ ژمارە ١٢٥ ئامـاژەی پێکـراوە، هەروەها مۆڵەت دراوە ١٤٠٠ قوروشـی ناوهاتوو لە ناوەخۆ خەرج بکرێت، لە موازەنەی سـاڵی ٣١٤ لە ویلایەتی جەلیلە نۆژەنکردنەوە ڕێکخـراوە، کـە تێیـدا ئاماژە بـە ١٧١٨٦ قـوروش کـراوە، ئەگـەر ڕێـژەی دابینـکراو بـە تەواوەتـی خـەرج کرابێـت، لـە مووچـەی ئـەم سـاڵە لەگـەڵ ڕۆژانـی خالـی کە خەرجـی نەبـووە، جێبەجـێ دەکرێـت، چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشـی پەیوەسـتە بە ووتەی نەزارەتی ژمێریاری، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسـەیە کە فەرمان دەردەکات.<br><br>نووسراو دراوەتە ژمێریاری</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| 3 سەفەر 1317 | 02210.00007 | DH.MKT. |
|---|---|---|


٣ سەفەر ١٣١٧
٣١ مایس ١٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵی عالی
وەلیەددیــن ئەفەنــدی قائیمقامــی قــەزای رانیــە بەهــۆی دوژمنایەتــی کردنــی، لەلایــەن فەرمانبەرانــی مولکیــەی خۆچێــی لەگــەڵ ئەفســەرانی تابــوری رەدیــف دەرکــراوە، لــە مێــژووی ١٨ مایــس ١٣١٥ نــووسراوی ســەر عەســکەر لەگــەڵ دوو پارچــە تەلەگرافنامــەی هاوپێــچ رۆیشــتووە، بــە تێروانیــن لــە بابەتەکــە بــە لێکۆڵینــەوە دەردەکەوێــت، راســتی بابەتەکــە چییــە، هیممــەت بکرێــت لــە راگەیاندنــی و جێبەجــێ کردنــی.


هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02292.00041.001

| 29 شەعبان 1317 | 02292.00041 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |


٢٩ شەعبان ١٣١٧
٢٠ کانوونی یەکەم ١٣١٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێك کاروکردەوە و جموجوڵی وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی رانیە و نائیبەکەی عەبدوڵلا ئەفەندی کراوە، لە ئەنجام بە پێویست زانراوە بدرێنە دادگا، نووسراو لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی داواکاری گشتی بەرز کراوەتەوە، لەگەڵ کاغەزی لێکۆڵینەوە نێردراوە، لە ویلایەتی موسڵی عالیە نووسراو لە مێژووی ١٥ تشرینی دووەم ١٣١٥ ژمارە ٨٣ لە شورای دەوڵەتەوە بە مەبەستی ووردبینی بە هاوپێچ پێشکەشی جەنابی عالی وەکالەتپەناهی کراوە.




DH.MKT.02368.00111.001

| DH.MKT. | 02368.00111 | 6 رەبیعی یەکەم 1318 |
|---|---|---|

٦ رەبیعی یەکەم ١٣١٨
٢٠ حوزەیران ١٣١٦
بۆ نەزارەتی دارایی عالی
نەزیـف بـەگ قائیمقامـی پێشـووی رانیـە، وەکـو دیـاری پاشـا لـە دارایـی موسـڵ ٥٠٠٠ قوروشـی بـۆ رێکخـراوە، لـە داهاتـی ناوەخـۆی سـاڵی ٣٠٧ هەژمـار کـراوە، پێشـەکی لـە خەزینـەی جەلیلـە رێکخـراوە و نێـردراوە، حەواڵەنامە بۆ ویلایەتـی ناوهاتـوو نێـردراوە، لەسـەر ئـەو سـەنەدەی نێـردراوە کـە لـە پشـتی ئاماژەی پێکـراوە، بـڕە پـارەی ناوهاتوو لـە لێکۆڵینـەوەی ئەم سـاڵی خەزینەی جەلیلە لـە مێـژووی ١٠ کانوونـی دووەم ١٣٠٩ کەمکراوەتەوە، لەسـەر دووبارە بوونـەوەی لێکۆڵینـەوەی ئەم بابەتە لەگەڵ ناردنەوەی وێنەی باسـکراو، لـە مێژووی ٢ حوزەیـران ١٣١٤ نووسراوەتەوە، لـەم بابەتـەدا هێشـتا وەڵام نەهاتـووە، بـە ووتـەی ژمێریـاری چۆنیەتەکـەی دووپاتکراوەتـەوە، پەلـەی لێکـراوە.





DH.MKT.02415.00040.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02415.00040 | 22 جەمادی کۆتایی 1318 |
| --- | --- | --- |

٢٢ جەمادی کۆتایی ١٣١٨
٤ تشرینی یەکەم ١٣١٦
بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی عالییە
ئەگـەر پێویسـت بـکات و بـۆ کارەکـە سـوودی هەبێـت، بـە ڕێگـەی باجەکانـەوە لـە مەرکـەزی قـەزای ڕانیـە تەلەگرافخانەیـەك دابمەزرێـت و بونیـاد بنرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئـەو بڕیارنامەیـەی کـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێڕی سـانجەقی کەرکوکـەوە هاتـووە، هەروەهـا لەبـەر گرنگـی شـوێنی جوگرافـی قـەزای ناوهاتـوو پێویسـتە لـەوێ مەرکەزێکـی تەلەگـراف دروسـت بکرێـت، نـووسراوی مێـژووی ٢٦ ئۆغسـتۆس ١٣١٦ ژمـارە ٥٩ کـە لـە ویلایەتـی موسـڵی عالـی هاتـووە هاوپێـچ بـۆ سـەروو نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی و ڕابگەیەندرێـت.



DH.MKT.02442.00062.001

هەواڵنامەی کێژ

| DH.MKT. | 02442.00063 | 2 ڕەمەزان 1318 |
|---|---|---|

٢ ڕەمەزان ١٣١٨


١١ کانوونی یەکەم ١٣١٦

بۆ ویلایەتی موسڵی عالییە


مێـژووی ٢٦ ئۆغسـتۆس ١٣١٦ ژمـارە ٥٩ وەڵامـی نـووسراوی عالییـە، بـۆ درێژکردنـەوەی هێڵـی قـەزای ڕانیـە کـە لـە مەرکـەز دەردەچێـت، ئـەو کەلوپەلانـەی لـە ئەوروپـاوە دەهێنرێـت، بـە ڕێگـەی ووشـکایی و دەریایـی دەگوازرێتەوە و دابـەش دەکرێـت، هەروەهـا باجەکانیـان ١٦٠٧ فرانـك، ٢٧ سـانتیم لەگـەڵ ٧٣١٩ قـوروش هەروەهـا مووچـە و گشـت خەرجیەکانـی سـاڵانەی مەرکـەز ١٥٥ فرانـك لەگـەڵ ١٢٤٣٠ قـوروش خـەرج بکرێـت، لـەم حاڵەتـەدا دوای لێکۆڵینـەوە لـەم ڕێـژە دیاریکـراوەدا، مەحاڵـە لـە ناوەخـۆ دابیـن بکرێـت، هەرچـی خـەرج کردنـی ئاقچـەی بـێ بەرامبـەرە، ئـەوا بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی قەدەغەیـە، هەروەهـا داهاتـی دابینکـراوی باسـکراو لـە کاتـی تۆمارکردنـی لـە بودجـەدا ئـەوا لـە کاتـی ڕێکخسـتنی دەرکەوتـووە موازەنـە بەرگـەی ئەمـە ناگرێـت، بـۆ درێژکردنـەوەی هێڵـی ناوهاتـوو بـە گوێـرەی ڕووبەرەکـەی پێویسـتە ئەنجـام بدرێـت، بـە گفتوگـۆ لـە وەڵامـدا لـە مێـژووی ٢٨ تشرینـی دووەم ١٣١٦ ژمـارە ٦٠٣ نـووسراو لـە نەزارەتـی تەلەگـراف و پۆسـتەی عالـی نووسراوەتـەوە.

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02446.00079 | 6 شەوال 1318 |
| --- | --- | --- |
| ٦ شەوال ١٣١٨<br>١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٦<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالییە<br>مێـژووی ١٥ تشرینـی دووەم ١٣١٦ ژمـارە ٨٣ وەڵامـی نـووسراوی عالیـە: قائیمقامـی قـەزای رانیـە وەلیەددیـن ئەفەنـدی دوور خراوەتـەوە و بـە بڕیـاری شـورای دەوڵـەت بـە مۆڵەتـی فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی دادگایـی دەکرێـت، چونکـە مامەڵـەی بـاج و مەڕومـاڵات و دە یـەك هەروەهـا گشـت تایبەتمەندییەکانی تـر گومانیان لەسـەرە کـە بـە خراپـی بـەکاری هێنـاوە، جگـە لەمـە لەگـەڵ فەتـاح ئەفەنـدی کاتیبـی بـاج و عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی فەرمانبـەری مەڕومـاڵات بـە گشـتی هاوبەشـی تاوانەکـەن، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا ئـەو فەرمانبەرانـەی کارەکانیـان پـێ نەسـپێردراوە و بەشـدارن لـە کارەکـە، ئـەوا مامەڵـەی یاسـاییان لـە سـەر جێبەجـێ دەکرێـت، ویلایەتـی عالییـە ئـاگادار کراوەتـەوە، قائیمقامـی ناوهاتـووش بۆ ماوەیـەك دەفتـەری مەڕوماڵاتـی حەواڵە کـردووە و بەبـێ پەسـەند کـراوی ماوەتـەوە، لەگـەڵ خـودی خـۆی ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە لەلایـەن بەڕێوەبـەری دارایـی و ئەمینـی سـندوق نێـردراون، لەلایـەن بەگـی مەفرەزەی سـوارەی ئێسـتر دەسـت بەسـەر کـراون، لـە بەرامبەر ئـەو کـردارەدا پروپاگەنـدەی ئـەوە کـراوە کـە ئەوانـە پـێ درێژیـان کـردووە، بـەم شـێوەیە بیـروڕای خـراپ لەسـەر جەنابـی ملوکانـە دروسـت دەبێـت، هەروەهـا کارگێـری قەزایەکیش لەلایـەن قائیمقامێکـی ئـاوا خـراپ بەڕێوەبچێت، دەسـتگیرکردنی گشـت فەرمانبەرانـی دژی ڕەزامەنـدی عالـی و بـە بڕیـاری یاسـایی پێچەوانـەی یاسـایە، لـە بـارەی ناوبـراوان لێکۆڵینـەوەی پێویسـت جێبەجـێ بکرێـت، بە گوێـرەی حاڵەتەکـە ڕوون دەبێتـەوە چ مامەڵەیەکی یاسـایی جێبەجـێ بکرێـت، بـۆ ئەمـەش ئـەو بابەتانـەی کـە لەلایـەن قائیمقامـەوە بەسـەر واڵای سـەر عەسـکەریمان و نائیبـی قـەزای ناوهاتـوو عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی سـاغ بۆتـەوە، دەرکەوتـووە دادگایـی کردنـی نائیبـی ناوهاتـوو هیـچ لـە شـوێن خۆیـدا نییـە، بـەڵام مانـەوەی لـە قـەزای ناوهاتـووش بـە گوێـرەی بەرژەوەنـدی گونجـاو نییـە، مـاوەی نیزامـی ناوهاتـوو خەریکـە تـەواو دەبێـت، پێویسـتە لـە قەزایەکـی تـر وەکـو نائیـب دەسـت بـە ئەرکەکـەی بکات، لـە پایەی عالـی مەشـیخەتپەناهی نـووسراو بـۆ شـورای دەوڵـەت کـراوە، دوای گفتوگـۆ لـە مەشـیخەتی ناوهاتـوو لەگـەڵ سـەر عەسـکەری ناوهاتـوو ئامـاژە بـە چۆنیەتـی کارەکە کراوە، لـە مێـژووی ٢٩ تشرینـی دووەم ١٣١٦ ژمـارە ٢٩٨٠ نوسراوی سـەدری ئەعـزەم نووسراوەتـەوە و کاغەزەکانـی لێکۆڵینـەوەش نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |





DH.MKT.02446.00079.001




DH.MKT.02446.00079.001

كتێبی هەواڵنامە




هەواڵنامەی کتێب

Y.PRK.UM.00055.00035.001

| 29 ڕەبیعی یەکەم 1319 | 00055.00035 | Y.PRK.UM. |
|---|---|---|


کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
شیفرەی ویلایەتی موسڵ
لەبـەر ئـەوەی سـەید ئەفەنـدی بـە وەکالەت لە قائیمقامیەتـی رانیە دامـەزراوە، مـاوەی مانگێکە لە قەزاکانـی رانیە و کۆی سـانجەق هۆزەکان کۆبوونەتەوە، لەسـەر ئامادەکاری کاریگەر گەڕاونەتەوە شـوێنەکانی خۆیان، لەم بابەتەدا ئەو کێشـە گەورەیـەی کـە سـەرهەڵدەدات بـە خۆچێـی وتراوە، لە مـاوەی چەنـد رۆژێکدا بەرگـری کردن لەلایـەن جەنابی شـەهریاریەوە بووە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە رووداوانە لەوێ روو نەدەن، ئاگاداری دراوەتە خۆچێی راگەیەندراوە فەرمان.
لە ٢ ئۆغستۆس ١٣١٧
نازم والی موسڵ



İ.HUS.00089.00037.001

| I.HUS. | 00089.00037 | 23 ڕەبیعی یەکەم 1319 |
|---|---|---|

کۆشکی یلدزی همایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
٢٠٦٦
وەکیلی قائیمقامی قەزای رانیە سەید ئەحمەد ئەفەندی گوێ لە ئامۆژگاری ناگرێت و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دەورووبەری خۆی کۆی کردونەتەوە خەریکی سەرپێچییە، یەك گوندی سووتاندووە و هەموو مەروماڵاتی تاڵان و خانووەکانی وێران کردووە، هەروەها ٦٠ کەسی کوشتوە، بە ئاماژەی موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی همایۆن بە سەر عەسکەری واڵا راگەیەندراوە، هەر ئێستا ناوبراوان دەستگیر بکرێن و ئەو سەرپێچیانەی کە کردوویانە بە گوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و بدرێنە دادگا، بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩ و لە ٢٧ حوزەیران ١٣١٧
جەنابی جەنابی شەهریاری سەر کاتیب


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00114.00033</td><td>15 شەعبان 1319</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٥ شەعبان ١٣١٩<br>١٣ تشرینی دووەم ١٣١٧<br>بۆ ویلایەتی موسڵی عالییە<br>قـادر رانیەیـی لەگـەڵ هاورێکانـی رێگەیـان لـە سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی وەکیلـی قائیمقامـی رانیـە و حەفیـد شـێخ مەعـروف ئەفەنـدی لـە رەچەڵەکـی بەرزنجیـەکان گرتـووە و بـە چـەگ رێگریـان لێیـان کـردووە، هەروەهـا دووچـاری سـووکایەتی بوونەتـەوە و لـە نێوانیـان رووبەڕووبوونـەوە روویـداوە، وای بـۆ دەچـن کـە لەلایەنی ئێرانیش هەندێـك لـە ئەندامەکانیـان بچنـە پاڵیانـەوە، پێویسـتە ئـەم هۆکارانـە نەهێڵـن کـە دەبێتـە هـۆکاری تێپەڕبوونیـان، بۆیـە ئـاگاداری پێویسـت دراوەتـە باڵیۆزخانـەی ئێـران، بـە راگەیاندنـی کاری پێشـوەخت ئەنجـام دراوە، فەرمانـی پێویسـت بـۆ شـوێنەکان نێـردراوە، بـە راپـۆرت لـە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە ئـاگاداری دەرکـراوە، ئـەم نـووسراوەی کـە لـە نەزارەتـی دەرەوەی جەلیلـە دەرچـووە، جگـە لـە والا بەپەلـە مامەڵەکـە لـە قۆمیسـیۆن جێبەجـێ بکرێـت.</td></tr>
</table>

| Y.PRK.ASK. | 00173.00092 | 12 جەمادی یەکەم 1319 |
|---|---|---|

- پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمارکردن
تایبەتی
لەبەر زوڵم و سەرپێچیەکانی سەید ئەحمەد وەکیلی قائیمقامی قەزای رانیە، شێخ بزێنیەکان لەگەڵ هەندێك لە هۆزەکان بەیەکەوە دووبارە بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر رانیە، بۆ پەرشوبڵاوکردنەوەی کۆمەڵەکەیان و جێگیرکردنی ئاسایشی خۆجێی، ئاسانکاری بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان کراوە، هەروەها هێزێکی گونجاو پێویستە بنێردرێت، بۆیە تەلەگرافنامە لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی همایۆن هاتووە و لە مێژووی ٢١ رەبیعی کۆتایی ١٣١٩ نووسراوی تایبەتی بە جەنابی خەلافەتپەناهی راگەیەندراوە، کە توندرەوەکانی شێخ بزێنی بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری و گوندەکانی دەوروبەر، بە هەمان شێوە لە خۆجێی راگەیەندراوە کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئەسپ سوار و پیادە لە دەوریان کۆبوونەتەوە و هاتوونەتە ئەم دەوروبەرە، دواتر لە گوندێك بە ناوی ساری چەم (ساری چەم) لەگەڵ هێزی پاڵپشت و مەفرەزەی ئێستر سوار رووبەرووبوونەوە روویداوە، لە ئێستر سوارەکان یەك کەس بە ئاژەڵەکەیەوە بریندار بووە، لە چەتەکانیش ٣ کوژراو و ٤ بریندار هەیە، لە بارەی زانیاری تێروتەسەل ئەمجارە لە پایەی موشیری ناوهاتوو تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەی دەرچووی بە گشتگیری عالی فەرموویەتی هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، هەروەها زانیاری دەدرێتە بابی عالیش، لەبەر ئەوەی بە ئاسایی دانراوە، پەلە لە راگەیاندنەکەی لێکراوە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەفەندیمە.
لە ١٢ جەمادی یەکەم ١٣١٩ و لە ١٣ ئۆغستۆس ١٣١٧
رزا سەر عەسکەر

- پایەی سەرعەسکەر
قەڵەمی تۆمارکردن
تایبەتی
وێنەی تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە پایەی موشیرەتی لەشکری شەشەمی همایۆن لە مێژووی ١٢ ئۆغستۆس ١٣١٧ دەرچووە
لەبەر ئەوەی دانیشتوانی شارۆچکەی کۆپری و گوندەکانی دەوروبەری لە مەسەلەی رانیە و کۆی سانجەق بەشداریان لە کاری چەتەییەکە نەکردووە، توندرەوەکانی شێخ بزێنی بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر خەڵکی هەژار و زەرەروزیانیان پێ بگەیەنن، کۆمەڵێکی زۆر لە سوار و پیادەیان لە دەوروبەری خۆیان کۆکردۆتەوە و هاتوونەتە شوێنەکە، بە هاتنی ئەم هەواڵە تابوری ئاغا لەگەڵ قوماندانەکەی و مەفرەزەی پۆلیسی پاراستن بۆ ئەم کارە رەوان کراوە، وەکو پاڵپشت مەفرەزەیەکی ئیستر سوار کە لە ٣٠ سوار پێك دێت رەوانی رێگەی ئاڵتون کۆپری کراوە، مەفرەزەی ناوهاتووش لە گوندی ساری چەم (ساری چەم) رووبەرووی چەتەی ناوهاتوو بوونەتەوە، بە رێکەوت چەکیان بەرامبەر سەربازەکان بەکار هێناوە، لە ئێستر سوارەکان یەك کەس لەگەڵ ئێسترەکەی بریندار بوونە، هەروەها ئاژەڵێکی پۆلیسی پاراستنیان کوشتووە، هەروەها ئەم شەرە کە دوو کاتژمێر و نیوی خایاندووە لە چەتەکان ٣ کوژراو و ٤ بریندار هەیە، جگە لەمە ١٢ کەسیش بە زیندوویی دەستگیرکراون، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم کومەڵەیە زیاد بێت، بۆیە هێزێك لە ٦٠ پیادە چوونەتە کۆپری، تەلەگرافنامەی بە شیفرە لە وەکالەتی قوماندانیەتی فرقەی ١٢ لە مێژووی ٩ ئۆغستۆس ١٣١٧ هاتووە، ئاماژە پێکردنەکەی و جێبەجێ کردنەکەشی بۆ ویلایەتی موسڵ دەنووسرێتەوە، لەگەڵ نووسینەوەی زانیاری رادەگەیەندرێت.





Y.PRK.ASK.00173.00092.001




Y.PRK.ASK.00173.00092.002


هەواڵنامەی کتێب




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH. ŞFR. | 00263.00018 | 21 ڕەبیعی کۆتایی 1319 |

بۆ نەزارەتی  ناوەخۆی جەلیلە
یەکـەم و دوا ڕاگەیەنـدراوی بەندەمـان کـە ڕاگەیەنـدراوە، دەرکەوتـووە لـە ڕووداوەکانـی ڕانیـە هەندێـك لـە هۆزەکانـی لای ئێرانیـش کۆبوونەوەیـان کـردووە و بیرۆکـەی ئەوەیـان هەیـە هێـرش بکەنە سـەر ئەندامانـی جەلیلە، بـۆ پەرشـوبڵاوکردنەوەی ئەمانـەش مەفرەزەیەکـی نیزامیـە ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە، لە سـەر ئاماژەی موتەسـەرفیەتی کەرکـووك، هـەر ئێسـتا مەفرەزەکـە بەهێـز بکرێـت و بـۆ ئاشـتکردنەوەی نێـوان ئـەم دوو هـۆزە، ڕێگـە نەدرێـت ڕووبەڕووبوونـەوە ڕوو بـدات، بۆیـە هـەر ئێسـتا قوماندانـی فرقـەی نیزامیـەی همایۆنـی کەرکـووك دەسـت بـە کار بێـت، بـە گوێـرەی ئامادەکاری خۆچێـی ئامـادەکاری بەپەلـە بکرێـت و هـەردوو کۆمەڵـە پەرشـوبڵاوبکرێنەوە، لـە وەڵامـدا بـۆ موتەسـەرفیەتی ناوهاتـوو نووسراوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی ڕێگـە نەدرێـت ئەندامـان و هـۆزەکان لەلایەنـی ئێرانـەوە بپەڕنـەوە ئـەم لایـە، ئـاگاداری دراوەتـە باڵیۆزخانـەی ئێـران، بـۆ ئەمـەش تـکا کـراوە نەزارەتپەناهـی هـاوکار بێـت، لـە بـارەی هـۆکاری سـەرهەڵدانی زانیـاری تێروتەسـەل وەربگیرێـت و ئەنجامەکـەی ڕابگەیەندرێـت، فەرمـان.
٢٥ تەمموز ١٣١٧
نازم والی موسڵ



DH.ŞFR.00263.00050.001


| 28 ڕەبیعی کۆتایی 1319 | 00263.00050 | DH. ŞFR. |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

هـەر خـۆی لـە خۆیـدا لـە نێـوان هۆزەکانـدا ناکۆکـی و ڕووبەڕووبوونەوە هەبـووە، کە سـەید ئەحمـەد ئەفەندیش لە وەکالەتـی قائیمقامـی ڕانیـە دامـەزراوە، ئـەم مەسـەلەیە زیـادی کـردووە و پەرەی سـەندووە، لـەم حالەتەدا بـەردەوام بوونی ئەم ناکۆکیە لە نێوان هۆزەکانی ئیسـلامی گونجاو نییە، بۆ ئاشـت کردنەوەی نێوانیان و پاراسـتنی دانیشـتوانی گوندنشـینەکان ئامـادەکاری پێویسـت جێبەجـێ کـراوە، ئـەم ناکۆکـی و دوژمنایەتیـەی لـە نێـوان هەمەوەنـدەکان و هـۆزی شـێخ بزێنـی هەیـە، جەنابـی خەلافەتپەناهـی خـۆی هەسـتاوە بـە ئاشـت کردنـەوەی نێوانیـان، لە مەسـەلەی شـێخ ئەحمەدیـش لـە قـەزای ڕانیـە کۆبوونـەوەی ئەنجام داوە، بەشـێکی گرنگـی ئەم هۆزانـە بە گشـتی گەڕاونەتەوە شـوێنی خۆیـان، لەسـەر ئـەم بابەتـە جەنابـی پاشـا خۆشـحاڵە کـە لـەم ڕۆژانـەدا ئاسایشـی قەزاکانـی کـۆی سـانجەق و ڕانیـە جێگیـر بـووە و بـە تەواوەتـی گەڕاوەتـەوە دۆخـی جارانـی، زانیـاری یـەك مانـگ ڕاگەیەنـدراوە، فەرمـان.

لە ١ ئۆغستۆس ١٣١٧


نازم والی موسڵ



DH.ŞFR.00263.00059.001

| DH. ŞFR. | 00263.00059 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1319 |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی بـە وەکالـەت لـە قائیمقامیەتـی رانیـە دامـەزراوە، لەبـەر ئەم هـۆکارەوە مـاوەی مانگێکە هـۆزەکان لـە قەزاکانـی رانیە و کۆی سـانجەق کۆبوونەتەوە، لەسـەر ئامـادەکاری کاریگـەر بە تەواوەتـی گەڕاونەتەوە شـوێنەکانی خۆیـان، هەروەهـا بـە ناوچەکانیـان ڕاگەیەنـدراوە کـە مەسـەلەیەکی گـەورە دروسـت دەبێـت، مـاوەی چەنـد ڕۆژێکـە جەنابـی پاشـا بەرگـری کـردووە، ئـەم جـۆرە ڕووداوانـە کـە لـەوێ روویـداوە، بـۆ ئـەوەی هـۆکاری سـەرهەڵدانی بنبـڕ بکرێـت و ڕێگـە لـە ڕوودانـی بگریـن، هـەواڵ بـۆ خۆچێـی ڕۆیشـتووە، ڕاگەیەنـدراوە فەرمـان.
٢ ئۆغستۆس ١٣١٧
نازم والی موسڵ




DH.ŞFR.00264.00114.001

| DH. ŞFR. | 00264.00114 | 3 جەمادی کۆتایی 1319 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
موسیوی دانیمارکی بە ناوی بەنە دیقسەن مامۆستای خانەی هونەری، بە لێکۆڵینەوەی سەر زارەکەی لەسەر نامەی باڵیۆزخانەی ئێران هاتۆتە قەزای مەعمورەی حەمیدیە، ویستویەتی لەوێش بچێتە کۆی سانجەق و رانیە، لەسەر راگەیاندنی خۆچێی ناوبراو رایگەیاندووە بە مەبەستی گەشت کردن دەروات، لەگەڵ ئەمەش رێگە نادرێت بە بێ وەستان لەم شوێنانە بسورێتەوە، بۆیە بە زمانێکی گونجاو تێبیگەیەندرێت ئەو شوێنانەی کە لێی دەسورێتەوە پارێزگاری لەگەڵ بێت و ئەو کەسانەی کە بە پەرشوبڵاوی دەیانبینێت رەزامەندی عالی لەسەر نەبێت و جموجۆلی نابەجێی ببینرێت یەکسەر رابگەیەندرێت، بە هاوەڵی ٣ ژاندارمە و ئەفسەرێکی چالاك و ئامادەکراو کە خوێندنەوە و نووسین بزانێت بنێردرێت، لە وەڵامدا بە قائیمقامیەت راگەیەندراوە، زانیاری یەك مانگ راگەیەندراوە، فەرمان.
٤ ئەیلوول ١٣١٧
نازم والی موسڵ



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 13 شەعبان 1318 | 001595.119590 | BEO. |

١٣ شەعبان ١٣١٨
٢٣ تشرینی دووەم ١٣١٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
نووسراو


لـە مێـژووی ٢٩ شـەعبان ١٣١٧ ژمـارە ٤٣٦٣ لەسـەر نـووسراوی دەوڵـەت و بـە بڕیـاری شـورای دەوڵـەت، جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی داوە، وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ڕانیـە دوورخراوەتەوە و دراوەتـە دادگا، کاغـەزی لێکۆڵینەوەکانیشـی بـۆ دەوڵـەت نێردراوەتـەوە، ناوبـراو لـە بـەر مامەڵـەی باجـی مەڕومـاڵات و دە یـەك هەروەهـا لەسـەر کاری خـراپ گومانـی لەسـەرە، لەگـەڵ کاتیبەکـەی فەتـاح ئەفەنـدی و فەرمانبـەری مەڕومـاڵات عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی و گشـت ئەوانـەی لـە تاوانەکـە هاوبەشـن، بـە فەرمانـی پاشا مامەڵـەی یاسـاییان لەسـەر جێبەجـێ دەکرێـت، ئەمـەش بـە ڕەزامەنـدی ویلایـەت دەکرێـت، بـە ئـاگادار کردنـەوەی ویلایەتـی موسـڵ دەفتـەری مەڕومـاڵات، کـە لـە لای قائیمقامـی ناوهاتـووە ماوەیـەك حەواڵـە بکرێـت و بەبـێ پەسـەند کـردن بمێنێتـەوە، جگـە لەمـە لەگـەڵ خـۆی بەڕێوەبـەری دارایـی و ئەمینـی سـندوق کـە لەلایەن مەفـرەزەی ئەفسـەری ئێسـتر سـوار دەسـت بەسـەر کـراون، ئەرکەکەیـان بگوازرێتـەوە، بـە ڕەزامەنـدی عالـی و بڕیـاری یاسـایی دەسـت بـە سـەر کردنـی قائیمقـام و ئەرکانـی قـەزا و گشـت فەرمانبـەران بـەم شـێوەیە نایاسـاییە، هەروەهـا نائیبی قـەزای ناوهاتـوو عەبدوڵـڵا ئەفەندیـش کـە لەلایـەن قائیمقامـی ناوهاتـوو بابەتـی خراوەتـە پاڵیـەوە کاریگـەری خـۆی هەیـە، بـەم تێڕوانینـە نائیبـی ناوهاتـوو دادگای ناکرێـت، مانەوەشـی لـە قـەزای ناوهاتـوو گونجـاو نییـە، ناوبـراو خەریکـە مـاوەی نیزامـی خـۆی تـەواو دەکات، گواسـتنەوەی بـۆ نائیبـی قەزایەکـی تـر پێویسـتە، نـووسراو بـۆ پایـەی موشـیخەتپەناهی واڵا کـراوە، لـە نووسراوەکانـی شـورای دەوڵەتیـش بـە ئاماژەی موشـیخەتی ناوهاتـوو و سـەر عەسـکەری ناوهاتـوو چۆنیەتـی کارەکـە ڕوون کراوەتـەوە، لـە ویلایەتیـش نـووسراوی ئـاگاداری بنێردرێـت.

| BEO. | 001688.126531 | 26 رەبیعی کۆتایی 1319 |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی مامەڵەی بە پەلە
ژمارە ٢٢١٧
بۆ جەنابی عالی جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەیە

سەید ئەحمەد ئەفەندی وەکیلی قائیمقامی رانیە گوێ لە ئامۆژگاری ناگرێت و ئەم کەسانەی کە لە لای خۆی کۆی کردوونەتەوە، لەگەڵ یەك بەردەوامن لە سەرپێچی و هێرشیان کردۆتە سەر گوندێك، ئەم گوندەیان سووتاندووە و بە تەواوەتی مەڕومالات و کەلوپەلیان تالان کردووە، هەروەها ٦٠ کەسیان کوشتووە، بە ئاماژەی موشیرەتی جەلیلە لەلایەن والای سەر عەسکەر راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەر هێستا ناوبراو دەستگیر بکرێت و بە گوێرەی یاساش لەسەر ئەو سەرپێچی و زوڵمەی کە کردوویەتی دادگایی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی لەسەر نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی دەرچووە، ئاگاداری دراوەتە ویلایەت، کە کاری پێویست بکرێت تا بدرێتە دادگا و لەسەر ئەم فەرمانەی کە لە وەکالەتی موشیرەتی ناوهاتوو دراوەتە قوماندانی فرقە لەلایەن سەربازیەوە دەست پێشخەری کراوە لە دەستگیرکردنی ئەحمەد ئەفەندی، بەڵام نەتوانراوە دەستگیر بکرێت، دەرکەوتووە لەم شەڕەی کە کراوە ٦٠ کەس نەمردووە، بەڵکو لە هەردوو لایەن ١٨ کەس مردووە و ١٠ برینداریش هەیە، لەم رووداوەدا قادر رانیەیی لەگەڵ هاورێکانی سەید ئەحمەدی ئەفەندی و حەفید شێخ مەعروف ئەفەندی لە ساداتی بەرزنجی بە چەك رێگایان گرتوون و لەوێ و لە کۆی سانجەق جۆرەها سوکایەتیان پێ کردوون، لەم کاتەی کە بە پێویست زانراوە ئەحمەد ئەفەندی و قادر و هاورێکانی پەرشوبڵاوبکرێنەوە، کەچی بە پێچەوانەوە ١٥٠٠ کەسیان کۆکردۆتەوە و هێزێکیان دروست کردووە، لە وەکالەتی ناوهاتووەوە تەنیا ئەحمەد ئەفەندی خراوەتە ژێر چاودێری و بەدواداچوونەوە، لە بارەی ئەوانی تر بیرورای دژی یەك هەیە، جگە لەمە لە کاتی دووبارە کردنەوەی رووداوەکان ئەوا قادر و هاورێکانی کە پێك هاتووە لە محەمەد سەرۆکی هۆزی پشتکلی لەگەڵ رێکخەری راستەقینەی رووداوەکە حەمە ئاغا و رەسول ئاغای کۆی سانجەق دەستگیر دەکرێن، لەگەڵ ئەحمەد ئاغا بەیەکەوە لە کەرکووك دادگایی دەکرێن و مامەڵەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت، بۆ دەستگیرکردن و رادەست کردنیشیان هەواڵ دراوەتە موشیری ناوهاتوو، بەم شێوەیە لە بارەی هەردوو لاوە مامەڵەی یەکسان ئەنجام بدرێت، رێگە نەدرێت رووداوی نابەجێ روو بدات، لەلایەکی تر بە هاتنی ئەمانە بۆ کەرکووك، ئەحمەد ئەفەندیش دێت، بۆ رێگەگرتن لە رووبەرووبوونەوە لەلایەنی سەربازیەوە بینباشی سلێمان ئەفەندی نێردراوە، دوای گەیشتنی ناوبراویش بە بوونی شایەتحاڵەکان لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ کاغەزی گرنگ بە پۆستە دەنێردرێت، بەهۆی ئەم رووداوانەوە لە وەکالەتی ویلایەتی موسڵ هەندێك هۆز کۆبوونەوەیان کردووە و لە ئێرانیش ئەندامیان هێناوە، بیرۆکەی هێرش کردنیان هەیە، هەروەها بۆ پەرشوبڵاوکردنەوەی ئەمانە بە موتەسەرفیەتی کەرکووك راگەیەندراوە کە ئەو مەفرەزە نیزامیەی ئەم ئەرکەیان پێدراوە کەمن، بۆ زیاد کردن و بەهێز کردنی مەفرەزەکە شتێك نەکرێت پێچەوانەی یاسای عالی بێت، بە قوماندانیەتی نیزامیە و ئامادەکاری پێویست بکرێت بۆ پەرشوبڵاوکردنەوەی هەردوو کۆمەڵە بۆ موتەسەرفیەت نووسراو کراوە، بە راگەیاندنی بۆ رێگەگرتن لە هاتنی ئەندامانی ئەم هۆزانە لەلایەنی ئێرانەوە، ئەوا ئاگاداری لە ویلایەتی ناوهاتوو دراوە تا ئاگاداری بدرێتە باڵیۆزخانەی ئێران، جگە لەمە بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکەش لە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە ئاگاداری دەرچووە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٤ رەبیعی کۆتایی ١٣١٩ و لە ٢٨ تەمموز ١٣١٧.

نازری کاروباری ناوەخۆ




BEO.001688.126531.002





BEO.001709.128161.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001709.128161 | 10 جەمادی یەکەم 1319 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی تۆمارکردن
بۆ لایەنی والآی سەر عەسکەر
جەنابی ئەفەندم
توندرەوەکانی بزێنی دوو سێ مانگ پێش ئێستا کاری چەتەییان لە قەزاکانی رانیە و کۆی سانجەق ئەنجام داوە، ئەمجارە بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت بە هاوبەشی کارەکە بکەن، چونکە هەواڵ هاتووە توندرەوەکانی بزێنی لەگەڵ دانیشتوانی گوندی دەوروبەر دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر دانیشتوانی شارۆچکەی کۆپری، ئەگەرچی ئامۆژگاری پێویست دراوە، بەڵام قەبوڵیان نەکردووە، لە کاتی رووبەرووبوونەوە لە چەتەکان ٣یان کوژراوە و ٤یشی بریندار بوونە هەروەها ١٢شیان بە زیندوویی دەستگیر کراون، ئەوەی ماوەش چاودێری دەکرێن، جگە لەمە ئامۆژگاری کاریگەر و پێویست دراوەتە سەرۆکی توندرەوەکان و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکرێت کە گوایە لە رووبەرووبوونەوەکە ناچار بوونە چەك بەکار بهێنن، بۆ ئەمەش ئامادەکاری پێویست ئەنجام دەدرێت، ئەو ئەفسەرەی کە لە لایەنی سەربازیەوە دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەم ئەفسەرە بۆ شوێنی مەبەست بڕۆن، بۆ ئەمەش ئاگاداری دراوەتە موتەسەرفی کەرکووك، بە تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە و ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە، لە سەر عەسکەری والآشدا جێبەجێ دەکرێت، فەرمانی ئەفەندیمە.





هەواڵنامەی کتێب

| 20 رەجەب 1319 | 001741.130531 | BEO. |
|---|---|---|

٢٠ رەجەب ١٣١٩
٢٠ تشرینی یەکەم ١٣١٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە

ئـەو کاتـەی بابـا رەسـول زادە سـەید ئەحمـەد زاوای شـێخ کاك سـەعید ئەفەنـدی خەڵکـی سـلێمانیە، کـە لـە قائیمقامیەتـی رانیـەدا بـووە، گومانـی لەسـەر بـووە، بۆیـە لـە رووی تاوانـەوە مافـی تاکە کەسـی لەسـەر مـاوە، بەڵام داوای کـردووە لەبـەر مافـی گشـتی ناوبـراو و هاوەڵانی لێبووردنی گشـتی بیانگرێتەوە، بۆ جێبەجـێ کردنی مامەڵەی پێویسـت بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی جێبەجـێ دەکرێت، سـەبارەت بە نـووسراوی بـاش کیتابەتی جەلیلـەی مابەینـی هومایـۆن نووسراوەتـەوە، چۆنیەتـی ئەنجامدانـی کارەکـەش لـە سـەرۆکایەتی شـورای دەوڵەتـی جەلیلـە ئامـاژەی پێکـراوە، بـە ووتـەی ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی شـاهانە هیممـەت بکرێـت لە جێبەجـێ کردنی.



OSMANLI ARŞİVİ
BEO

BEO.001819.136355.002

| BEO. | 001819.136355 | 9 زیلحیجه 1319 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە
ژمارە ١٢
ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی ملوکانـە جێبەجـێ کـراوە، قائیمقامـی قـەزای رانیـە وەلیەددیـن ئەفەنـدی لەبـەر کارە خراپەکانـی دوورخراوەتـەوە و دراوەتـە دادگا، لـە ئەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـەش ئاسـف ئەفەنـدی هەڵبژێـردراوە کـە ناوبـراو لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زێبـار دوورخراوەتـەوە، هـەر چەنـدە کاغـەزی وەرگێـردراوی زانیـاری کەسـێتی تۆمارنەکـراوە، بـەڵام لـە دوا ئەرکەکەیـدا لەسـەر ئـەو سـکاڵایانەی کـە لەسـەری تۆمـار کـراوە جیابۆتـەوە، بۆیـە بـە بریارنامـەی مێـژووی ٢٩ کانوونـی دووەم ١٣١٣ راگەیەنـدراوە و بڵاوبۆتـەوە، بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە کەسـێکی گونجـاوی تـر هەڵبژێردرێـت. ئەمجـارە لـە نەزارەتـی ناوهاتـووەوە بـە پێشـکەش کردنـی نـووسراو لـە مێـژووی ٢٤ شـوبات ١٣١٣ ژمارە ٥٦٣٢ حەواڵـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە کـراوە، بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە مولازیمـی چینـی سـێیەم وەردەگیرێـت، لـە بەتلیـس قائیمقامـی پێشـووی چەپاقچـور حەمـزە ئەفەنـدی هەڵبژێـردراو لـە چینـی سـێیەم دامەزراندنـی نیشـان دراوە، هەروەهـا ناوبـراو لـە چینـی سـێیەم هەڵبژاردننامـەی قائیمقامیەتـی وەرگرتـووە، بـەڵام بـە تێروانیـن لـە وەرگێرانـی زانیـاری بـاری کەسـێتی حەمـزە ئەفەنـدی لـە مـاوەی چـوار سـاڵ لـە دوو قـەزا ئەرکـی قائیمقامیەتـی وەرگرتـووە، لـە یەکەمیـان لەبـەر لێنەهاتوویـی و دووەمیـان لەبـەر بەرێوەبردنێکـی خـراپ ٩ سـاڵ پێـش ئێسـتا جیابۆتـەوە، بـەم حالەتـەوە بەکارهێنانـەوەی ناوبـراو لـە قائیمقامیەتـی تـر گونجـاو نییـە، بـە دۆزینـەوەی ئەرکێکـی گونجـاو کـە لـە توانـای ئـەو بێـت، بـۆ قائیمقامیەتـی رانیـەش کەسـێکی گونجـاوی تـر هەڵبژێردرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە نەزارەتـی ناوهاتـووەوە نـووسراو حەواڵە کـراوە، لە نـوسراوی ناوهاتـوو هاوپێچەکانی نێردراوەتـەوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٩ زیلحیجە ١٣١٩ و لە ٦ مارت ١٣١٨

کتێبی هەواڵنامە





DH.MKT.02510.00014.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02510.00014 | 27 رەبیعی یەکەم 1319 |
| --- | --- | --- |

٢٧ رەبیعی یەکەم ١٣١٩
١ تەمموز ١٣١٧
بۆ ویلایەتی موسڵی عالی
ئەحمەد ئەفەندی بریکاری قائیمقامی رانیە لە مامەڵەی سکاڵاکانی لەگەڵ هەندێك ووتە بە حەوت واژوو هاتۆتە نەزارەتی دارایی جەلیلە، لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٧ حوزەیران ١٣١٧ ژمارە ٢٨١ رەوان کراوە. هەروەها لە بارەی زوڵم و سەرپێچی ناوهاتوو تەلەگرافنامە لە نەزارەتی عاجیزانە دەرچووە، بۆ سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە دوای لێکۆڵینەوە بە گوێرەی حاڵەتەکە جێبەجێ بکرێت و لە ئەنجامەکەشی زانیاری بدرێت، جگە لەمەش بە تۆمار دەرکەوتووە قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو لە ژێر دەسەڵاتی وەلیەددین ئەفەندییە، بۆیە لە بارەی هۆکاری بوونی ناوبراو لە شوێنەکە و وێنەی دەست لە کار کێشانەوەی راگەیەندراوی بەپەلە کراوە.





هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02538.00125.001

| DH.MKT. | 02538.00125 | 18 جەمادی كۆتایی 1319 |
|---|---|---|

١٨ جەمادی كۆتایی ١٣١٩
١٨ ئەیلوول ١٣١٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
باپیـری خوالێخۆشـبووم سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی، لـە قـەزای كـۆی سـانجەق و لـە قـەزای رانیـە داهـات و دە یەكی سـەوزەومیوەی رووبـاری هاوینـەی دراوەتـە شـێخ مەعـروف ئەفەنـدی لـەم بارەیـەوە لـە پایـەی ویلایەتـی موسـڵ پێشـەكی نـووسراو هاتـووە لـە مێـژووی ٢٠ تشرینـی دووەم ١٣١٣ لەگـەڵ نووسراوی بەندە پێشـكەش كراوە، تا ئێسـتا لـەم بارەیـەوە هیـچ فەرمان و ئاماژەیەك دەرنەچـووە، ئەمجارەش چۆنیەتی كارەكە لە ویلایەتی ناوهاتـوو وەرگیراوە و هاوپێـچ پێشـكەش كـراوە، لە مێژووی ٧ ئەیلوولـی ١٣١٧ ژمارە ٣٣ نووسراوی دووپاتكردنـەوە هاتووە، جێبەجێ كردنی ئـەم كارە بـە هـاوكاری خدێوانـە دەبێـت، لـەم بابەتە ئەمر و فەرمـان بۆ جەنابی ئەو كەسـەیە كە فەرمـان دەردەكات.





DH.MKT.02562.00106.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02562.00106 | 17 شەعبان 1319 |
|---|---|---|

١٧ شەعبان ١٣١٩
١٥ تشرینی دووەم ١٣١٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
رزا ئەفەنـدی بـۆ مـاوەی سـاڵێك وەكـو فەرمانبـەری ناسـنامە لـە قـەزای رانیـە بە رێكوپێكـی كارەكـەی ئەنجـام داوە، بـەڵام دواتـر لەگـەڵ كەشـوهەوای ئـەوێ نەگونجـاوە و بـە لێبـووردن جیابۆتـەوە، لە سـەرەتای سـاڵی ٣٠٣ لـە تۆماری ناسـنامەی سـانجەقی كەركـووك دامـەزراوە، ئەگەرچـی ئەمـرۆ لـە ئەركەكـەی بەردەوامـە، بـەڵام مووچەكـەی بەشـی خێزانەكـەی و بەشـی بژێـوی ژیانـی نـاكات، بۆیە لەلایـەن رزا ئەفەنـدی كاتبی ناسـنامە داواكراوە لـە ویلایەتی بەهیە ئەركـی ناسـنامەی لیوایەكـی پـێ بدرێـت و دابمەزرێـت و لەلایـەن كاتبـی ناسـنامەی لیـوای ناوهاتـوو رزا ئەفەنـدی داواكاری نێـردراوە، لـە كیتابەتـی ناوهاتـووش لـە ژێـر دەسـتی ئەمیـن ئەفەندییـە، سـەبارەت بـە دامەزراندنـی رزا ئەفەنـدی بـە تۆمـار زانیـاری نییـە، بۆیـە سـەیری بابەتەكـەی دەكرێـت، جگـە لەمـە دامەزراندنـی ناوبـراو مامەڵەكە حەواڵـەی تۆمـاری ناسـنامە كـراوە، لـە كارگێـری گشـتی قسـەی لەسـەر كـراوە، جێبەجـێ بكرێـت و رابگەیەندرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02588.00025 | 5 رەبیعی یەکەم 1319 |
|---|---|---|

٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٩
٣١ کانوونی دووەم ١٣١٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

ئـەو کاتـەی بابـا رەسـول زادە سـەید ئەحمـەد ئەفەنـدی زاوای جەنابـی شـێخ کاك سـەعید ئەفەنـدی سـلێمانیە کـە لـە قائیمقامیەتـی رانیـە بـووە، جێـگای گومـان بـووە، بۆیـە لـەو تاوانانـەی کـە کردوویەتـی بـە مەرجـی مانـەوەی مافـی کەسـێتی، ناوبـراو و هاوەڵانـی لـە مافـی گشـتی لێبووردنیـان بـۆ دەردەچێـت، بـۆ ئەمـەش مامەڵەی پێویسـت بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی جێبەجـێ دەکرێـت، لەسـەر ئـەو ئاگاداریـەی پێشـووتر هاتـووە، بریارنامـە لـە فەرمانگـەی مولکیـەی شـورای دەوڵـەت دراوە، لـە بـارەی جێبەجـێ کردنیشـی بـە نـووسراوی ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی شـاهانە، سـەروو ئـاگادار کراوەتـەوە و نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ١٩ کانوونـی دووەم ١٣١٧ ژمـارە ٣٢٦٢ نێـردراوە، نوسراوێکـی ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی ملوکانـە جێبەجـێ دەکرێـت.





DH.MKT.02596.00145.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 1319 زیلقەعدە 29 | 02596.00145 | DH.MKT. |


٢٩ زیلقەعدە ١٣١٩
٢٤ شوبات ١٣١٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
مێژووی ٤ شـوبات ١٣١٧ وەڵامی جەنابی سـەدری ئەعزەمی سـەدارەتپەناهیە: بە نووسراوی فەرمانی پاشـای جەنابی خەلافەتپەناهـی، قائیمقامـی رانیە وەلیەددین ئەفەندی دەدرێتە دادگا، بۆیە لە شـوێن ناوبـراو مولازیمی هەڵبژێردراو لـە چینـی سـێیەم و قائیمقامـی پێشـووی چاپاقچـور حەمـزە ئەفەنـدی دامەزرێـت، کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی هاوپێچ پێشکەشـی جەنابی فەخامەتپەناهی کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی هاوکاری وەکالەتپەناهی پێویسـتە.




هەواڵنامەی کتێب

| 19 زيلحيجه 1319 | 02600.00010 | DH.MKT. |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
٥
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم
لـە مەرکـەزی ویلایـەت قەزایەکانـی سـنجار و دهـۆك و عەقـرە خشـتەی ڕووداوەکانـی سـاڵی ٣١٧ ی مانگـی شـوبات، هەروەهـا قـەزای زاخـۆ خشـتەی ڕووداوەکانـی مانگـی کانوونـی دووەم و شـوبات، لە قەزای ڕانیە سـەر بە سـانجەقی کەرکووکیـش خشـتەی ڕووداوەکانـی مانگـی کانوونـی دووەم و شـوبات، هەرچـی قەزایەکانـی هەولێـر و ڕوانـدز و سـەڵاحیە و کـۆی سانجەقیشـە خشـتەی ڕووداوەکانـی مانگـی شـوبات بـە هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، ئەگەرچـی لـە ڕووداوە ناوهاتـووەکان هەندێکیـان لـە جـۆری ئـاژاوە بـووە، پێویسـت نـاکات لـە خشـتەکە بنووسرێتـەوە، بـەڵام لـە پاشـکۆی ئەرکەکـەی ئێرەیـان بـە شـێوەیەکی شـایان جیانەکردۆتـەوە، پێویسـتە بـە گشـتی ئـاگاداری بنێردرێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات، لە ١٩ زیلحیجـە ١٣١٩ و لە ١٦ مـارت ١٣١٨.





DH.TMIK.M.00138.00023.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00138.00023 | 1 رەمەزان 1320 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
تەلەگرافنامەی بە شیفرەیە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە

لەسـەر ووتـەی ویلایەتـی وان، باڵیـۆزی ئینگلیـز لـە وان دێتـە موسـڵ، سـەرەتا هاتۆتـە رواندز لەوێشـەوە لـە رێگـەی رانیـە و کـۆی سـانجەق جولـەی کـردووە، وەرگێرەکەشـی هاتۆتـە هەولێـر، بـە ئاماژەی موتەسـەرفی کەرکـوک هـۆکاری سـەلامەتی و پاراسـتنی بـۆ ئەنجـام دەدرێـت، جموجۆڵیشـی دەخرێتـە ژێـر چاودێریـەوە، لـە وەڵامـدا نووسراوەتـەوە و زانیاریـەکان راگەیەنـدراوە، فەرمـان، لـە ١٩ تشرینـی دووەم ١٣١٨.
نوری والی موسڵ


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 00463.00032 | 13 زیلقەعدە 1320 |

١٣ زیلقەعدە ١٣٢٠
٢٩ کانوونی دووەم ١٣١٨
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
نەزیـف بـەگ قائیمقامـی پێشـووی رانیـە، وەکـو دیـاری لەلایـەن پاشـاوە لـە داهاتـی ویلایەتـی موسـڵ ٥٠٠٠ قوروشـی بـۆ براوەتـەوە، لـە داهاتـی ناوەخـۆی سـاڵی ٣٠٧ هەژمـار کـراوە، سـەرەتا لـە خەزینـەی جەلیلـە ڕێکخـراوە و نێـردراوە، حەواڵەنامەکـە بـۆ ویلایەتـی ناوهاتـوو نێـردراوە، ئـەم سـەنەدەی لـە خۆچێـی نێـردراوە ئاماژەی پێکـراوە، بۆیـە بـرە پـارەی ناوهاتـوو لـە خەزینـەی جەلیلـە لـە مێـژووی ١٠ کانوونـی دووەم ١٣٠٩ لـە داهاتـی ئـەم سـاڵەدا کەمکردنەوەکـەی دووبـارە دەبێتـەوە، بـۆ دووبـارە کردنەوەشـی وێنـەی دابینکردنـی باسـکراو و چۆنیەتـی کارەکـە بـۆ دووپاتکردنـەوە لـە ١٨ مـارت ١٣١٨ نـووسراوی بـۆ کـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا وەڵام وەرنەگیـراوە، کارەکـە بـە پەلـە جێبەجـێ بکرێـت و رابگەیەندرێـت، بـە ووتـەی ژمێریاریـش پەلـەی لـێ کـراوە.



هەواڵنامەی کتێب


| 2 سەفەر 1320 | 00500.00054 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٢ سەفەر ١٣٢٠
٢٨ نیسان ١٣١٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لەسـەر بریـاری لێبووردنـی باجـی داهاتـی هەمەجۆری زەوی کشـتوکاڵیەکەی کـە دەرچـووە، قەزاکانی رانیـە و رواندز و کـۆی سـانجەقیش لـە کاتـی خۆیـدا داوایـان کـردووە حکوومـەت لـەم باجەیان خـۆش بێت، لەسـەر ئـەم بابەتە ئەو سـەردانانەی کـە کردوویانـە هیـچ سـوودێکی نەبـووە، لـە کۆتاییـدا لـە بـارەی ئـەم بابەتـە بـە واژووی مسـتەفا میر لـە هۆزەکانـی قـەزای رانیـە داواکاری پێشـکەش کـراوە، هاوپێـچ نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە نـووسراوەکان هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنی.

| DH.MKT. | 00511.00004 | 2 سەفەری ئازاد 1320 |
| --- | --- | --- |


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٩٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم
سـەبارەت بـە دامەزراندنـی لە قائیمقامیەتی قـەزای رانیە، نووسراو حەواڵەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە کراوە، نـووسراوی مێـژووی ٢٩ زیلقەعـدە ١٣١٩ ژمـارە ٥٦٣٢ بـە دەوڵـەت راگەیەنـدراوە، کـە قائیمقامـی پێشـوو چەباقجـور حەمـزە ئەفەنـدی لـە چینـی سـێیەم هەڵبژاردنامـەی قائیمقامیەتـی وەرگرتـووە، بـەڵام لـە کاتـی ووردبینـی کردنی و بـە تێروانیـن لـە کاغـەزی کەسـێتی دەرکەوتـووە ناوبـراو بـۆ مـاوەی چوار سـاڵ لـە دوو قائیمقامیـەت کاری کـردووە، لـە یەکەمیـان بەهـۆی لێنەهاتوویـی و بـێ توانایـی خـۆی و لـە دووەمیـان لـە رووی کارگێریـەوە بەرێوەبردنەکـەی خـراپ بـووە و ٩ سـاڵ لەمەوبـەر لـە کارەکانـی جیابۆتـەوە، بۆیـە بـەم حاڵەتـەوە دووبـارە بەکارهێنانـەوەی ناوبـراو لـە قائیمقامیەتـدا گونجـاو نابێـت، لەبـەر ئـەوە کەسـێکی تـری گونجـاو بـۆ قائیمقامیەتـی رانیـە بدۆزرێتـەوە، بـۆ هەڵبژاردنـی ئـەو کەسـەش نـووسراو حەواڵـەی نەزارەتی جەلیلە بوو، بـە بڕیارنامە لە قۆمیسـیۆنی ناوهاتوو گفتوگۆی لەسـەر کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی و راگەیاندنی، بـۆ ئەمەش نـووسرای بەپەلـە کـراوە ئەفەندم.
لە ٢٠ زیلحیجە ١٣١٩ و لە ١٧ مارت ١٣١٨
سەدری ئەعزەم

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
تۆماری فەرمانبەران
١٥١
بـۆ وەڵامـی جەنابـی سـەدارەتپەناهی و بـە بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، نـووسراوی سـەدری ئەعزەم لـە مێـژووی ١٧ مـارت ١٣١٨ ژمـارە ١٨٩ حەواڵـە کـراوە، قائیمقامـی پێشـووی چەباقجـور حەمـزە ئەفەنـدی هەڵبژێردراوە ببێتـە قائیمقامـی قـەزای رانیـە، لـە ووردبینی کردنـی تۆماری کەسـێتی ناوبـراو دەرکەوتووە بـۆ ماوەی ٤ سـاڵ لـە دوو قـەزا قائیمقـام بـووە، لـە یەکەمیـان لێهاتوو نەبـووە، لە دووەمیـان لـە رووی بەرێوەبردنـی کارگێریەوە خـراپ بـووە، بۆیـە لـە کارەکـەی جیابۆتـەوە، لەبـەر ئـەم هۆیـەوە دووبـارە بەکارهێنانـەوەی لـە قائیمقامیەتـی گونجـاو نابێـت، ئامـاژەی پـێ کـراوە کـە بـۆ قـەزای ناوهاتـوو کەسـێکی گونجـاوی هەڵبژێـردراو بدۆزرێتـەوە. لەلایەکـی تـر بـۆ قائیمقامیەتەکـەی قـەزای ناوهاتوو کە لە چینی سـێیەمە، کەسـێك نییە لـە مولازمێکـی هەڵبژێردراو و دەرچـووی مەکتـەب ئـارەزووی ئـەم کارە بـکات، بـەڵام قائیمقامـی پێشـووی قوچحیسـار عەلـی فەهمـی بـەگ کە لـە هەڵبژێردراوەکانـە و نـۆرەی هاتووە، کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتیشـی پێشـکەش کـراوە، بۆیە لە قـەزای ناوهاتوو دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە رای سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی جێبەجێ دەکرێـت، نووسراوی سـەدری ئەعزەمـی باسـکراو نێردراوەتـەوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
٢ سەفەری ئازاد ١٣٢٠ و لە ٢٧ نیسان ١٣١٨





DH.MKT.00511.00004.001

هەواڵنامەی کتێب




DH.MKT.00511.00004.002




DH.MKT.00521.00065.001

هەواڵنامەی کتێب

| 21 سەفەر 1320 | 00521.00065 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەر
٢٣٠


قائیمقامی پێشووی چاپاکچور حەمزە ئەفەندی لەبەر ناچاری بارودۆخ و راگەیاندنی پێشوو بەپەلە مامەڵەی دامەزراندنی لە قائیمقامیەتی قەزایەك جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە مێژووی ٢٧ نیسان ١٣١٨ ژمارە ٣٧ لە ویلایەتی تەبلیسەوە هاتووە و تێیدا ئاماژەی پێکراوە. دوای ووردبینی دەرکەوتووە ناوبراو لە هەڵبژێردراوەکانە، پێشەکی لە ویلایەتی موسڵ لە قائیمقامیەتی رانیە هەڵبژێردراوە، لە جەنابی نەزارەتپەناهی ئاماژەی پێکراوە و وەڵامدراوەتەوە، هەروەها بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە نووسراوی سەدری ئەعزەم دەرچووە، کاغەزی وەرگێردراوی باری کەسێتی ناوبراو ووردبینی بۆ کراوە، دەرکەوتووە لە ماوەی چوار ساڵ لە دوو قەزا کاری قائیمقامیەتی کردووە، لە یەکەمدا بەهۆی لێنەهاتویی و دووەمیشیان لە رووی کارگێریەوە سەرکەوتوو نەبووە و جیابۆتەوە، بە تۆمار دەرکەوتووە دووبارە بەکارهێنانەوەی لە قائیمقامیەت گونجاو نییە، پشت بەستن بەم زانیاریانە بریاری ناوهاتوو بە ناوبراو رابگەیەندرێت، بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنەکە وەڵام دراوەتە ویلایەتی ناوهاتوو، بیرورا بۆ جەنابی نەزارەتپەناهیە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢١ سەفەر ١٣٢٠ و لە ١٦ مایس ١٣١٨



DH.MKT.00531.00030.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00531.00030 | 11 رەبیعی یەکەم 1320 |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>٢٩٨<br>لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیە، عەلی فەهمی بەگ قائیمقامی پێشـووی قوچحیسـار دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەسـتە لە وەڵامی ئاماژەی عالی و بڕیاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە بە میهرەبانی هاتووە و نووسراوی سـەدری ئەعزەم لـە مێـژووی ٢٧ مایـس ١٣١٨ ژمارە ١١٠٦ حەواڵە کراوە، لەکاتی وەرگێرانی باری کەسـێتی ناوبراو دەرکەوتووە هەندێك تۆمـار رێگـرە لـە پەسـەند کردنی ئەرکەکـەی، بۆیە ئاماژەی پێکراوە کەسـێکی گونجاوتر بۆ ئەم ئەرکـە هەڵبژێردرێت. حوسـێن لوتفـی ئەفەنـدی کە لە قائیمقامیەتـی زەیدیە لێبـووردراوە و لە مولازیمە هەڵبژێردراوەکانی چینی سـێیەمی قائیمقامیەتـی رانیـە بـووە، لەبـەر ئـەوەی دێرینـەکان ئـارەزووی ئـەم کارە ناکـەن، ناوبراویـش نـۆرەی هەڵبژاردنـی هاتـووە، جگـە لەمە ئاشـنای زمانـی عەرەبییە، کاغەزی وەرگێردراوی باری کەسـێتی پەسـەند کراوە و پێشـکەش کراوە، بـۆ دامەزراندنـی ناوبـراو لـە جەنابـی سـەدارەتپەناهی بخرێتـە دەنگدانـەوە جێبەجـێ دەکرێـت، لەم بابەتـە ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١١ رەبیعـی یەکـەم ١٣٢٠ و لـە ٤ حوزەیـران ١٣١٨. | | |




DH.MKT.00556.00030.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00556.00030 | 23 ڕەبیعی کۆتایی 1320 |
|---|---|---|

نەزارەتی داد و مەزهەب
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری سزا
ژمارە ١٥٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم

قـەزای ڕانیـە سـەر بـە سـانجەقی کەرکـووك پزیشـکێکی بـە بڕوانامـەی نییـە، هەروەهـا لـە موسـڵیش پزیشـکی شـارەوانی نییـە، لەلایەکـی تـر وەرگرتنـی پزیشـکی سـەربازی لـەم ئەرکە کێشـە دروسـت دەکات، چونکە بـە گوێرەی یاسـا لـە کاتـی ڕوودانـی تـاوان پزیشـکی پزشـکنین پێویسـتە، ئەگەر نەبێـت هەندێك لە مافـی گشـتی و تایبەتی وون دەبێـت، بۆیـە لـە داواکاری گشـتی دادگای ئیسـتینافی ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوی ٦ حوزەیـران ١٣١٨ نووسراوەتەوە، پشـت بەسـتن بـە بڕیاری یاسا پێویسـتە لە هـەر شـوێنێك پزیشـکێکی شـارەوانی هەبێـت ڕەوان بکرێت، لـەم بابەتە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٢٣ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٣٢٠ و لە ١٦ تەممـوز ١٣١٨.
نازری داد





DH.MKT.00581.00027.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00581.00027 | 11 جەمادی کۆتایی 1320 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
٥٧٥

وەلیەددیـن ئەفەنـدی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە جیابۆتـەوە، هـۆکاری جیابوونەوەکـەی نەبۆتـە هـۆی ئـەوەی بـەکار هێنانـەوەی ڕێگەپێنـەدراو بێـت، سـەبارەت بـە دووبـارە بەکارهێنانـەوەی بڕیارنامـەی فەرمانگـەی شـورای دەوڵەتـی مولکیـە هاتـووە، نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ٢٦ ئۆغسـتۆس ١٣١٨ ژمـارە ٢١٥٦ حەواڵـە کـراوە، کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی پێشـکەش کـراوە، وێنـەی پەسـەند کـراوی هاوپێـچ ئاماژەی سـەرۆکایەتی جەلیلـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە فەرموویەتـی، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١١ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٠ و ٣١ ئۆغسـتۆس ١٣١٨.



هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00597.00016</td><td>14 رەجەب 1320</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٤ رەجەب ١٣٢٠<br>٣ تشرینی یەکەم ١٣١٨<br>بۆ نەزارەتی جەلیلەی سندوقی خانەنشینی مولکیە<br>وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی رانیە داوای مووچەی دوورخسـتنەوەی کردووە، لەسـەر کاغەزی کەسـێتی وەرگێـردراوی ناوبـراو لـە قەڵەمـی فەرمانبـەران خشـتەی مـاوەی خزمەتـی ڕێکخـراوە و هاوپێچ بۆ سـەروو نێـردراوە، بـە گوێـرەی یاسـا مامەڵەکە جێبەجـێ بکرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.00624.00109.001

| DH.MKT. | 00624.00109 | 28 شەعبان 1320 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
٨٠٨


بڕیـاردراوە وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی رانیـە، لـە نـاو ویلایەتـی یەمـەن لـە قائیمقامیەتـی عەریـش دابمەزرێـت، بـەڵام ئـەو فەرمانبەرانـەی بـۆ ئـەوێ دەڕۆن، لـە کۆمەڵـەی پزیشـکی شـاهانە پشـکنین ئەنجـام بـدەن، چونکـە ویلایەتـی ناوهاتـوو لـە مەملەکەتـە گەرمەکانـە، بزانـن لەگـەڵ کەشـوهەوای ئـەوێ دەگونجێـن یاخـود ناگونجێـن، بـە گوێـرەی ئـەوە مامەڵەکـە جێبەجـێ بکرێـت، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی لەگـەڵ جێبەجـێ کردنـی پشـکنینەکە، چۆنیەتـی کارەکـە لەسـەر ئاماژەی نەزارەتـی جەلیلـەی مەکاتیبـی گشـتی سـەربازی شـاهانە دەوەسـتێت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢٨ شەعبان ١٣٢٠ و لە ١٦ تشرینی دووەم ١٣١٨



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00668.00035 | 18 زيلحيجه 1320 |
|---|---|---|

١٨ زیلحیجه ١٣٢٠
٤ مارت ١٣١٩
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لـە شـوێن خـۆی ئـەو دەرخسـتەی کـە بـۆی کـراوە دەرکەوتـووە، گرتووخانـەی قـەزای هەولێـر وێـران بـووە، بـۆ نۆژەنکردنـەوەی پێویسـتی بـە ٤٥٣٠ قوروشـە، بـە دابینکردنـی بـڕە پـارەی باسـکراو، ئەو شـوێنانەی تر کە پێویسـتیان بـە نۆژەنکردنەوەیـە بـێ بەرامبـەر دەمێننـەوە، بۆیـە لـە خەرجـی تاوانبارانـی ناوەخـۆ ٢٠٠٠ لـە نرخـی چارەسـەر و جلوبەرگـی زیندانیـان ٤٠٠، لەگـەڵ نیـوەی مووچـەی قائیمقامـی رانیـە کـە دەکاتـە ٢١٣٠، بـە کۆکراوەیـی ٤٥٣٠ قـوروش دەکات، بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی و خـەرج کردنی ئـەو خەرجیەیە کە لـە نۆژەنکردنەوەکە خـەرج دەکرێت، لـە ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوی ١ کانوونـی دووەم ١٣١٨ وەرگیـراوە و کاغـەزی دەرخسـتە بـە ووتـەی ژمێریـاری پێشکەشـی سـەدارەتپەناهی کـراوە، جێبەجێ کردنی بـە فەرمان و راگەیاندنی لەسـەر رای فەخامەتپەناهی وەسـتاوە.




DH.MKT.00766.00053.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00766.00053 | 21 شەوال 1320 |
| --- | --- | --- |

شورای دەوڵەت
دادگای پێداچوونەوە
ژمارە ١٦٠
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهیمان
راگەیەندراوی بەندەیە

فەتـاح ئەفەنـدی کاتیبـی باجـی پێشـوو قـەزای رانیـە سـەر بـە سـانجەقی کەرکووکـی نـاو ویلایەتـی موسـڵ ئەرکـی تۆمارکردنـی باجـی پـێ سـپێردراوە، پروپاگەنـدە کـراوە کـە بـە بـێ پـول دابەشـی کـردووە و لـە کۆکردنـەوەی داهاتیـش زۆرەملـی و توندوتیـژی بـەکار هێنـاوە، هەروەهـا لـە سـەردەمی ئەرکەکەیدا گۆرانـکاری لـە راسـتکردنەوەی نەکـردووە، لەبـەر ئـەوەی جێـگای گومانـە، رێگـە نـەدراوە دادگایـی بکرێـت بـە بریارنامـەی دادوەری لێکۆڵینــەوە پەســەند کــراوە، ئــەو بریارنامەیــەی لــە دەســتەی تۆمەتبارکردنــی ئەنجوومەنــی کارگێــری ویلایـەت دراوە، لـە بـارەی ناوبـراو لەلایـەن ژمێریـاری لیـوای ناوهاتـوو داواکاری پێداچوونـەوە دراوە، لـە وەڵامـدا لـە دادگای پێداچوونـەوەی شـورای دەوڵـەت بەڵگەنامـەی فەرمـی رێکخـراوە و هاوپێـچ پێشـکەشـی جەنابی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی کـراوە، چۆنیەتیەکـە و خەرجـی بەڵگەنامـە فەرمیەکـە کە ٢٠٠ قوروشـە دابینکـراوە و لە سـەرۆکایەتی دادگای ناوهاتـوو نێـردراوە، لـە بـارەی ئـاگادار کردنـەوەی ویلایەتـی ناوهاتـوو بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە فەرمـان و حەواڵـە نێـردراوە لەگـەڵ نەزارەتـی دارایـی و سـەرۆکایەتی جەلیلـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە زانیـاری دەنێردرێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.


٢١ شەوال ١٣٢٠ و ٧ کانوونی دووەم ١٣١٨
سەرۆکی شورای دەوڵەت




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01399.000019 | 30 رەبیعی یەکەم 1320 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
٧٥٨
جەنابی ئەفەندم
لـە ویلایەتـی موسـڵ وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە دراوەتـە دادگا، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی دوور خراوەتـەوە و بـۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو حوسـێن لوتفـی ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی زەیدیە بوردراوە دامەزرێت، لەم بارەیەوە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە و بریارنامەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیـە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی باری کەسـێتی بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشـکەش کراوە، لـەم بابەتە فەرمانی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی چ بفەرموێت جێبەجـێ دەکرێت، بە راگەیاندنـی نووسراوی بە پەلە کـراوە ئەفەندم.
لە ٣٠ رەبیعی یەکەم ١٣٢٠ و لە ٢٣ حوزەیران ١٣١٨
سەدری ئەعزەم



BEO.001864.139728.004


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001864.139728 | 23 سەفەر 1320 |
|---|---|---|

بابی عالی
قۆمیسۆنی فەرمانبەرانی مولکیە
ژمارە ٨٩

وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی رانیـە لەسـەر کاری خـراپ دوورخراوەتـەوە و دادگایـی کـراوە، ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی ملوکانـە جێبەجـێ بکرێـت و بـۆ شـوێنی ناوبراویـش لـە نەزارەتـی ناوخـۆی جەلیلـە دوو کـەس هەڵبژێـردراوە، کـە کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتیان پەسـەند نەکـراوە، بـە بریارنامـەی مێـژووی ٢٩ کانوونـی دووەم ١٣١٧ و ٦ مـارت ١٣١٨ راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە لـە نەزارەتـی ناوهاتـووەوە نـووسراوی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە لـە مێـژووی ١١ مایـس ١٣١٨ ژمارە ١٤٨٦ پێشـکەش کـراوە، بـەڵام بـۆ قـەزای ناوهاتـوو لـە چینـی سـێیەم کەسـێك نییـە لـە مەکتـەب دەرچـوو و لـە مولازمـی هەڵبژێـردراو بـن ئـارەزووی ئـەم شـوێنە بکـەن، ئەگەرچـی قائیمقامـی پێشـووی قۆچحیسـار عەلـی فەهمـی بـەگ رەزامەنـدی نیشـان داوە دامەزرێـت، بـەڵام عەلـی فەهمـی بـەگ ووردبینی بۆ کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتییەکەی کـراوە، لە تۆمارکراوەکان دەرکەوتـووە هەندێك رێگـر هەیـە و ئەرکەکـەی پەسـەند ناکرێـت، بۆیـە کەسـێکی گونجـاوی تـر لـە قائیمقامیەتـی رانیـە دامەزرێـت، بـۆ هەڵبژاردنـی نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوهاتـوو کـراوە و گەڕاوەتـەوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢٣ سەفەر ١٣٢٠ و لە ١٨ مایس ١٣١٨

دیـران بـەگ ئەنـدام، ......... ئەنـدام، مەجدەددیـن ئەنـدام، عزەددیـن بـەگ ئەنـدام، حامـد حوسـێن کـوڕی سـاڵح ئەنـدام، سـەید ئیبراهیـم عەتـا ئەنـدام، سـەید مسـتەفا وهبـی سـەرۆکی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 001886.141394 | 10 ڕەبیعی کۆتایی 1320 |

١٠ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٠
٣ تەمموز ١٣١٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
نووسراو

وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای ڕانیـە دەدرێتـە دادگا، بۆیـە بـە دوورخسـتنەوەی ناوبـراو حوسـێن لوتفـی ئەفەنـدی دامەزرێـت کـە لـە قائیمقامیەتـی زەیدیـە لێبـووردراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی مێـژووی ٢٢ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣٢٠ ژمـارە ٢٠١٨ بـە بڕیارنامـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە و بـە مۆڵەتـی ٨ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٣٢٠، فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی فەرموویەتـی، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.


صدارت مکتوبی قلمی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 001906.142882 | 12 جەمادی یەکەم 1320 |

١٢ جەمادی یەکەم ١٣٢٠
٣ ئۆغستۆس ١٣١٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن رایگەیانـدووە، سـەرۆکی هـۆزی شـێخ بزێنـی رەشـید ئاغـا لەگـەڵ حەمـە ئاغـا کـە دەستبەسـەرن داوا و تکایـان کـردووە لێبووردنـی جەنابـی خەلافەتپەناهـی بیانگرێتـەوە، بـەڵام ئـەو کەسـانە بـە مەرجـی چارەسـەرکردن و نەهێشـتنی مافی تاکـە کەسـی لێبـووردن دەیانگرێتـەوە، هەروەها لـە کاتـی لێخۆشـبوونیان شـێخ بزێنیـەکان لەگـەڵ هۆزەکانـی رانیـە نێوانیـان ئاشـت بکرێتـەوە و دەکرێـت کارەکـە ئەنجـام بدرێـت، بۆیـە لـە مێـژووی ٣٠ رەبیعـی کۆتایـی ١٣٢٠ بـە ئامـاژەی سـەر عەسـکەری واڵا ئـاگاداری بـۆ لایەنـی دەولـەت نێـردراوە، لـە کۆتاییدا لـە موشـیرەتی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە هاتـووە لەگـەڵ ئاکۆیـەکان گشـت سـەرۆکەکان بـۆ ناوچـەی جیـا جیـا هەڵاتـوون، هەروەهـا شـوێنەکەیان دەکەوێتـە سـنووری ئێـران و نزیـك لـەم شـوێنە چاودێـری کردنیـان بەردەوامـە، بـەڵام ئەمـە وا دەکات بـە درێژایـی سـنوور لـە سـەرپێچی کـردن بـەردەوام بـن و لەگـەڵ هۆزەکانـی ئێـران یەکبگـرن، لـەم زیانـە زیاتـر هیـچ ئەنجامێکـی نابێـت، سـەرۆکەکانی ناوهاتـوو لەگـەڵ ئەوانـەی شەروشـۆری کـۆی سـانجەقیان دروسـت کـردووە بخرێنـە ژێـر چاودێریـەوە، لەوانـە رەسـول ئاغـا خەریکـە مافـی تاکەکەسـێتی چارەسـەر دەکات بـەم شـێوەیە بـە لێخۆشـبوونیان ئاشـت کردنـەوەی نێوانیـان جێبەجـێ دەکرێـت، ئـەوەی پەیوەستیشـە بـە لێبووردنـی رەسـول ئاغا و حەمـە ئاغا لەگـەڵ گشـت سـەرۆکەکان ئـەوا لەسـەر راگەیاندنـی جەنابـی فەریـق موحسـین پاشـا، فەرمانبـەری تایبـەت و موتەسـەرف بـە گفتوگـۆ و هـەواڵ گۆرینـەوە لەگـەڵ ویلایـەت کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت، لـە وەڵامـدا فەریقـی ناوهاتـوو نـووسراو کـراوە، لـە مێـژووی ٨ جەمـادی یەکـەم ١٣٢٠ ژمـارە ١٢٣٨ نـووسراوی عالـی سـەر عەسـکەر بـۆ سـەروو رۆیشـتووە، بـە تێروانیـن لـە ئامـاژەی پێشـوو هیمـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی و راگەیاندنـی و ناردنـەوەی هاوپێچەکانـی.





BEO.001916.143628.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001916.143628 | 23 جەمادی یەکەم 1320 |
|---|---|---|

شورای دەوڵەت
فەرمانگەی مولکیە
ژمارە ۱۹۳۹

لـە کۆتـا ئەرکـی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە بـووە، دوورخراوەتـەوە، بـەڵام بریـار دراوە رێگـە بـە دادگاییکردنەکـەی نەدرێـت، جگـە لەمـە مۆڵەتـی بەکارهێنانەوەشـی خراوەتـە ژێـر بریـارەوە، لەسـەر داواکاریەکـەی، بـە مـۆری وەلیەددیـن داواکاری و هاوپێچەکانـی دراوەتـە شـورای دەوڵـەت، لەسـەر ئـەو راپرسـیەی کـە پێشـووتر کـراوە، لـە وەڵامـدا لـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە نـووسراو لـە مێـژووی کۆتایـی رەبیعـی کۆتایـی ۱۳۲۰ ژمـارە ١٦ لـە فەرمانگـەی مولکیـە خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە. لـەم بابەتـە دەرکەوتـووە سـەرەتا ناوبـراو لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە بـووە، لەبەر خراپـی بەڕێوەبـردن و کارەکانـی سـکاڵای لەسـەر تۆمـار کـراوە، لەسـەر ئـەم سـکاڵایانە لـە کارەکـەی دوورخراوەتـەوە، لـە حـەوت بابەت لە پێنجـی بێتـاوان دەرچـووە، هەرچـی دوو بابەتەکـەی تـر کـە پەیوەسـتە بـە زیانـی گەیانـدن بـە خەزینـە و بەرپـرس لـە بـردن و دزینـی پارەوپـول، بـە پێویسـت نەزانـراوە بدرێتـە دادگا، بـە هەڵبژاردنـی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە و دووبارەبوونـەوەی سـکاڵا دەبێتـە هـۆکاری بەکارنەهێنانـەوەی، بـە تێگەیاندنـی ناوبـراو ئەرکەکـەی لـە قۆمیسـیۆن پەسـەند کـراوە، هەروەهـا لـە کاغـەزی بـاری کەسـێتی دەرکەوتـووە، ئـەو کاتـەی لـە قـەزای ناوهاتـوو بـووە، لەبـەر ئـەو شـتانەی کـە دراوەتـە پاڵـی دراوەتـە دادگا، بـەڵام سـاغ نەبۆتـەوە، بۆیـە بریـار دراوە دادگایـی نەکرێـت، ، لەگـەڵ ئەمـەش هیـچ رێگریـەك نییـە لـە بەکارهێنانـەوەی ناوبـراو، بـە تێروانیـن لـە بڕیـاری قۆمیسـیۆنی ناوهاتـوو و کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی دیسـان لـە هەمـان چیـن بـۆ دامەزراندنـی لـە قائیمقامیەتـی قەزایـەك نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆ کـراوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢٣ جەمادی یەکەم ۱۳۲۰ و لە ١٥ ئۆغستۆس ۱۳۱۸





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002082.156091 | 30 سەفەر 1321 |
|---|---|---|

٣٠ سەفەر ١٣٢١
١٥ مایس ١٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پشت بەستن بە بریارنامەی فەرمانەکان، ئەوا وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای رانیە، ٥٦٢ قوروش مووچەی دوورخراوی بۆ دەبردرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە بریاری شورای دەوڵەت و بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرمویەتی، جێبەجێ کردنی ئەنجام دراوە، بە رێگەی یاسای ناوبراو بۆ دامەزراندنی ناوبراو لە قائیمقامیەتێك ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی جەلیلە، لە شورای ناوهاتووش گفتوگۆ کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


بۆ نەزارەتی بەهیەی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە
وێنەکەیان لە نووسراوی راگەیەندراو و دەرچوونی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی، بە برە پارەی پەراوێز لە نەزارەتی بەهیەی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


تلغراف نامه

هەواڵنامەی جیب

| BEO. | 002191.164311 | 18 رەجەب 1321 |
|---|---|---|


٢٦ ئەیلوول ١٣١٩
به ڕێگەی سەدارەتی پایەبەرز بۆ جەنابی خەلافەتپەناهیمان
بەندەتان لە قەزایەکانی کۆی سانجەق و رانیە موقاتەعەی هەیە، بەروبوومی مازۆ و بەشەکانی دوو ساڵ دەبێ بە ڕێژەی تەواو خراوەتە ژێر شێوازی ئیلتیزامەوە، بۆیە ئەم ساڵ مازۆ و بەشەکانی داهاتی نەبووە، هەرچی موقاتەعاتەکانی ترە، لەبەر زوڵم و دەستبەسەرداگرتن ناتوانم کۆیان بکەمەوە، بەندەتان هەموو ساڵ لە قەزای کۆی سانجەق بەو خزمەتانەی کە ئەنجامی دەدەم دڵسۆزی خۆم راگەیاندووە، لەسەر ئەم سودانەی کە بە خەزینەم گەیاندووە، هەمیشە خائین و زاڵمەکان جگە لە زیانی تر گەیشتۆتە هەوڵی کوشتنم، بۆیە تکا دەکەم بە دادپەروەرانەتان بەزەیی نیشان بدەن، لە حکوومەتی کۆی سانجەق لێکۆڵینەوە بکرێت، ئەوەی لە پیشوو کراوە بەراورد لە نێوان خزمەتی پێشووم و ملکەچ بوون و ئەوەی نیشانم داوە لە زیادبوونی داهاتەکانم بەراوردیەك بکرێت، ئەگەر راستی بابەتەکە دەرکەوت ئەوا هاوکاریم بکەن، لە لیوای ویلایەت و قەزایەکانی کۆی سانجەق و رانیە فەرمان دەرچووە و تکا دەکەم میهرەبانی جەنابی خەلافەتپەناهی بفەرمووێت، ئیتر لەمەودوا زیادەی داهاتی ئەم قەزایانە بە گیان و وەکو فیداکاری کاری تێدا دەکەم، ئەگەر سەرپێچی بکەم سزادانم قەبوڵە، فەرمان.
عەبدولفەتاح ئاغازادە موسا خانەدان و ئەشرافی کۆی سانجەق



هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002207.165519 | 10 شەعبان 1321 |
|---|---|---|


١٠ شەعبان ١٣٢١
١٤ تشرینی یەکەم ١٣١٩
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
هۆزەکانـی عوسـمانی لـە وەرزی هاویـن بـۆ دەشـتاییەکانی لای ئێـران ڕۆیشـتوون، بـە هاتنـی وەرزی زسـتان لـە کاتـی گەرانەوەیـان بـۆ نـاو قەزاکانـی ڕانیـە و مەعمـورە، لەگـەڵ سـەرۆکەکەیان بەیەکـەوە لـە زەوی وەزنـە لەگـەڵ ئـەو مەفرەزەیـە سـەربازی و هۆزگەریـەی کـە لـەوێ بوونـی هەیـە، تووشـی کێشـە بوونەوتـەوە و نەیانهێشـتووە بگەڕێنـەوە شـوێنەکەی خۆیـان، دووبـارە گەرێندراونەتـەوە ئـەو شـوێنەی کـە لێـی هاتـوون، ئەمـەش کاریگـەری خـراپ لەسـەر ئـەم هۆزانـەی عوسـمانی دروسـت دەکات و زوڵمیـان لـێ دەکرێـت، لەسـەر ئـەم ووتانـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن، تەلەگرافنامـە بـۆ والای سـەر عەسـکەر نێـردراوە، لەگـەڵ نـووسراوی سـەر عەسـکەری ناوبـراو لـە مێـژووی ٤ شـەعبان ١٣٢١ ژمـارە ٢٧٤٦ بـۆ دەوڵـەت نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە لـە عالـی خوێندنـەوەی بـۆ دەکرێـت و بـە پەلـە ڕابگەیەندرێـت و هیممـەت بکرێـت لـە ناردنـەوەی هاوپێچەکـەی.



هەواڵنامەی کتێب

| 2 زیلقەعدە 1321 | 002258.169286 | BEO. |
|---|---|---|


٢ زیلقەعدە ١٣٢١
٨ کانوونی دووەم ١٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بایـز ئاغـا لەلایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە مووچـە و پلـەی پـێ دەدرێـت، کەچـی لەگـەڵ ٥٠٠ خانـەی هۆزەکـەی هاتۆتـە قەزاکانـی مەعمـورەی حەمیدیـە و رانیـە، سـەبارەت بـە قەبـوڵ کـردن و نیشـتەجێ بوونـی لەسـەر ئامـاژەی ویلایەتـی موسـڵ و بـە بریـاری ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکاران، دواتـر بـە رەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی فەرموویەتـی، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.



هەواڵنامەی کتێب

| 30 موحەررەم 1322 | 00325.00142 | DH. ŞFR. |
|---|---|---|


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە نـاو کەرکـووك حوسـێن مسـتەفا ئەفەنـدی قائیمقامـی رانیـە دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە و ئەرکەکـەی بەجـێ هێشـتووە، دەسـت لـە کار کێشـانەوەکەی هێـنراوە و پێشـکەش کـراوە، قـەزای ناوهاتـوو کۆمەڵـگای هۆزەکانـە، ئـەو قائیمقامانـەی لـە دەرەوە دێـن ناتوانـن کاروبـاری ناوچەکە بـە جوانی بەرێوەببەن، جگـە لەمە ناوە ناوە بـە وەکالەت ئەرکەکە بەرێوەدەبردرێت، بەمەش کێشـەکان زیاتر دەبن، لە بەر هۆکاری مێژووی ٣ نیسـان ١٣٢٠ ژمارە ٢٠ سـەعید بەگـی روانـدز لـە زاڵمەکانـی قـەزای روانـدز رزگار بکرێـت و لـە قائیمقامیەتـی رانیـە دابمەزرێـت، تکا کـراوە فەرمان.
٣ نیسان ١٣٢٠
نوری والی



DH.ŞFR.00328.00141.001

| DH. ŞFR. | 00328.00141 | 17 ڕەبیعی یەکەم 1322 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
تەلەگرافنامـەی بەندەمـان لـە ٣ نیسـان ١٣٢٠ ڕاگەیەنـدراوە، لەبـەر کەشـوهەوای مەرکـەزی قـەزای ڕانیـە و دەورووبـەری، هەروەهـا خەڵکەکەشـی لـە پێکهاتـەی هۆزایەتیـن و کەڵلـە ڕەق و تونـدن، ئـەو قائیمقامانـەی بـە وەکالـەت لـە دەرەوە دەهێنرێـن و دادەمەزرێـن، لـە کارەکەیـان بـەردەوام نابـن، تەنانـەت لـە بەڕێوەبردنـی کارگێڕیـش سـەرکەوتوو نابـن، بـەڵام بـە تاقیکردنـەوە سـەلمێنراوە کـە لـە ڕووی کارگێڕیـەوە بـە توانایـە و هـەم لـە قـەزای ناوهاتـوو بەڕێوەبردنەکـەی بـاش دەبێـت و هـەم لـە ڕووی پێکهاتـەی دانیشـتوانەوە، خەڵکـی مەملەکەتـی خۆیەتـی، بۆیـە هەرچـی زووە لـە ڕوانـدزەوە سـەعید بـەگ دابمەزرێـت، ڕاگەیەنـدراوە فەرمـان.
١٩ مایس ١٣٢٠
نوری والی موسڵ




DH.MKT.00848.00025.001

| DH.MKT. | 00848.00025 | 11 سەفەر 1322 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی ... ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ١٧٢


حوسـێن لوتفـی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە لەسـەر لێبووردنـی لـە ئەرکەکـەی، شـوێنەکەی بـە بەتاڵـی ماوەتـەوە، لەبـەر ئـەوەی شـوێنەکەش شـوێنی هۆزەکانـە، وایکـردووە ئـەو قائیمقامانـەی لـە دەرەوە دێن ناتوانن کارگێـری ناوچەکـە بـە باشـی بەرێوەببـەن، لەبـەر ئـەم هـۆکارەوە قائیمقامـی رواندز سـەعید بـەگ لـە قـەزای ناوهاتـوو دابمەزرێـت، لـە مێـژووی ٣ نیسـان ١٣٢٠ لـە ویلایەتـی موسـڵ شـیفرە هاتـووە و حەواڵـە کـراوە.
بـەڵام لـە کاتـی ووردبینـی دەرکەوتـووە سـەعید بەگ لـە هەڵبژێـردراوەکان نییە، لـە ئەرکی قائیمقامیەتیـش خزمەتی پێشـووی نەبـووە، لەبـەر ئـەوەی ئامـاژەی هاتـوو گونجـاو نییـە، بۆیە حوسـێن نەسـیم ئەفەندی قائیمقامی پێشـووی پالـۆ دابمەزرێـت کـە لـە مولازیمـە هەڵبژێردراوەکانـە و دەرچـووی مەکتەبـی شـاهانەی مولکیەیـە بـە هەمـان شـێوەش وەکـو قـەزای ناوهاتـوو لـە چینـی سـێیەمە. لـە کاتـی خسـتنە دەنگدانـەوە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت، وێنـەی پەسـەند کـراوی تەلەگرافنامـەی ناوهاتـوو پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١١ سـەفەر ١٣٢٢ و لـە ١٥ نیسـان ١٣٢٠.




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01426.000015 | 3 جەمادی کۆتایی 1322 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
١٥٣٩
جەنابی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە بـە کراوەیـی ماوەتـەوە، بۆیـە ئیبراهیـم فـەوزی بەڕێوەبـەری ناحیـەی ئوسـکودار دامەزرێـت، لـەم بارەیـەوە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە و بریارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە ڕێکخـراوە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی باری کەسـێتی بەیەکـەوە ڕاگەیەندراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی خەلافەتپەناهـی لـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنی نـووسراوی بەپەلـە نووسراوەتـەوە ئەفەنـدم، لـە ٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٢ و لـە ٢ ئۆغسـتۆس ١٣٢٠.
سەدری ئەعزەم





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002338.175314 | 18 سەفەر 1322 |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٩٩٥
جەنابی پەیوەندیدارانی سەدارەتەکەمان
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
قائیمقامی قەزای ڕانیە حوسێن لوتفی ئەفەندی لە کارەکەی لێبووردراوە، لەبەر ئەوەی ناوچەکەش کۆمەڵگای هۆزەکانە، ئەو قائیمقامانەی کە لە دەرەوە دێن، لە لایەنی بەڕێوەبردنی کارگێری سەرکەوتوو نابن، بۆیە بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو سەعید بەگی ڕواندزی دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵی بەهیە، تەلەگرافنامە وەرگیراوە و هاوپێچ پێشکەش کراوە، تێیدا باسکراوە، کە لە کاتی ووردبینی دەرکەوتووە سەعید بەگ لە هەڵبژێردراوەکان نییە، هەروەها هیچ ئەرکێکی لە قائیمقامیەت وەرنەگرتووە و شارەزایی نییە، بۆیە حوسێن نەسیم ئەفەندی قائیمقامی پێشووی پالۆ کە لە مەکتەبی مولکیەی شاهانە دەرچووە و لە مولازیمە هەڵبژێردراوەکانە و لە هەمان چینە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو لە چینی سێیەم دابمەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە ڕای جەنابی خەلافەتپەناهییە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٨ سەفەر ١٣٢٢ و لە ٢١ نیسان ١٣٢٠.

نازری کاروباری ناوەخۆ



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>002399.179888</td><td>17 جەمادی کۆتایی 1322</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٧ جەمادی کۆتایی ١٣٢٢<br>١٦ ئۆغستۆس ١٣٢٠<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە کە سـەر بە ویلایەتی موسـڵە، ئیبراهیـم فەوزی بـەگ بەڕێوەبەری ناحیەی ئوسـکودار دادەمەزرێـت، لـە مێـژووی ٢١ جەمادی یەکەم ١٣٢٢ ژمارە ٢٤٦٦ لەسـەر نووسراوی دەوڵەت و بە بڕیاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، لـە مێـژووی ١٥ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٢ لەلایـەن جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمانی پاشـا ڕەزامەنـدی دراوە، ناوبـراو دوای ئەوەی بە تاقیکردنەوە لێهاتووی خۆی دەرخسـت ئەوا هەڵبژاردننامەی قائیمقامیەتی پـێ دەدرێـت، بـەم وەرگرتنـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دادەنرێـت و نـووسراوی وەرگرتنـی ئەرکەکـەی پەسـەند دەکرێـت، لـەم بارەیـەوە بریارنامـەی قۆمیسـیۆن نووسراوەتـەوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>





BEO.002501.187573.003

هەواڵنامەی دیتب

| BEO. | 002501.187573 | 2 زیلحیجە 1322 |
| --- | --- | --- |

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
یەکەی چوارەم
لەلایـەن جەنابـی فەریـق سـلێمان پاشـا قوماندانـی لەشـکری شەشـەمی همایـۆن لـە ٢٠ کانوونـی دووەم ١٣٢٠ وێنـەی تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە هاتـووە

هـۆزی مەنکـور بـۆ دوو فرقـە جیاکراوەتـەوە، فرقەیەك ئەم سـاڵە لە کوێسـتانەوە هاتـوون، لە قەزای رانیە نیشـتەجێ کـراون، بـەڵام فەرمانبـەرانـی حکوومەتـی رانیە دەیانەوێـت محەمەد بایز ئاغا سـەرکردایەتی ئەو فرقەیـە بکات، لەبەر ئـەم هۆیـەوە لـە نێـوان محەمـەد بایـز ئاغـا و بایـز پاشـا گفتوگـۆ کـراوە، لـە ئەنجامدا لـە نێـوان خەڵکی نـاو هۆزەکە ناکۆکـی دروسـت بـووە، ئەگـەر بێتـو فەرمانبـەرانـی ناوهاتـوو لەسـەر هەمـان پیرۆکـە بـن، ئـەوا لـە نێـوان هۆزەکانی قەزاکانـی رانیـە و مەعمـورەی حەمیدیـە رووداوێکـی گـەورە روو دەدات، لەگەڵ ئـەم راگەیەندراوە بـۆ رێگەگرتن لەم کارەی فەرمانبـەران تەلەگرافنامـە بـۆ قوماندانیەتـی مەعمـورەی حەمیدیـە و راگەیەنـدراو بـۆ قوماندانیەتـی فرقـەی ١٢ نێـردراوە، نـووسراو بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە، راگەیەنـدراوە کـە بـە پێویسـت زانـراوە کار بکرێـت، فەرمـان.





DH.MKT.00958.00041.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00958.00041 | 7 رەبیعی یەکەم 1323 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ١٥٩


لەبـەر بارودۆخـی دیـاری غۆسـینە لـەم ڕۆژانـە گرنگیەکـەی زیاتـر بـەرز بۆتـەنـەوە، هەروەهـا وەکیلـی قائیمقـام لـە ڕووی کارگێرییـەوە لـە بەڕێوەبردنـی کارەکان بـاش نییـە، بـە ئاماژەی ویلایەتـی قوسـوە، ئەرکەکـەی گواسـتۆتەوە بـۆ قائیمقامیەتـی ناوهاتـوو، قائیمقامـی پێشـووی تیـران هـەر ئێسـتا بـروات ئەگـەر نەشـهات ئـەوا بـە پەلـە کەسـێکی گونجـاوی تـر دابمەزرێـت، لـە سەرپەرشـتیاریەتی ویلایەتـی شـاهانەی ڕوم ئیلـی تەلەگرافنامـە بـۆ جەنابـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی نێردراوە لە مێژووی ٢٤ نیسـان ١٣٢١ لە تەلەگرافنامەکە ئاماژەی پێکراوە و حەواڵە کراوە. بـە ئەنجامدانـی ووردبینـی ئەدهـەم فەهمـی بـەگ لـە گواسـتنەوەی بـۆ قائیمقامیەتـی غۆسـینە ئەرکەکـەی جێبەجـێ کـراوە، بـەڵام دەرکەوتـووە لەبـەر کێشـەی جەسـتەیی ناتوانێـت بـروات، لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو دەرچـووی مەکتەبـی شـاهانە و هەڵبژێـردراوی چینـی دووەم محەمـەد عەلـی بـەگ قائیمقامـی ئاجـە ئاباد بنێردرێـت و بـۆ شـوێنی ئەویـش لەسـەر ئاماژەی ویلایەتـی ئەدرنـە قائیمقامـی ڕانیـە ئیبراهیـم فـەوزی بـەگ ئەرکەکـەی بگوازێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراو لـە جەنابـی نەزارەتپەناهـی لـە مێـژووی ٢٦ نیسـان ١٣٢١ ژمـارە ٩٠٤ بـۆ لایەنـی سـەدری ئەعزەمـی سـەدارەتپەناهی نێـردراوە و تێیـدا ئامـاژەی پێکـراوە، بـە ووردبینـی کردنـی دەرکەوتـووە لەسـەر ئاماژەی سەرپەرشـتیاریەتی، پێویسـتە مامەڵەکـە بـە پەلـە جێبەجـێ بکرێـت، نـووسراو بـۆ جەنابـی سـەدارەتپەناهی کـراوە و لەسـەر رای جەنابـی نەزارەتپەناهـی وەسـتاوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٧ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣٢٣ و لـە ٢٨ نیسـان ١٣٢١.



| DH.MKT. | 00965.00054 | 15 رەبیعی کۆتایی 1323 |
|---|---|---|

١٥ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٣
٦ حوزەیران ١٣٢١
بۆ نەزارەتی سندوقی خانەنشینی مولکیەی عالیە
قائیمقامی پێشووی رانیە وەلیەددین ئەفەندی، لەبەر ئەم نەخۆشیەی کە تووشی بووە، بە شێوەیەکی کاتی چۆتە گۆریجە، مووچەی دوورخراوی کەڵەکەبووە، بۆ وەرگرتنی ئەم مووچەیە داوای کردووە بۆی خەرج بکرێت، ناوبراو لە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی راگەیاندنی چوون و نەچوونی ئاماژەی پێکراوە، ئەگەرچی ناوبراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەت سەردانی دەوڵەتی نەکردووە، بەڵام بە ووتەکانی خۆی پزیشکەکان ئاگاداریان کردۆتەوە کە کەشوهەوا بگۆرێت، لەسەر ئەم ئاگادارکردنەوە ناچار بووە بروات، جگە لەمە بە تەواوەتی چاك نەبۆتەوە، بە گوێرەی ئەم نەخۆش کەوتنەی لە مێژووی ٢٣ مایس ١٣٢١ نووسراو بە وەڵامەوە نووسراوەتەوە، ئەمجارە لەلایەن ناوبراوەوە داواکاری دراوە، مووچەی دوورخراوانی لە مێژووی گەرانەوەی بۆ دەرسەعادەت کە دەکاتە سەرەتای مایس بۆی خەرج بکرێت، هەروەها لە شوباتەوە تا کۆتا رۆژی مایس کەڵەکەبووی هەیە، ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە و دەستی بەسەرداگیراوە، لە سندوق بە تۆماری داهات نووسراوەتەوە، لە نەزارەتی عالی ئەنجوومەنی کارگێری کراوەتە راپۆرت، لەسەر ئەم راستیە ئەگەر لە سەردانەکەی تێگەیشتنێك بوویێت، بەڵام خودی خۆی لەبەر نەخۆشیەکەی ئەرکەکە وەرناگرێت، لەم حاڵەتەدا مانەوەی لێرە یا لە گۆریجە هیچ جیاوازیەکی نییە، هەروەها لەبەر نەخۆشیەکەشی خەرجی زیادەی خەرج کردووە، بۆیە بە پێویست زانراوە مووچە دەستبەسەر کراوەکەی پێ بدرێت، جگە لەمە داواکراوە هۆکاری تەواوکردن و دابین کردنی مووچەی سێ مانگەکەشی بۆ بکرێت، بە تێروانین لە وێنەی داواکردنەکەی ناوبراو لەبەر هۆکاری تەندروستی رۆیشتووە و لەبەر ئەوەی بە تەواوەتی چاکیش نەبۆتەوە ئەو ماوەیەی کە لە مەملەکەت دەمێنێتەوە مووچەکەی بۆی هەژمار بکرێت، راگەیەندراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی

هەواڵنامەی کتێب





DH.MKT.01013.00068.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01013.00068 | 3 شەعبان 1323 |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
٤٨٧
بەپەلەیە

بەهـۆی دەسـت لـە کار کێشـانەوەی حوسـنی بـەگ قائیمقامی قـەزای داری دەرە، شـوێنەکەی بـە بەتاڵـی ماوەتەوە، ناوبـراو لـە قـەزای پـازار کـۆی لـە ویلایەتـی خوداوەنـدکار کـە لـە چینـی دووەمـە بۆتـە قائیمقـام، هەرچـی محەمەد سـاڵح بـەگ دەرچـووی مەکتەبـی مولکیـەی شـاهانە لـە قائیمقامـی قەزای پـازار کـۆی لە ویلایەتـی خوداوەنـدکار کە لـە چینـی سـێیەمە لـە فەرمانگەی دلخوا خزمەتی باشـی کردووە و دڵسـۆزی خـۆی سـەپاندووە، شـایەنی ئەوەیە رێزی لـێ بگیرێـت، بۆیـە لـە نزیك دەرسـەعادەت لە شـوێنێکی گونجاو لـە قائیمقامیەتی قەزایـەك دابمەزرێت، بـە گوێرەی نووسراوی سـەدری ئەعزەمی سـەدارەتپەناهی لە مێژووی ٢٣ تەمموز ١٣٢١ ژمارە ١٦٠٧ ئاماژەی پێکراوە، قائیمقامی رانیـە ئیبراهیـم فـەوزی بـەگ ئەرکەکەی بگوازرێتـەوە، بۆ جێبەجـێ کردنی وێنەی پەسـەند کراوی نووسراوی سـەدری ئەعزەمـی باسـکراو پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتەدا ئەمـر و فەرمان بـۆ جەنابی ئەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات.
لە ٣ شەعبان ١٣٢٣ و لە ١٩ ئەیلوول ١٣٢١
بە مۆری بەرێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران




DH.MKT.01027.00016.001

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01027.00016</td><td>19 ڕەمەزان 1323</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٥٨٥<br>ئیبراهیـم فـەوزی بـەگ قائیمقامـی قـەزای ڕانیـە کـە سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵە، ئەمجـارە ئەرکەکـەی گواسـتۆتەوە بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای پازارکـۆی سـەر بـە ویلایەتـی خوداوەنـدکار، هەروەهـا لـە چینـی سـێیەم مولازمێـك نییـە داوای کردبێـت لـە قائیمقامیەتـی ڕانیـە دابمەزرێـت، بـەڵام محەمـەد زەبـور ئەفەندی بەڕێوەبـەری ناحیە لـە مولازمە هەڵبژێردراوەکانـە داوای کـردووە لـە قائیمقامیەتێـك دابمەزرێـت، کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی پێشـکەش کـراوە، جگـە لەمـە ناوبـراو لـە بەڕێوەبەرایەتـی نورخال لێبـووردراوە، جەنابـی پەیوەندیدارانـی نـەزارەت بفەرمووێـت دەخرێتـە دەنگدانـەوە و جێبەجـێ دەکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.<br>لە ١٩ ڕەمەزان ٣٢٣ و لە ٣ تشرینی دووەم ٣٢٣<br>مۆری بەڕێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران</td></tr>
</table>




DH.MKT.01050.00055.001

هەواڵنامەی کیژ


| DH.MKT. | 01050.00055 | 14 زیلحیجه 1323 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٧٧٥

لەلایـەن قائیمقامـی پێشـووی قـەزای رانیـە وەلیەددیـن ئەفەنـدی داواکاری پێشـکەش کـراوە و حەواڵـە کـراوە، لەبەر نەخۆشـی تـکای کـردووە خانەنشـین بکرێت.


لـە راسـتیدا ناوبـراو تەمەنـی گـەورە و پیـر بـووە، وەکـو سـوار توانـای سـەرکەوتن و دابەزینی نەمـاوە، بۆیە بـەردەوام بـوون لـە ئەرکـی قائیمقامیەتەکـەی گونجـاو نییـە، بـە بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە دوورخسـتنەوەی جێبەجـێ کـراوە، هەروەهـا لەگـەڵ جیابوونـەوەی ناوبـراو لـە قـەزای ناوهاتـوو داوای کـردووە ٥٦٢ قـوروش مووچەی دوورخراوانـی بـۆ دابیـن بکرێـت، بـە تۆمـار دەرکەوتـووە نـووسراوی ناوبـراو بـە رێگـەی نەخۆشـیەوە بـووە و بـۆ جێبەجـێ کردنـی خانەنشـینیەکەی ناوبـراو داواکاری گەراوەتـەوە و پێشـکەش کـراوە، لەگـەڵ نـووسراوی نەزارەتـی سـندوقی خانەنشـینی مولکیـە، لەلایـەن جەنابـی پەیوەندیدارانـی نـەزارەت رەزامەنـدی دراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ١٤ زیلحیجە ١٣٢٣ و لە ٢٦ کانوونی دووەم ١٣٢١
مۆری بەرێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>4 جەمادی کۆتایی 1323</td><td>002636.197682</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">
٤ جەمادی کۆتایی ١٣٢٣<br>
٢٣ تەمموز ١٣٢١<br>
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>
ئیبراهیم فـەوزی بـەگ قائیمقامـی قـەزای رانیـە لـە فەرمانگـەی دلخـوای عالـی خزمەتی باشـی کـردووە و دڵسـۆزی نیشـان داوە، ئەمـرۆ شـایەنی رێزگرتنـە، بۆیـە لـە دەوروبـەری دەرسـەعادەت و لـە قائیمقامیەتـی قەزایەکی گونجاو دابنرێـت، لەگـەڵ داواکردنـی هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنی.<br>
<br>
لەلایەن مدحەت بەگەوە ئاگاداری نێردراوە، بە فەرمانی عالی راوێژکار.
</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2716 203630

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 002716.203630 | 9 شەوال 1323 |
|---|---|---|

٩ شەوال ١٣٢٣
٢٣ تشرینی دووەم ١٣٢١
بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی بەهیە
بـە قـەت توانـای بارودۆخەکـە بـە پێویسـت زانـراوە حاڵـی حـازر لـە ویلایەتـی موسـڵ هێڵـی تەلەگـراف درێـژ بکرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر هیـچ نەبێـت لـە رواندزەوە بـۆ ناحیـەی باڵـەك کـە مەرکەزەکـەی گەلاڵەیـە یاخـود تـا رانیە درێـژ بکرێتـەوە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی ناوهاتوو لە مێـژووی ٢٢ تشرینـی دووەم ١٣٢١ هاوپێچ نێـردراوە، بە تێروانین لـە گرنگـی کارەکـە، بـە ئاماژەی پێشـوو جێبەجـێ بکرێـت و هیممـەت بکرێـت لـە ناردنـەوەی راگەیەندراوەکـە.




| BEO. | 002719.203853 | 15 شەوال 1323 |
|---|---|---|

١٥ شەوال ١٣٢٣
٢٨ تشرینی دووەم ١٣٢١
بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی بەهیە
بـۆ درێژکردنـەوەی مـاوەی هێڵـی تەلەگـراف، لـە مەرکـەزی روانـدز بـۆ گەڵاڵـە کـە مەرکـەزی ناحیـەی باڵەکـە یاخـود تـا رانیـە درێـژ بکرێتـەوە، بـۆ تەواوکردنـی ئـەم کارە، بـە گوێـرەی وەڵامـی نـووسراوی ٩ شـەوال ١٣٢٣ بەپەلـە هیممـەت بکرێـت لـە راگەیاندنـی.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 002729.204601 | 28 شەوال 1323 |
| --- | --- | --- |

- پلەی سەر عەسکەر
فەرمانگەی ژمێریاری
١٣٢١
ڕاگەیەندراوی بەندەیە

بیرۆکـەی ئەوەیـان هەیـە، لـە ڕووی کارگێریـەوە سـەربازی جەنابـی ملوکانـە کـە لـە لاهیجانـن تووشـی گیروگرفـت بکـەن، لەلایـەن ئێرانیەکانـەوە ڕێگـە نـەدراوە لەلایەنـی سـەندوس و ئۆشـەوی و سـامیەجبۆلاق زەخیـرەکان بـۆ لایەنـی ڕوم بـڕوات، لـە ئەنبارەکانـی میـری ڕانیـە و کـۆی سـانجەق و ڕوانـدز ئـەو گەنـم و جۆیـەی بوونـی هەیـە، بـە پێویسـت زانـراوە بـۆ تابورەکانـی سـەربازی دابیـن بکرێـت، ئـەم زەخیرانـە بـە ئاژەڵـی بارگیـر بـە خۆرایـی لـە قـەزاکان دەگوازرێتـەوە، ڕۆژێك پێشـووتر لـە ڕێگـەی پۆسـتە بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نووسراوەتـەوە، ئـەم تەلەگرافنامەیـەی لـە قوماندانیەتـی لەشـکری شەشـەم وەرگیـراوە، تێیـدا باسـکراوە، کـە زەخیـرەی ناوهاتـوو لەسـەر ئامـاژەی قوماندانیەتـی ناوهاتـوو هەرچـی زووە بنێردرێـت، لـە بـارەی ناردنـی ئـاگاداری کاریگـەر بـۆ ویلایەتـی ناوهاتـوو بـە فەرمانـی سـەدری ئەعزەمـەوە دەبێـت، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٨ شـەوال ١٣٢٣ و لـە ١٢ کانوونـی یەکـەم ١٣٢١.
ڕزا سەر عەسکەر


- ١ زیلقەعدە ١٣٢٣
١٤ کانوونی یەکەم ١٣٢١
تەلەگراف بۆ ویلایەتی موسڵ

لـە ئەنبارەکانـی میـری ڕانیـە و کـۆی سـانجەق و ڕوانـدز ئـەو گەنـم و جۆیـەی کـە تێـدا هەڵگیـراوە، بـۆ تابـورەکان دابیـن کـراوە، هەروەهـا لـە قەزایەکانـەوە بـە ڕێگـەی ئاژەڵـی بارگیـر بـە خۆرایـی دەنێردرێـت، هەرچـی زووە بـە پۆسـتە بنێردرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە ئامـاژەی سـەر عەسـکەر جێبەجـێ دەکرێـت.





BEO.002729.204601.002

هەواڵنامەی کتێب




DH.MKT.01013.00028.003





DH.MKT.01013.00028.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| **DH.MKT.** | 01013.00028 | **14 موحەررەم 1324** |

- بابی عالی
فەرمانگەی نەزارەتی ناوەخۆ
نووسراوی سەدری ئەعزەم کە لە ٢٣ تەمموز ١٣٢١ ژمارە ١٦٠٧ دەرچووە، وێنەیەکی هاتووە
ئیبراهیم فەوزی بەگ قائیمقامی قەزای رانیە لە فەرمانگەی دلخوای عالی خزمەتی باشی کردووە و دلسۆزی خۆی نیشان داوە، ئەمڕۆ شایەنی ڕێزلێنانە، بۆیە لە نزیك دەرسەعادەت و لە قائیمقامیەتی قەزایەکی گونجاو دابنرێت، داواکراوە دڵی خۆش بکرێت، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.
لەگەڵ ڕەسەنەکە وەك یەکە ئەحمەد سەحابی
مۆری بەڕێوەبەری قەڵەمی فەرمانبەران


- بابی عالی
فەرمانگەی نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٨٤٨
ساڵح بەگ قائیمقامی پازار کۆی لە قائیمقامیەتی قەزای داری دەرە کە سەر بە ویلایەتی ئەدرنەیە دامەزرێت و لە شوێن ئەویش قائیمقامی رانیە ئیبراهیم فەوزی بەگ دامەزرێت، لەسەر ئەو ئاماژەیەی کە پێشووتر هاتووە، لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیەش لە مێژووی ١٢ تشرینی دووەم ١٣٢١ ژمارە ٢٧١ بڕیارنامە پێشکەش کراوە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی عالی یەکسانن، بەڵام هێشتا فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی نەهاتووە لە بارەی جێبەجێ کردنی بۆ سەدارەتپەناهی ڕاگەیاندن نێردراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ موحەررەم ١٣٢٤ و لە ٢٥ شوبات ١٣٢١.



هەواڵنامەی کێتێ

| DH.MKT. | 01091.00062 | 14 زیلقەعدە 1324 |
| --- | --- | --- |

١٤ زیلقەعدە ١٣٢٤
١٧ کانوونی یەکەم ١٣٢٢
بۆ ویلایەتی موسڵی عالییە
وەڵامــی نــووسراوی عالــی لــە مێــژووی ١٢ تشرینــی یەکــەم ١٣٢٢، عەبــاس ئەفەنــدی لــە تۆمــاری ناسـنامەی قــەزای رانیــە دامــەزراوە، لــە مێــژووی دەســت بــەکار بوونیــەوە مانگانــە ١٢٥ قــوروش مووچــەی بــۆ دابیــن دەکرێــت، لەگــەڵ دەســت بــەکار بوونەکەشــی مێــژووی جێبەجــێ کردنــی ســوێند خواردنەکــەی و خزمەتــی دەست بـە کار بوونەکـەی و دەسـت لـە کار کێشـانەوەی ئـەوی تـر رابگەیەندرێـت و کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسێتی بـە مەبەسـتی تۆمـار کـردن دراوەتـە یەکـەی تۆمـار، بـە ووتـەی ژمێریـاری پەلـە کـراوە لـە راگەیاندنـی.




BEO.002781.208514.002

هەواڵنامەی کتێب

| 15 موحەڕڕەم 1324 | 002781.208514 | BEO. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ٥١٦٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەیە


بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای داری دەرە کـە سـەر بـە ویلایەتـی ئەدرنەیـە، قائیمقامـی پازارکـۆی سـاڵح بـەگ و بـۆ شـوێنی ئەویـش قائیمقامـی ڕانیـە ئیبراهیـم فـەوزی بـەگ خزمەتەکانیـان بگوازنـەوە، لـەم بارەیـەوە لەسـەر نـووسراوی بەنـدە بڕیارنامـە لـە قۆمیسـیۆن ڕێکخـراوە، لـە مێـژووی ١٢ تشرینـی دووەم ١٣٢١ پێشکەشـی سـەدارەتپەناهی کـراوە، لەبـەر گرنگـی شـوێنی سـتراتیژی قەزاکانـی ناوهاتـوو لـە ڕەزامەنـدی دووپاتکراوەتـەوە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٥ موحەڕڕەم ١٣٢٤ و لە ٢٦ شوبات ١٣٢١.
نازری کاروباری ناوەخۆ




| BEO. | **002932.219888** | 1324 شەعبان 28 |
|---|---|---|

٢٨ شەعبان ١٣٢٤
٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٢
بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر و نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دارایی جەلیلە
وێنەکانیان لە باڵا نووسراوەتەوە و بریارنامەی ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان لەگەڵ نووسراوی راگەیەندراو هەروەها فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی دەرچووە، بە گوێرەی پەراوێز کە بڕی نرخەکەی دیاری کراوە، ئاگاداری دراوەتە نەزارەتەکانی ناوەخۆ و دارایی جلیلە، هەواڵ بدرێتە لایەنی واڵای سەر عەسکەر بۆ ئەوەی هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


لە بارەی درێژکردنەوەی هێڵێکی تەلەگراف لە مەرکەزی رواندزەوە تا رانیە.





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003043.228151 | 25 ڕەبیعی یەکەم 1324 |
|---|---|---|

- بابی عالی
٢٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٤
١٠ نیسان ١٣٢٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
محەمەد شوکری ئەفەندی کە لە بەڕێوەبەرایەتی پوغومیل جیابۆتەوە، لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دادەمەزرێت، لەم بارەیەوە لە مێژووی ٢٧ سەفەر ١٣٢٥ ژمارە ٣٧٣ لەسەر نووسراوی دەوڵەت بە بڕیاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ١٤ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٥ جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ بکرێت.


DH.TMIK.M.00257.00019.001



257.00019.002

هەوالنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00257.00019 | 21 رەمەزان 1325 |
| --- | --- | --- |

- ٩ تشرینی یەکەم ١٣٢٣
مۆڵەت
لە گیزلی تاشی دەرسەعادەت بۆ مەزهەر ئەفەندی لە میوانخانەی رەمزی بەگ
ئـەو تەلەگرافەیـە کـە لـە بـارەی دەسـتگیرکردنی بکـوژەکان، لـە سـەدارەتی پایەبـەرز بـۆ ویلایەتـی جەلیلـەی موتەسـەرفیەتی کەرکـوك بـۆ حکوومەتـی رانیـە هاتـووە، ئـەم فەرمانانـە بـە بریـار و ئەنجـام جێبەجـێ نەکـراوە، بکـوژەکان لـە ترسـی هۆزەکەمـان چوونەتـە قـەزای حەمیدیـە، دوای بەدواداچـوون دەرکەوتـووە، بـۆ ئـەوەی خوێنـی کورەکـەم بـە هـەدەر بـروات، حکوومەتـی رانیـە پارەوپولـی تاڵانکـراوی بـەش کـردووە، دوای ئەمـەش رێیـان نیشـان داون، لـە جیاتـی ئـەوەی بـە گوێـرەی یاسـا مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت بە پێچەوانـەوە پارێـزراون، مـاوەی چـوار مانگە بـەردەوام سـەردانمان کـردوون، بـەڵام بـێ سـوود بـووە، خانەکـەم لـە بەغـداد هەروەهـا کاری بازرگانـی و قەرزەکانـم بەجـێ هێشـتووە، بـۆ وەرگرتنـەوەی تۆڵـەی خـۆم لـە چوارچێـوەی پاراسـتنی مافەکانـم چوومەتـە نـاو هۆزەکـەم، لـەم بابەتـەدا بـۆ هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتی مـاددی و مەعنـەوی گەراومەتـەوە لای حکوومـەت، راگەیاندنـی پێویسـتە.
مستەفا لە سەرۆکەکانی هۆزی ئاکۆ


- ١٥ تشرینی یەکەم ١٣٢٣
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
بـە واژووی مسـتەفا سـەرۆکی هـۆزی ئاکـۆ، لـە مەرکـەزی کـۆی سـانجەق بـۆ مەزهـەر ئەفەنـدی لـە دەرسـەعادەت تەلەگرافنامـە نێـردراوە، بابەتەکـە جێگـەی ووردبینـی و سـەرنج راکێشـە، وێنـەی تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٧ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٣ وەرگیـراوە، بـە لێکۆڵینـەوە ئامـاژەی پێکـراوە و لـە قۆمیسـیۆن گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە.



Y.MTV.00302.00228.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>Y.MTV.</td><td>00302.00228</td><td>29 شەعبان 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی تۆمارکردن<br>تایبەتی<br>لـە قوماندانیەتـی روانـدز راگەیەنـدراوە، ئەندامانـی تابوری سـێیەمی ئالآی ٤٨ کە لە پەسـوەن، بە چەکەوە شـوێنەکانی خۆیـان بەجـێ هێشـتووە و بەبـێ ئەفسـەر بـۆ رانیـە و ئەوانـی تـر کـە لـە ٧٤ پێکهاتـوون بـۆ روانـدز هاتـوون، لەگـەڵ ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوەی پێویسـت پێیـان راگەیەنـدراوە لەگـەڵ تابـوری نیزامیـەی ئـەوێ لـە رووی کارگێرییـەوە بەڕێوەبردنیـان رێـك بخرێـت، وێنەی ئـەو تەلەگرافنامەیەی کە لـە قوماندانیەتی موسـڵ هاتووە، هاوپێـچ راگەیەندراوە و پێشـکەش کـراوە، هەروەهـا هـۆکاری هەڵاتنـی ئەندامانـی باسـکراو لێکۆڵینـەوەی پێویسـت ئەنجـام بدرێـت، بـە راگەیاندنـی ئامـادەکاری بـاش بکرێـت و بگەڕێندرێنـەوە شـوێنەکانی خۆیـان، جگـە لەمـە لـە بارەیانـەوە مامەڵـەی یاسـایی ئەنجـام بدرێـت و رێگـە نەدرێـت پێچەوانـەی ڕەزامەنـدی عالـی شـتێك رووبـدات، بـۆ ئەمـەش تەلەگرافنامـە لەگـەڵ وەڵامـی قوماندانیەتـی باسـکراو بەردەسـتە، لـەم بابەتـەدا بـە گوێـرەی ئـەو ئامـاژەی رادەگەیەندرێـت مامەڵەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.<br>لە ٢٩ شەعبان ١٣٢٥ و لە ٢٤ ئەیلوول ١٣٢٣<br>رزا سەر عەسکەر</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.00875.00093.004


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00875.00093</td><td>20 سەفەر 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٥٣<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، ئیبراهیـم فـەوزی ئەفەنـدی قائیمقامی قـەزای رانیـە، ئەرکەکـەی گواسـتۆتەوە قائیمقامیەتی قـەزای پازارکـۆی لـە ویلایەتـی خوداوەنـدکار، لێـرەدا شـوێنی قائیمقامـی قـەزای رانیـە بـە بەتاڵـی ماوەتـەوە، لەبـەر ئـەوەی کەسـێك نییـە لـە چینی سـێیەم و مولازمی هەڵبژێـردراو بێت ئـارەزوو بکات لـە قائیمقامیەتی قـەزای ناوهاتوو دابمەزرێـت، جگـە لەمـەش قـەزای ناوهاتـوو لـە شـوێنە گرنگەکانـە، ناکرێت هەمیشـە بـە وەکالـەت بەرێـوە ببردرێت، بۆیـە قائیمقامـی مولازیـم محەمەد شـوکری ئەفەنـدی کە لـە بەرێوەبەرایەتی پوغومیـل جیابۆتەوە، لە قـەزای ناوهاتوو دابمەزرێـت، کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، رای جەنابـی سەدارەتپەناهیشـە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٠ سـەفەر ١٣٢٥ و لـە ٢٢ مـارت ١٣٢٣.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01212.00079.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01212.00079</td><td>11 شەوال 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٦٦٢<br>راگەیەنـدراوە کـە بـاش کاتیبـی دادگای سـەرەتایی سـانجەقی کەرکـووك سـەید عەلـی ئەفەندی هەڵبژێـردراوە تـا لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ لـە قائیمقامیەتێـك دابمەزرێـت، جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمانـی پاشـا بـە پێویسـتی زانیـوە جێبەجـێ بکرێـت، بـە نـووسراوی تایبەتیش بـە بـاش کیتابەتـی جەلیلـەی مابەینـی هومایۆن راگەیەنـدراوە، بۆیـە بـە نووسراوێکـی ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی شـاهانە جێبەجـێ کردنـی فەرمـووە، نـووسراوی سـەدری ئەعزەمیـش لـە مێـژووی ١ تشرینـی دووەم ١٣٢٣ ژمـارە ٢٣١٥ ئامـاژەی پێکـراوە، دواتـر لـە کاتـی پێداچوونـەوە بـە تۆمـار دەرکەوتـووە بەهـۆی مردنـی محەمـەد شـوکری ئەفەنـدی، شـوێنەکە بـە بەتاڵـی ماوەتـەوە، بۆیـە ناوبـراو لـە قائیمقامـی قـەزای رانیـە لـە چینـی سـێیەم دەسـت بـە کار بێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات، لـە ١١ شـەوال ١٣٢٥ و لـە ٤ تشرینـی دووەم ١٣٢٣.</td></tr>
</table>





DH.MKT.01231.00038.002

هەواڵنامەی پێڤ


| 4 زیلقەعدە 1325 | 01231.00038 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |

.............
فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی
یەکەی ١
٢٣٨٨
بۆ جەنابی سەر عەسکەر
جەنابی ئەفەندم
لـه ئـاڵای ٣١ی نیزامیـه تابـوری یەکـەم بریارنامـه هاتـووە، هاوپێـچ لەگـەڵ ووتـەی فەرمانگـەی ئەرکانـی جەنگـی راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، عەبدوڵڵا موخلـیس بـەگ بـە وەکالـەت لـە قائیمقامیەتـی رانیەیـە، لـە ئەرکەکەیـدا خزمەتـی باشـی کـردووە، داواکـراوە رێزلێنانـی پـێ بدرێـت و پلەکـەی بـەرز بکرێتـەوە، تێروانیـن لـە نـووسراوەکان کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
له ٤ زیلقەعدە ١٣٢٥ و له ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٢٣
جەنابی شەرهریار و موشیری لەشکری چوارەمی هومایۆن




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01454.000021</td><td>11 رەبیعی یەکەم 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>.... دیوانی همایۆن<br>٨٦٨<br>جەنابی ئەفەندم<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە بـە کراوەیـی ماوەتـەوە، بۆیـە محەمـەد شـوکری ئەفەنـدی دامەزرێـت کـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی پوغومیـل جیابۆتـەوە، لەسـەر نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە، بڕیارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە ڕێکخـراوە لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی بەیەکـەوە ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا دوای ڕاگەیاندنـی ئەمـر و فەرمانـی همایۆنـی جەنابـی خەلافەتپەناهـی، کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، نـووسراوی بەپەلـە کـراوە ئەفەنـدم.<br>لە ١١ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥ و لە ١١ نیسان ١٣٢٣<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| 7 زیلقعەدە 1325 | 01462.000009 | I.DH. |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
٣٥١٣
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ، قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە بـە کراوەیـی ماوەتـەوە، بـۆ ئـەم شـوێنە سـەید عەلـی ئەفەنـدی بـاش کاتیبـی دادگای سـەرەتایی سـانجەقی کەرکـووك دامەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە سـەر هاتنـی نـوسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە، بریارنامـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە رێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە، لەگـەڵ کاغـەزی وەرگێـردراوی بـاری کەسـێتی راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا فەرمانـی پاشـای جەنابـی خەلافەتپەناهـی هـەر چییـەک بێـت، جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسرای بەپەلـە کـراوە ئەفەنـدم، لـە ٧ زیلقعـدە ١٣٢٥ و لـە ٢٩ تشرینـی دووەم ١٣٢٣.
سەدری ئەعزەم


داخلیه مکتوبی قلمی


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>9 شەعبان 1327</td><td>02911.00032</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٣ ئۆغستۆس ١٣٢٥<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>دوای داواکردن عەلی ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای مەعمورەی حەمیدیە و لە قائیمقامیەتی قەزای رانیەش ئیبراهیم ئەفەندی دادەمەزرێن، لە نەزارەتی ژمێریاری تۆمار کراوە، هەر کە ناوبراوان گەیشتنە شوێنی ئەرکەکەیان لە مێژووی دەست بەکار بوونیان مانگانە ١٥٠٠ قوروش مووچەیان بۆ دابین دەکرێت، بە گوێرەی بریارەکانی نیزام مامەڵەکان جێبەجێ دەکرێت، هەروەها هیممەت بکرێت لە راگەیاندنی مێژووی دەست بە کار بوون و دەست لە کار کێشانەوەیان.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>003014.226008</td><td>2 سەفەر 1325</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢ سەفەر ١٣٢٥<br>٣ مارت ١٣٢٣<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بــە پشــت بەســتن بــە بریارەکانــی بریارنامــەی تایبەتــی، وەلیەددیــن ئەفەنــدی قائیمقامــی پێشــووی رانیــە مانگانــە بــە مووچــەی ٥٦٢ قــوروش خانەنشــین دەکرێــت، لــەم بارەیــەوە بــە بریــاری شــورای دەوڵــەت، جەنابــی خەلافەتپەناهــی بــە فەرمانــی پاشــا رەزامەنــدی داوە ، کارەکــە ئەنجــام دراوە، لەگــەڵ راگەیاندنــی نــووسراو کــراوە.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 3 زیلحیجە 1325 | 003226.241934 | BEO. |

٣ زیلحیجە ١٣٢٥
٢٥ کانوونی یەکەم ١٣٢٣
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ناو ویلایەتی موسڵ، سەید عەلی ئەفەندی باش کاتیبی دادگای سەرەتایی سانجەقی کەرکووک لە قائیمقامیەتی قەزای رانیە دادەمەزرێت، لەسەر نووسراوی ١٩ شەوال ١٣٢٥ ژمارە ٣٤٦٤ و بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی ٢ زیلحیجە ١٣٢٥ جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی پاشا رەزامەندی داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.


هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>19 ڕەبیعی یەکەم 1326</td><td>01248.00031</td><td>DH.MKT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٩ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٦<br>٧ نیسان ١٣٢٤<br>نەزارەتی سندوقی خانەنشینی مولکیەی جەلیلە<br>٢٣ کانوونـی دووەم ١٣٢٣ وەڵامـی نـووسراوی عالیـە، لەلایـەن خێزانـی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای ڕانیـە، شـوکری ئەفەنـدی کۆچکـردوو، داوای دابینکردنـی مووچـە کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە خشـتەی مـاوەی خزمەتەکـەی لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە و هاوپێـچ نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02668.00019 | 29 شەوال 1326 |
|---|---|---|


٢٩ شەوال ١٣٢٦
١٠ تشرینی دووەم ١٣٢٤
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
مێـژووی ٤ تشرینـی یەکـەم ١٣٢٤ ژمـارە ٨٤ وەڵامـی نـووسراوی بەهیەیە: جەمیـل ئەفەنـدی کاتیبـی ناسـنامەی قـەزای رانیـە بـووە، بـە زۆرەملـێ کراوەتـە سـەرباز، لـە کۆتاییـدا وەکـو ئەندامانـی زۆرەملـێ لـە لێبووردنـی گشـتی سـوودمەند بـووە، لـە بـارەی برینـەوەی مووچـە بـۆ خێزانەکـەی، نـووسراوی گشـتی کـە لـە مێـژووی ٢٥ ئەیلـوول ١٣١٥ و ١ نیسـان ١٣١٦ نووسراوەتـەوە، بـە گوێـرەی زانیـاری نـوسراوەکان مامەڵەکـە جێبەجـێ کـراوە و بـە ووتـەی کارگێـری ناسـنامەی گشـتی پەلـە کـراوە لـە راگەیاندنـی.




| BEO. | 002905.217841 | 20 رەجەب 1326 |
|---|---|---|

٢٠ رەجەب ١٣٢٦
٢٦ ئۆغستۆس ١٣٢٢
بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەریمان

هاوپێچی نووسراوی مێژووی ١٩ رەجەب ١٣٢٤، مستەفا بەگ میری ئالای پێنج شەش رۆژە لە دەستەی لێکۆڵینەوە ئەرکی سەر سنووریان پێ دراوە، بەڵام عزەت پاشا میری لیوا کە لەگەڵیەتی نەخۆش کەوتوون و لە کۆی سانجەق ماونەتەوە، هەروەها فوئاد بەگی قائیمقامیش زیاد لە خۆی نەخۆشە، بۆیە لە رانیەوە رەوانەی کۆی سانجەق کراوەتەوە، تەنیا نوری بەگ لە دەستەکە ماوەتەوە، لە ویلایەتی موسڵەوە تەلەگرافنامە بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە کراوە، لە نەزارەتی ناوهاتووەوە لەگەڵ نووسراوی مێژووی ١٧ رەجەب ١٣٢٤ ژمارە ٢٦٦٦ بەیەکەوە بۆ سەر عەسکەر نێردراوە، لە بارەی بابەتەکە و کاری سەر سنوور، هەرچی زووە تەواو بکرێت و بە پەلە ئەنجامی جێبەجێ کردنەکە رابگەیەندرێت.



761
I.HB.00001.00012.002

هەواڵنامەی کتێب

| I.HB. | 00001.00012 | 28 زيلحيجه 1327 |
|---|---|---|


نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی تۆمار
قەڵەمی تۆمار
٧٦١

ئەحمەد ئوستە تفەنگچی تابوری دووەمی رانیە سەر بە ئاڵای رەدیفی ٩٠ی لەشکری شەشەمی همایۆن، لە قوماندانیەتی لەشکری همایۆنی ناوهاتوو ئاماژە بە جێبەجێ کردنی خانەنشین کردنەکەی کراوە، بە تێروانین لە خزمەتی ناوبراو بە پێویست زانراوە لە پارەوپولی دەستبەسەرکراودا بدرێت و داواکراوە دابین بکرێت، بە گوێرەی یاسا رەزامەندی دراوە مانگانە بە مووچەی ٤٦٥ قوروش خانەنشین بکرێت، لە فەرمانگەی تۆپچی بریارنامە رێکخراوە و پەسەند کراوە، هاوپێچ پێشکەش کراوە، جێبەجێ کردن و راگەیاندنی ئەنجامەکەی لەسەر بریاری سەدری ئەعزەمە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٨ زیلحیجە ١٣٢٧ و لە ٢٨ کانوونی یەکەم ١٣٢٥
نازری جەنگی




| I.DH. | 01476.000049 | 28 رەجەب 1327 |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
...... دیوانی هومایۆن
١١٢٨
بۆ جەنابی ئەفەندم
لە ویلایەتی موسڵ، عەلی ئەفەندی قائیمقامی قەزای رانیەیە، لەبەر دژایەتیکردنی داوایکردووە ئەرکەکەی بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەها لەبەر ئەوەی قائیمقامی قەزای مەعمورەی حەمیدیە ئیبراهیم ئەفەندی لەگەڵ ئەفسەرانی سەربازی ناوچەکە نێوانی خۆش نییە و ناگونجێت، لەسەر ئاماژەی ویلایەت ناوبراوان گۆرینەوەیان پێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، فەرمانی پاشای جەنابی پاشا هەر چۆنێك بفەرمووێت ئاوا جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراوی بەپەلە نووسرایەوە ئەفەندم، لە ٢٨ رەجەب ١٣٢٧ و لە ٢ ئۆغستۆس ١٣٢٥.
سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02718.00063 | 2 موحەررەم 1327 |
|---|---|---|

٢ موحەررەم ١٣٢٧
١٢ کانوونی دووەم ١٣٢٤
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
قائیمقامـی قـەزای رانیـە سـەید عەلـی ئەفەنـدی لەگـەڵ نائیـب مەعـروف ئەفەنـدی، بـە هاوبەشـی مافـی بەندەیـان خـواردووە و خەزینەیـان تووشـی زەرەر کـردووە، بـە مـۆری حاجـی ئەحمەد لـە گوندی توربـەی قەزای ناوهاتوو سـکاڵا هاتـووە، لەسـەر ئـەم سـکاڵایە هاوپێچ داواکاری بـۆ والا نێـردراوە، لـەم بارەیـەوە بـارودۆخ و کاری کارگێـری قائیمقامی ناوهاتـوو بـە ئیسـتیدعانامەی هاتـوو ووردبینی بۆ دەکرێت، بـە گوێرەی ئەو ئەنجامـەی دەردەچێت هیممەت بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02757.00090 | 11 سەفەر 1327 |
|---|---|---|

١١ سەفەر ١٣٢٧
١٩ شوبات ١٣٢٤
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە


کاغـەزی کەسـێتی وەرگێـردراوی عەبدولمەجیـد بـەگ بەڕێوەبـەری ناحیـەی ئەعیـوج لـە نـاو ویلایەتـی بەغـداد تۆمـار کـراوە، کـە ناوبـراو لـە مێـژووی ١٠ تەممـوز ١٢٩٢ بـە مووچـەی ٥٠٠ قـوروش لـە تۆمـاری دوخانــی رانیــە وەکــو فەرمانبــەر ئەرکــی هەبــووە، هەرچــی زووە بــە پەلــە زانیــاری تۆمــار کــراو لــە ســەر مــاوەی خزمــەت و بــری مووچەکــە و هــۆکاری دەســت لــە کار کێشــانەوە و پاکانــەی بەیەکــەوە بنێردرێــت.



DH.MKT.02813.00088.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02813.00088</td><td>22 ره‌بیعی كۆتایی 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نه‌زاره‌تی كاروباری ناوه‌خۆ<br>قۆمیسیۆنی باری كه‌سێتی فه‌رمانبه‌ران<br>ژماره‌ ٩٢<br>زه‌كـی ئه‌فه‌نـدی قائیمقامـی قـه‌زای ساسـۆن له‌بـه‌ر بـێ توانایـی خـۆی جه‌سـته‌ی تووشـی كێشـه‌ بـووه‌، ناتوانێـت ئه‌ركه‌كـه‌ی به‌رێـوه‌ ببـات، بۆیـه‌ داوای كـردووه‌ لـه‌ ئه‌ركه‌كـه‌ی بگوازرێتـه‌وه‌، هه‌روه‌هـا لـه‌ ویلایه‌تـی دیاربه‌كـر قائیمقامـی قـه‌زای به‌گبـازار، عـارف بـه‌گ بـه‌ جیابوونـه‌وه‌ ئه‌ركه‌كـه‌ی جـێ هێشـتووه‌، لـه‌ شـوێن ئـه‌و قائیقامـی قـه‌زای مه‌جیدیـه‌ نیهـاد بـه‌گ بـه‌ وه‌كالـه‌ت نێـردراوه‌، بـه‌ په‌سـه‌ند كردنـی بنه‌چـه‌ی بـۆ قـه‌زای مه‌جیدیـه‌ بنێردرێـت، دامه‌زرانـدن و ناردنـی ئـه‌وی تریـش لـه‌ ویلایه‌تـی ئه‌نقـه‌ره‌ حه‌واڵـه‌ی قۆمیسـیۆن كـراوه‌، لـه‌ ته‌له‌گرافنامه‌كانـی ٣٠ مـارت ١٣٢٥ و ٢٢ نیسـانی هه‌مـان سـاڵ نیشـان دراوه‌، قه‌زاكانـی ناوهاتـوو لـه‌ چینـی سـێیه‌م و ناوبـراوان زه‌كـی ئه‌فه‌نـدی له‌گـه‌ڵ نیهـاد بـه‌گ لـه‌ ده‌رچووانـی مه‌كته‌بـی مولكیـه‌ ده‌رچوونـه‌ و لـه‌ چینـی ناوهاتـوو هه‌ڵبژێـردراون، ئه‌مـه‌ش بـه‌ تۆمـار ده‌ركه‌وتـووه‌، قائیمقامـی مه‌جیدیـه‌ نیهـاد بـه‌گ بـۆ قـه‌زای به‌گبـازار و قائیمقامـی ساسـۆن زه‌كـی ئه‌فه‌نـدی بـۆ قائیمقامـی قـه‌زای مه‌جیدیـه‌ بنێردرێـن و دابمه‌زرێـن، لـه‌م حاڵه‌تـه‌دا بـۆ قائیمقامـی قـه‌زای ساسـۆنیش مسـته‌فا ئه‌فه‌نـدی دابمه‌زرێـت كـه‌ لـه‌ قائیمقامیه‌تـی قـه‌زای رانیـه‌ لێبـووردراوه‌ و لـه‌ چینـی سـێیه‌م و هه‌ڵبژێردراوه‌كانـه‌، لـه‌ ویلایه‌تـی دیاربه‌كـر راگه‌یه‌نـدراوه‌ و كاغـه‌زی وه‌رگێـردراوی كه‌سـێتی نیشـانی داوه‌ كـه‌ هیـچ كێشـه‌یه‌ك نییـه‌ لـه‌ به‌كارنه‌هێنانـی، لـه‌م بابه‌تـه‌دا ئه‌مـر و فه‌رمـان بـۆ جه‌نابـی ئـه‌و كه‌سـه‌یه‌ كـه‌ فه‌رمـان ده‌رده‌كات.<br>له‌ ٢٢ ره‌بیعی كۆتایی ١٣٢٧ و له‌ ٢٩ نیسان ١٣٢٥<br>ئه‌ندام، باش كاتیب به‌ مۆری غالب، ئه‌ندام، ئه‌ندام، سه‌رۆك به‌ مۆری محه‌مه‌د سادق</td></tr>
</table>




DH.MKT.02898.00036.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02898.00036 | 21 رەجەب 1327 |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی کاروباری ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی تۆماری کەسێتی فەرمانبەران
ژمارە ٣٤٢
لەلایـەن عەلـی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە دەرچـووە، لەبـەر دژایەتـی کردنـی، ناوبـراو چۆتـە قـەزای کـۆی سـانجەق و داوای کـردووە بگوازرێتـەوە بـۆ قائیمقامیەتێکـی تـر، بـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ ویلایەتـی ناوهاتـوو، ئـەو تەلەگرافنامەیـەی لـە وەڵامـدا هاتـووە، حەواڵـەی قۆمیسـیۆن بـووە، بەهـۆی نەخۆشـی ناوبـراو هەروەهـا قائیمقامـی مەعمـورەی حەمیدیـە ئیبراهیـم ئەفەنـدی لـە شـوێن خـۆی لەگـەڵ ئەفسـەرانی سـەربازی ناوچەکـە ئاوێتـە نابێـت، بۆیـە مانـەوەی لـە ئەرکەکـەی بـە گونجـاو نازانرێـت، بـۆ دڵنیابوونـەوە لـە کارگێـری هـەردوو قـەزا بـە گونجـاو زانـراوە ئەرکەکانیـان بگۆردرێتـەوە، بـە تێروانیـن لـە وێنـەی ئاماژە پێکردنەکـە دەرکەوتـووە عەلـی ئەفەنـدی بـێ مۆڵـەت ئەرکەکـەی بەجـێ هێشـتووە، ئەگـەر بـە پێویسـتیش دەزانرێـت بـا دووربخرێتـەوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی رانیـە شـوێنێکی دوورە، کەسـێك نادۆزرێتـەوە ئـارەزووی دامەزراندنـی هەبێـت، لـە تۆمارەکانیـش روون بۆتـەوە هەردووکیـان کاریـان پـێ سـپێردراوە، بـۆ گۆرینەوەشـیان هێشـتا ئامـاژەی ویلایـەت لـە مەرکـەزە، بـە ئاماژەیـەك نـووسراو بکرێـت بـۆ گۆرینـەوەی شـوێنەکەیان، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢١ رەجـەب ١٣٢٧ و لـە ٢٥ تەممـوز ١٣٢٥.
سـوعاد بـەگ، ئەنـدام/ مـۆری ئەنـدام، غالـب بـاش کاتیـب / مـۆری سـەید ئەحمـەد، ئەنـدام/ مـۆری مسـتەفا نائلـی، ئەنـدام/ محەمـەد سـادق، سـەرۆك



هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003557.266721 | 5 جەمادی یەکەم 1327 |
|---|---|---|


٥ جەمادی یەکەم ١٣٢٧
١٢ مایس ١٣٢٥
بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لەسـەر دەسـت لەکارکێشـانەوەی عـارف بـەگ قائیمقامـی بەگپـازار، نیهـاد بـەگ قائیمقامـی مەجیدیـە کـە بـە وەکالـەت لـە ئەرکەکەیەتـی بگوازرێتـەوە بـۆ شـوێنی باسـکراو، هەروەهـا لـە قائیمقامیەتـی مەجیدیـەش، زەکـی بـەگ قائیمقامـی ساسـۆن و لوتفـی ئەفەنـدی لـە قائیمقامـی ساسـۆن کـە لـە قائیمقامیەتـی رانیـە دەسـتی لـە کار کێشـاوەتەوە دابمەزرێـن، لەسـەر نـووسراوی عالـی لـە مێـژووی ٣ مایـس ١٣٢٥ ژمـارە ٦٣٠ و لـە مێـژووی ١٠ مایـس ١٣٢٥ جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی، جێبەجـێ بکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003622.271587 | 1 شەعبان 1327 |
|---|---|---|


١ شەعبان ١٣٢٧
٤ ئۆغستۆس ١٣٢٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی عالی
لـە ویلایەتـی موسـڵ، عەلـی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە و ئیبراهیـم ئەفەندی قائیمقامـی قـەزای مەعمورەی حەمیدیـە گۆرینەوەیـان پێ دەکرێت، لەم بارەیەوە لەسـەر نـووسراوی عالی لە مێژووی ٣٠ تەمـوز ١٣٢٥ ژمارە ٢٠٦٨ و لە مێژووی ٣ ئۆغستۆس ١٣٢٥ جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003702.277588 | 2 سەفەر 1328 |
|---|---|---|


٢ سەفەر ١٣٢٨
٣١ کانوونی دووەم ١٣٢٥
بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە
یوزباشـی عەبدولباقـی ئەفەنـدی لـە بلۆکی سـێیەمی تابـوری رەدیفی رانیە سـەر بە لەشـکری شەشـەمی هومایۆن بە ناوی ئەفسـەرەوە ئەو ئاقچەیەی کە دەسـتی کەوتووە خسـتویەتیە سـەر ناوی خۆی، لەبەر گشـت کارە بەدەکانیشـی پەلکێشـی دادگای فرقـەی مەرکـەز کـراوە، دواتـر دەرکەوتـووە بـۆ لای ئێـران رایکـردووە، بۆیـە هـەر کاتێك دەسـتگیر کـرا، بـە گوێـرەی یاسـای سـزای سـەربازی مـاددەی حەوتـەم ٧ مانـگ زینـدانـی دەکرێـت، زانیاریـەکان لـە رۆژنامـەی سـەربازی تۆمـار کـراوە، هـەر لەگـەڵ تۆمـار کردنەکـەش لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ٢٥ کانوونـی دووەم ١٣٢٥ ژمارە ٢٠٤٤، جەنابـی خەلافەتپەناهـی بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی داوە، هیممـەت بکرێـت لـە ئەنجامدانـی کارەکـە.


دائرهٔ صدارت تحریرات قلمی
شعبه
اوراق نومروسی | مسودی | مبیضی
۱۷۵
قلمه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض
لاجل التبییض قلمه ورودی
مقابله ایدنلر
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
3725 279346

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003727.279346 | 17 رەجەب 1328 |
| --- | --- | --- |

١٧ رەجەب ١٣٢٨
١٦ مارت ١٣٢٦
بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە
محەمەد راشد ئەفەندی کاتیبی تابوری دووەمی رانیەی سەر بە ئالآی ٩٠ی رەدیفی لەشکری شەشەمی هومایۆن، لەو پارەیەی کە داوای دەکات، مانگانە بە مووچەی ٤٢١ قوروش خانەنشین دەکرێت، لەسەر راپۆرتی عالی لە مێژووی ٣ مارت ١٣٢٦ ژمارە ٣٦ بە رەزامەندی مێژووی ١٥ مارت ١٣٢٦ فەرمانی پاشای جەنابی پاشا فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.





DH.SN.THR.00019.00075.002

هەواڵنامەی کتێب


| DH.SN.THR. | 00019.00075 | 19 سەفەر 1329 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
١٥٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لەسـەر توانا و لێهاتوویـی محەمـەد ئەمیـر ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری ناسـنامە، هەروەهـا زانیـاری لەسـەر کاتیبـی ناسـنامەی رانیـە تەمەنـی ٢٠ سـاڵە.
جەنابی دەوڵەت
بـە ووتـەی بەڕێوەبـەری تۆمـاری ناسنامە، لـە مێـژووی ٩ تشرینـی دووەم ١٣٢٦ ژمـارە ٣٥٤ وەڵامـی نووسراوەکانـی نەزارەتپەناهـی عالیـە، محەمـەد ئەمیـر ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری ناسـنامەی ویلایـەت، ئەرکەکـەی بـە باشـی بەڕێوەبـردووە و لـە کارەکانـی هـەوڵ و کۆششـی بیـنراوە، هەروەهـا نافز بـەگ کـە بـە کاتیبـی ناسنامەی رانیـە دامـەزراوە، لـە مەکتەبـی دواناوەنـدی دەرچـووە، هـەروەك هـەواڵ دراوە، لـە تەمەنـی ١٤ نییـە و تەمەنـی ٢٠ سـاڵە، بـە خـودی کەسـێتی و تۆمـارەوە پەسـەند کـراوە، جگـە لەمـە لەبـەر ئـەوەی تابورەکانـی رەدیفـی مەرکـەزی ویلایـەت کاتیبـی زۆری پێویسـتە، ئـەو کاتیبانـەی بوونیشـیان هەیـە ژمارەیـان کەمـە، بۆیـە هەمـوو سـاڵ هەڵبژاردنـی دووەم ئەنجـام دەدرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی مامەڵـەی سـەربازی ٦ تابـور، هـەر تابورێـك لـە ئەنجوومەنـی وەرگرتنـی سـەرباز لەگـەڵ دەفتـەری ناسـنامە بەیەکـەوە، هـەر یەکەیان پێویسـتی بـە کاتیبێکـە، کاتیبـی ناسـنامەی قـەزاکان کـە سـەر بـە مەرکـەزن بـە شـێوەیەکی کاتـی لـە مەرکـەز بـەکار هاتـوون، کاغـەزی هاوپێچـی ئـەم کارانـەش لەگـەڵ کەلوپەلـی کەسـێتی نێـردراوە، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـڕی ویلایـەت قسـەی لەسـەر کـراوە و لەگـەڵ نووسراوەکانـی نەزارەتپەناهـی، وێنـەی داواکاریەکانیـش پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٩ سـەفەر ١٣٢٩ و ٥ شـوبات ١٣٢٦.
والی موسڵ


داخلیه نظارتی مخابرات عمومیه دائره سی
OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
124-2 34

| DH.ID. | 00124.2.00034 | 24 شەوال 1329 |
|---|---|---|


٢٤ شەوال ١٣٢٩
٤ تشرینی یەکەم ١٣٢٧
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
لەلایـەن ئیسـماعیل ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری دارایـی پێشـوو داواکاری پێشـکەش کـراوە، تاوەکـو داواکـەی بگوازرێتـەوە بـۆ مەرکـەزی ویلایـەت، بـۆ ئەمـەش نـوسراوی هاوپێـچ لـە ویلایەتـی موسڵ وەرگیـراوە، بە مەبەسـتی ووردبینیکردنیـش حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، هاوپێـچ بەیەکـەوە پێشکەشـی سـەدارەتپەناهی دەکرێـت.




| DH.MB.HPS. | 00145.00080 | 27 ڕەبیعی کۆتایی 1330 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی نووسین
ژمارە ١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
ساڵی ٣٢٧ بۆ کارگێری گشتی گرتووخانە، پێنج پارچە خشتە پێشکەش کراوە.

جەنابی ئەفەندم
هاوپێچی نووسراوی مێژووی ١٣ مارت ١٣٢٨ ژمارە ١٠، لە خشتەی ئاماری ساڵی ٣٢٧ گرتووخانەکان، مەرکەزی سانجەقی کەرکووك لەگەڵ قەزاکانی سەڵاحیە و کۆی سانجەق و رانیە و رواندز، پێنج پارچە خشتەی هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەروەها قەزای سنجار کە سەر بە مەرکەزی ویلایەتە، داد و گرتووخانەی نییە، بۆیە خشتە ڕێکنەخراوە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٧ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٣٠ و ١ نیسان ١٣٢٨.
والی موسڵ




هەواڵنامەی کتێب

| 4 جەمادی کۆتایی 1330 | 004030.302201 | BEO. |
|---|---|---|

٤ جەمادی کۆتایی ١٣٣٠
٨ نیسان ١٣٢٨
بۆ وەکالەتی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لـە ویلایەتـی موسـڵ، راسـم ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای حلـە، بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە بگوازرێتـەوە، لـەم بارەیـەوە لـە مێـژووی ٤ نیسـان ١٣٢٨ ژمـارە ٣١٢ نـووسراو رێکخـراوە و لەگـەڵ نـووسراوی عالـی نێـردراوە، لیسـتی فەرمانـی پاشـا لەگـەڵ واژووی هومایۆنـی جەنابـی پاشـا بـە پەسـەند کردنـی وێنـەی پەسـەند کـراوی، هاوپێـچ نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.


هەواڵنامەی کتێب

| 28 ره‌بیعی كۆتایی 1331 | 00130.00042 | I.HB. |
|---|---|---|


- نه‌زاره‌تی جه‌نگی
فه‌رمانگه‌ی تۆمار
قه‌ڵه‌می تۆمار
١٨٩
فه‌رمانی پاشا
مولازمـی دووه‌م ئه‌میـن بـه‌گ كـه‌ قوماندانـی تاقمـی رانیـه‌ی سـه‌ر بـه‌ بلۆكـی هه‌ولێـری تابـوری كه‌ركووكـه‌ لـه‌ ئـاڵای ژاندارمـه‌ی ویلایه‌تـی موسـڵ، مانگانـه‌ بـه‌ مووچـه‌ی ٤٢٥ قـوروش خانه‌نشـین كـرا.

بۆ جێبه‌جێ كردنی فه‌رمانی پاشا، نه‌زاره‌تی جه‌نگی ئه‌ركی پێ سپێردراوه‌، له‌ ٢ جه‌مادی یه‌كه‌م ٣٣١ و له‌ ٢٧ مارت ٣٢٩.
سه‌دری ئه‌عزه‌م و نازری جه‌نگی

- نه‌زاره‌تی جه‌نگی
فه‌رمانگه‌ی تۆمار
قه‌ڵه‌می تۆمار
٢٥
لـه‌ ئـاڵای ژاندارمـه‌ی ویلایه‌تـی موسـڵ، تابـوری كه‌ركـووك، مولازمـی دووه‌م ئه‌میـن بـه‌گ قوماندانـی تاقمـی رانیـه‌ی سـه‌ر بـه‌ بلۆكـی هه‌ولێـر له‌بـه‌ر بارودۆخـی ته‌ندروسـتی، پێویسـته‌ خانه‌نشـین بكرێـت، له‌سـه‌ر كاغـه‌زی په‌یوه‌سـت بـه‌م بابه‌تـه‌ ئـه‌و ئاگادارییـه‌ی بـۆ فه‌رمانگـه‌ی ته‌ندروسـتی نووسراوه‌تـه‌وه‌ تێیـدا راگه‌یه‌نـدراوه‌، جێبه‌جـێ ده‌كرێـت، سـه‌باره‌ت بـه‌ مووچه‌كه‌شـی لـه‌ دارایـی كه‌ركـووك بـه‌ گوێـره‌ی یاسـا، مووچـه‌ی پێشـووتری بـه‌ هه‌ژمـاری ٢٥ سـاڵ و لـه‌ ٨٠٪ی مووچه‌كـه‌ی مانگانـه‌ بـه‌ ٤٢٥ قـوروش خانه‌نشـین ده‌كرێـت، بـۆ جێبه‌جـێ كردنـی خانه‌نشـین كردنه‌كـه‌ی لـه‌ قوماندانیه‌تـی ژاندارمـه‌ی گشـتی بریارنامـه‌ی په‌سـه‌ند كـراو رێكخـراوه‌، له‌گـه‌ڵ لیسـتی فه‌رمانـی پاشـا به‌یه‌كـه‌وه‌ پێشـكه‌ش كـراوه‌، جێبه‌جـێ كردنـی و ئه‌نجامه‌كـه‌ی بـه‌ فه‌رمـان و راگه‌یاندنـی بریـاری عالیـه‌، لـه‌م بابه‌تـه‌ ئه‌مـر و فه‌رمـان بـۆ جه‌نابـی ئـه‌و كه‌سـه‌یه‌ كـه‌ فه‌رمـان ده‌رده‌كات.
له‌ ٢٨ ره‌بیعی كۆتایی ٣٣١ و له‌ ٢٤ مارت ٣٢٩
راوێژكار به‌ ناوی نازری جه‌نگی




I.HB.00130.00042.002



I.HB.00130.00042.004


هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 004128.309537 | 16 موحەررەم 1331 |

١٦ موحەررەم ١٣٣١
١٣ کانوونی یەکەم ١٣٢٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
عەبدوڵڵا رەمزی ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی موسڵاتە جیابۆتەوە، لە قائیمقامیەتی رانیە دامەزرێت، لەم بارەیەوە لە مێژووی ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٢٨ نووسراو رێکخراوە و لەگەڵ نووسراوی عالی نێردراوە، لیستی فەرمانی پاشا لەگەڵ واژووی هومایۆنی جەنابی پاشا پەسەند کراوە، وێنەی پەسەند کراوی هاوپێچ نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 004211.315795 | 4 شەوال 1331 |


٤ شەوال ١٣٣١
٢٤ ئۆغستۆس ١٣٢٩
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە بریارنامەکەیەك فەرموویانە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.
ئیسماعیل ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی قەزای رانیە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاغا فەرمانبەر لە هەژماری مەڕوماڵاتی ساڵی ٣٢٥ سەرپێچیان کردووە و بە خراپی کارەکەیان ئەنجام داوە، لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەم بابەتە لە ویلایەتی موسڵەوە بە پێویست نەزانراوە قائیمقامی شەهربازار سەید عەلی ئەفەندی دادگایی بکرێت.




DH.MB.HPS.00011.00002.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.MB.HPS.</th><th>00011.00002</th><th>23 جەمادی یەکەم 1332</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی داد و مەزهەبەکان<br>بەڕێوەبەرایەتیژمێریاری<br>٣٦ گشتی<br>٦٦ تایبەتی<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>پوختـە: فەرمانگـەی حکوومەتـی قـەزای رانیـە کـە بـۆ لایەنـی داد دابینکـراوە، پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە.<br><br>جەنابی ئەفەندم<br>بـۆ دەسـتەی داد لـە قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای رانیـە، ژووری تایبەتـی حـەرەم ئامـادە کـراوە، ئەمـەش پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە، یـا ئەوەتـا نـۆژەن بکرێتـەوە یاخـود بەشـێکی تـر بـۆ داد تەرخـان بکرێـت، بـۆ ئەم مەبەسـتەش سـەردانی ویلایـەت کـراوە، لـە سەرپەرشـتیاری دادی موسـڵ لیسـتی سەرپەرشـتی کـردن دەرچـووە و تێیـدا ئاماژەی پێکـراوە، هەروەهـا لـە لیسـتەکە روون کردنەوەی پێویسـت کراوە، بـەم تێروانینە ئەمڕۆ دەسـتەی دادی قـەزا تەنیا لە یـەك ژووری فەرمانگـەی حکوومـەت کارەکان جێبەجـێ دەکات، هەرچـی حەرەمـی فەرمانگەیە ئـەو نۆژەنکردنەوەی کـە پێویسـتی پێیەتـی ئەگـەر نەکرێـت ئـەوا ناتوانرێت لێی دابنیشـن، بـە تێروانین لـە وێنـەی بەدواداچـوون و ئاماژە پێکردنەکـە، لـە ویلایەتـەوە بـە پێویسـت زانـراوە کاری لەسـەر بکرێـت و بـۆ پەلـە کردنیـش لـەم کارە، پێویسـت دەکات خەرجـی دابیـن بکرێـت، بـۆ ئـەم خەرجیـەی کـە داوا دەکرێـت پێویسـتە زانیـاری بدرێـت، لـەم بابەتـە ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٣ جەمـادی یەکـەم ١٣٣٢ و لـە ١٥ مـارت ١٣٣٢.<br>نازری ناوەخۆ</td></tr>
</table>





DH.ID.00194.00007.004

| DH.ID. | 00194.00007 | 4 موحەررەم 1332 |
| --- | --- | --- |

- تەلەگرافنامە
فەرمانگەی تەلەگرافی دەوڵەتی عالیەی عوسمانیە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ دامەزراندنی تەلەگرافخانەیەك لە مەركەزی قەزای رانیە، نووسراو بۆ نەزارەتی تەلەگراف نووسراوەتەوە، لەبەر ئەوەی مەركەزی قەزا لە سنووری ئێران نزیكە و تاقمێك هۆزی جانەوەر لە ناوە و دەرەوەیدا نیشتەجێن، تا بڵێی مەترسیدارە و لە رووی كارگێرییەوەش گرنگە، بۆیە زۆر پێویستە لە مەركەزەكەیدا تەلەگرافخانەیەک هەبێت، هەروەها هێڵی تەلەگراف بە رووبەرێكی دوو كاتژمێر تێدەپەرێت، ئەگەرچی ئەو تەلەگرافەی لە مەركەز دادەمەزرێت، خەرجیەكەی دەرناچێت، بەڵام پەلە بكرێت لە جێبەجێ كردنی، بۆ ئەمەش لە نەزارەت پشتگیری كراوە.
١٦ تشرینی دووەم ١٣٢٩
سلێمان والی

- دەوڵەتی عوسمانی
نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن
بەرێوەبەرایەتی كاروباری تەلەگراف
قەڵەمی بەگەرخستنی كارەكان
گشتی ١٤٨٣
تایبەتی ١٠٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
نووسراوی ژمارە ٨٥٩٩٧ لە مێژووی ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٩ وەڵامی نەزارەتپەناهییە
ئەو نووسراوەی بۆ دامەزراندنی تەلەگرافێک لە مەركەزی قەزای رانیە دەرچووە، مەحاڵە ئەم برە پارەیەی كە بۆی خەرج كراوە، لەم ساڵەدا دابین بكرێت، بۆیە خەرجیەكە لە بودجەی ساڵی ١٣٣٠ تۆمار كراوە، هەروەها بۆ پەسەند كردنی بوودجەی باسكراو راگەیەندراو و پشتگیری دەوێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو كەسەیە كە فەرمان دەردەكات، لە ٤ موحەررەم ١٣٣٢ و لە ٢ تشرینی دووەم ١٣٢٩.
نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن

هەواڵنامەی کتێب


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN


L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

RECEPTION

De — Pour — Date — H. M. — Voie — Indic. Eventuelles

OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
194 | 7 | 2

DH.İD.00194.00007.002




DH.İD.00204.00017.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ID. | 00204.00017 | 8 سەفەر 1332 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
٢٣٩ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم
لـە کاتـی تۆمارکردنـی زانیـاری چەنـد گوندێـك، شـوێنی جوگرافـی بـە هەنـد وەرنەگیـراوە و بەسـتنەوەیان جێبەجـێ کـراوە، بۆیـە لـە فەرمانگـەی مولکیـە و دارایـی کێشـە و گیروگرفـت دروسـت بـووە، بـۆ نموونـە کاتـی خـۆی کـە بەغلوجـە و هارونـە بەسـترابوونەوە بـە قـەزای دهـۆك، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە زاخـۆ نزیکـترن، ببەسـترێنەوە بـە زاخـۆ، هەروەهـا گوندەکانـی قـەسرۆك، گەلـی گـوڵان، بیسـتانی، هەمـان ئیـزوب، جەلـی، نازەنیـن، ئـوچ سـماقولی، گـرد قەنتـەران، میـر سـەید، فەقێیـان، کەشـکە و چنـارۆك سـەر بـە ئیزوبـی قـەزای رانیـەن، ببەسـترێنەوە بـە کـۆی سـانجەق، جگـە لەمـە گوندەکانـی مەنسـوریە، نەسـیری، بەهنـداوە، پەبویـزی سـەروو، پەبویـزی خـواروو، بیبـوز، قـەسرون، مەکنـان و دیـر جونـدی کـە سـەر بـە قـەزای دهـۆکـن، ببەسـترێنەوە بـە ناحیـەی شـێخان سـەر بـە قـەزای موسـڵ، ئەمـەش لـە ئەنجوومەنـی گشـتی ویلایـەت جێگیر کـراوە، هەروەها بۆ بەسـتنەوەی ئـەم گوندانە بە شـوێنی دیـاری کـراو، لەلایەنـی سەربازیشـەوە پەسـەند کـراوە، کارەکە ئەنجـام بدرێـت و رابگەیەندرێـت، لەم بابەتـەدا ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٨ سـەفەر ١٣٣٢ و ٢٣ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٩.
والی موسڵ

| I.DH. | 01505.000042 | 2 ڕەبیعی یەکەم 1332 |
|---|---|---|

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ناوەخۆی کارگێری گشتی
٣١٤٢ تایبەتی
فەرمانی پاشا

لـەم دەفتەرەیـەدا کـە هاوپێچـە، ئـەو گوندانـەی ناویـان تۆمارکـراوە، لـە قەزاکانـی دهـۆك و ڕانیـەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ جیابوونەوتـەوە، بـە قەزاکانـی زاخـۆ و کـۆی سـانجەق و ناحیـەی قەزای شـێخانی موسـڵ لکێـنراوە.

بـۆ جێبەجـێ کردنـی فەرمانـی پاشـا، نـازری ناوەخـۆ ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، لـە ٢ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣٣٢ و لـە ١٦ کانوونـی دووەم ١٣٢٩.


نازری ناوەخۆ/ سەدری ئەعزەم


- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ناوەخۆی کارگێری گشتی
لە قەزای دهۆك جیابۆتەوە بە قەزای زاخۆ لکێنراوە (گوندی بەغلوجە و هارونە)

لـە قـەزای ڕانیـە جیابۆتـەوە و بـە قـەزای کـۆی سـانجەق لکێـنراوە (گوندی قـەسرۆك، گەلی گوڵان، بەسـتانی، نەفسـی ئیـزوب، جەلـی، نازەنیـن، ئـوج سـماقولی، گـرد قەنتەران، میر سـەید، فەقێیان، کەشـکە، چنـارۆك).


لـە قـەزای دهـۆك جیاکراوەتـەوە و بـە ناحیـەی قـەزای شـێخان لکێـنراوە (گونـدی مەنسـورییە، بەهنـداوە، قـەسرون، مەکـان، دیـر جنـدی، بلیبـوز، پیویـزی سـەروو، قەسریـد).

هەواڵنامەی کتێب








هەواڵنامەی کتێب


هەواڵنامەی کتێب


| 24 سەفەر 1332 | 004251.318825 | BEO. |
|---|---|---|

٢٤ سەفەر ١٣٣٢
٩ کانوونی دووەم ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێـژووی ٦ کانوونـی دووەم ١٣٢٩ ژمـارە ١٧٩٣ وەڵامـی نـووسراوی عالییە: عەبدوڵلا رەمـزی ئەفەندی قائیمقامی رانیە بـووە، جگـە لەمە بە فەرمانی ویلایەتی موسـڵ لە قائیمقامیەتی روانـدز کاری کردووە، دوای دوورخسـتنەوەی ناوبراو، عەلی نیازی بەگ قائیمقامی سـەڵاحیە بۆ قائیمقامیەتی رواندز بگوازرێتەوە و دابمەزرێت، لەم بارەیەوە جەنابی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی فەرمـووە، کە وێنەی پەسـەند کـراوی نێردراوە، هیممـەت بکرێت لە جێبەجـێ کردنی.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>004255.319092</td><td>5 ره‌بیعی یه‌كه‌م 1332</td></tr>
<tr><td colspan="3">٥ ره‌بیعی یه‌كه‌م ١٣٣٢<br>١٩ كانوونی دووه‌م ١٣٢٩<br>بۆ نه‌زاره‌تی ناوه‌خۆی جه‌لیله<br>مێژووی ١٣ كانوونی دووه‌م ١٣٢٩ وه‌ڵامی نووسراوی عالییه‌، وێنه‌ی هاوپێچی له‌ ده‌فته‌ر نوسراوه‌ته‌وه‌، كه‌ له‌ ناو ویلایه‌تی موسڵ، له‌ قه‌زاكانی دهۆك و رانیه‌ دابرێت و جیابكرێته‌وه‌، دواتر به‌ قه‌زاكانی زاخۆ و كۆی سانجه‌ق و به‌ ناحیه‌ی شێخانی قه‌زای موسڵ ببه‌سترێنه‌وه‌، له‌م باره‌یه‌وه‌ جه‌نابی پاشا به‌ فه‌رمانی پاشا ره‌زامه‌ندی فه‌رمووه‌، كه‌ وێنه‌ی په‌سه‌ند كراوی بۆ عالی نێردراوه‌، بۆ جێبه‌جێ كردنی ئاگاداری دراوه‌، نووسراو بكرێت تا هیممه‌ت بكرێت له‌ ئه‌نجامدانی.</td></tr>
</table>




DH.MB.HPS.00024.00001.006

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MB.HPS. | 00024.00001 | 4 موحەڕڕەم 1333 |
|---|---|---|

نەزارەتی داد و مەزهەبەکان
قەڵەمی تایبەت
ژمارە ٥٠٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: سەبارەت بە قۆناغی حکوومەتی رانیە کە لەلایەن قائیمقامەوە بەشێکی کراوەتە حەرەم.
جەنابی دەوڵەتی بەرێز
لـە دادی چاودێری ویلایەتـی موسڵ لیسـتێك نێردراوە، پەیوەسـتە بە دادگای سـەرەتای قـەزای رانیـە و فەرمانگەکانی چاودێـری تـری پاشـکۆ، فەرمانگـەی حکوومەتـی قەزای رانیە بە گشـتی لـە شـەش ژوور پێکهاتووە، بەشـێکی لەلایەن قائیمقامـی قـەزا کراوەتـە حـەرەم و حاڵـی حازریش ئەو بەشـەی کـە ماوەتەوە بەشـی فەرمانبەران نـاکات، جگە لەمە شـوێنێکی تایبـەت نییـە بکرێتـە گرتووخانـە، تـا ئێسـتاش شـوێنێك دیـاری نەکـراوە، لـەم بارەیەوە ئـەوەی نـووسراوی دەستبەسـەرداگرتنی بـۆ دەردەچێـت یاخود ئەو کەسـانەی دەستبەسـەردەکرێن، تا مـاوەی حوکمەکەیان تـەواو بێت، مامەڵـەی لێپرسـینەوە و تۆمـاری دادگا دەچێتـە لیـوای مەرکـەز، بۆیـە ئـەو بەشـەی لەلایـەن قائیمقامی قەزا دەسـتی بەسـەر داگیـراوە، بـە وەرگرتنـەوەی بەشـێکی دەکرێتـە گرتووخانـە، هەروەهـا ئـەوەی بۆتـە فەرمانگـەی داد لـە یەك ژوور پێـك هاتـووە، بۆیـە بەشـی ئـەو هەمـوو فەرمانبـەرە نـاکات و بچووکـە، ئەمـەش بۆتە رێگـر لەبـەردەم کارەکانی لێکۆڵینـەوە و دادگایـی کـردن و لێپرسـینەوە، بۆیە راگەیەندراوە کە پێویسـتە بەشـەکەی تریش بۆ لایەنـی داد تەرخان بکرێـت، ئـەو بەشـەی لەلایـەن قائیمقامی قەزا دەسـتی بەسـەرداگیراوە، بە دەسـتبەردان بـۆ داد و گرتووخانە تەرخان دەکرێـت، تایبـەت بـە فەرمـان و ئـاگادار کردنـەوە و راگەیاندنی ئەنجامەکەشـی دەگەڕێتەوە بـۆ نەزارەتپەناهی، ئەمر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٤ موحـەڕڕەم ١٣٣٣ و لـە ١٠ تشرینـی دووەم ١٣٣٠.
بە ناوی راوێژکاری نازری داد


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارەسی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

RECEPTION

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00471.00124.001

| DH. ŞFR. | 00471.00124 | 5 رەجەب 1333 |
| --- | --- | --- |

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لەسـەر ڕووداوی ئـەم دواییـە هێڵـی تەلەگرافـی وان تێکچـووە، بۆیـە لـە وانـەوە تـا سـەر سـنوور ئـەو پەیوەندییـەی کـە لـە نێـوان هێـزی سـەربازی لەگـەڵ مەرکـەزی حکوومـەت هەیەتـی پچـڕاوە، ئەمـەش بـە گفتوگـۆ کـردن لەگـەڵ خەلیـل بـەگ ئەفەنـدی ڕوون بۆتـەوە، ئـەم پارچـە باسـکراوانە بـە دڵنیاییکردنـەوەی هـەواڵ و گفتوگـۆ، سـەرەتا بـە ڕێگـەی موسـڵ لـە ڕانیـە بـۆ شـنۆ تێلەکانمـان درێـژ کردۆتـەوە، هەروەهـا ئەگـەر بکرێـت لـە وان ڕاسـتەوخۆ بـۆ سـانجەقی هـەکاری لـە مەرکەزەکـەی سـەیدکان تـا شـەمدینان بەسـتنەوەکە بچەسـپێنرێت، درێـژی ئـەم هێڵـە کـە ١٠٠ کیلۆمەتـرە، کـۆن بـووە، بـە مـاوەی ٢٠ ڕۆژ تـەواو دەبێـت.


حەیدەر بریکاری والی



هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00549.00093.001


| DH. ŞFR. | 00549.00093 | 28 موحەڕڕەم 1333 |
| --- | --- | --- |
| شیفرە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>ژمارە چوار، بۆ تەواوکردنی ناردنی زەخیرە، قائیمقامی سەڵاحیە بۆ قائیمقامی رانیە بگوازرێتەوە، بۆ شوێن ئەویش رەمزی ئەفەندی بەرێوەبەری داقوق بنێردرێت، تکا دەکەم ئەم کارە بە پەلە و خێرا جێبەجێ بکرێت.<br>حەیدەر والی موسڵ | | |


دائرۀ صدارت قلمی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4255 | 319070

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>5 رەبیعی یەکەم 1333</td><td>004255.319070</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٥ رەبیعی یەکەم ١٣٣٣<br>١٩ کانوونی دووەم ١٣٢٩<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>مێژووی ١٣ کانوونی دووەم ١٣٢٩ ژمارە ١٨٥٤ وەڵامی نووسراوی عالییە: لە ویلایەتی موسڵ مەرکەزی قەزای رانیە بۆ خاڵی سەرکەپکان بگوازرێتەوە، لەم بارەیەوە جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا بە فەرمانی پاشا بە فەرمانی پاشا</td></tr>
</table>




DH.ŞFR.00060.00135.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH. ŞFR. | 00060.00135 | 20 رەبیعی یەکەم 1334 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و باری کەسێتی
١١٧ تایبەتی
بۆ ویلایەتی موسڵ
تەلەگرافنامە
لـە ٢٠ تشرینـی دووەم ١٣٣١، ئەکـرەم ئەفەندی و راسـم ئەفەندی لە قائیمقامیەتەکانی رانیـە و عەزیزیە دادەمەزرێن، بـە گوێـرەی نیزامنامـەی نوێـش لەسـەر تاقیکردنەوەیـان وەسـتاوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بە نـاوی ناوبراوان سـێ پرسیار راکێـشراوە، ئـەم سـێ پرسیارەش نووسراوەتـەوە و پرسـیار دەکرێـت، بـە نووسـینەوەی ئـەو وەڵامـەی کـە دەدرێتەوە، بۆمـان رەوان بکرێـت، لە ١٣ کانوونـی دووەم ١٣٣١.

نازر

پرسیارەکان بە شیفرە دەبێت
(١) لێکۆڵینـەوەی سـەرەتایی فەرمانبەرێـك بـە چ شـێوەیەك دەکرێـت، هەروەهـا لـە لایـەن ئەنجوومەنـی کارگێـری قـەزا پێویسـتە کامـە فەرمانبـەر دادگایـی بکرێـت یاخـود بڕیـاری قەدەغەکردنـی دادگاییکردنـی دەدرێـت و بەرامبەر بڕیارەکانـی باسـکراودا ئـەو مامەڵانـە چیـن کـە ناچاریـە جێبەجـێ بکرێـت؟.
(٢) ڕێگای زیادکردنی دە یەك و حەواڵە کردنی بە چ شێوەیەك ئەنجام دەدرێت؟.
(٣) لە کاتی ڕوودانی تاوانی بێزراو، ئەرکی قائیمقامەکان چین؟.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

باب عالی

داخلیه نظارتی

OSMANLI ARŞİVİ

DH.ŞFR

83 | 28

هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00083.00028.001

| DH. ŞFR. | 00083.00028 | 20 ڕەبیعی یەکەم 1336 |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و باری کەسێتی
٣١٠٣٨ گشتی
بۆ ویلایەتی مەعمورەتولعەزیزە، شیفرە
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران یەك، قائیمقامی عەرەبگیر تاهیر بەگ بە مووچەی چینی دووەم کە وەریدەگرێت، گوازراوەتەوە بۆ قائیمقامیەتی تاش کۆپری، لە شوێن ئەویش بە مووچەی چینی یەکەم عەبدوڵڵا ڕەمزی بەگ دادەمەزرێت، کە لە قائیمقامیەتی رانیە جیابۆتەوە، لە مێژووی ٣١ کانوونی یەکەم ١٣٣٣ فەرمانی پاشا فەرموویەتی.
لە ٣ کانوونی دووەم ١٣٣٤
بە ناوی وەکیلی نازر



دولت عثمانیه
DH ŞFR 533/1

DH.ŞFR.00533.00001.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH. ŞFR. | 00533.00001 | 23 زیلقەعدە 1334 |
|---|---|---|

شیفرە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچ ١ ئەیلـوول ١٣٣٢ ژمـارە ٤، لەبـەر ئـەوەی دەرکەوتـووە یەکێکی تر لـە بەڕێوەبەرایەتی کۆچبەران دامـەزراوە، بۆیـە فەرمانبـەری ژمێریـاری نەزارەتـی مەعاریـف سـەعید بـەگ، یـا لـە قائیمقامیەتەکانـی گولعەنبـەر یاخـود رانیـە دابمەزرێـت، تکا کـراوە.
حەیدەر والی




هەواڵنامەی کتێب

| 16 جەمادی کۆتایی 1335 | 00045.000045 | I.DUIT. |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>٢٨٤<br>ڕەزامەنـدی دراوە سری بـەگ قائیمقامـی قەزای سـەڵاحیە بـەو مووچەی وەریدەگرێـت بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی قـەزای رانیە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوەخۆ ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ١٦ جەمادی کۆتایی ١٣٣٥ و لە ٨ نیسان ١٣٣٣.<br>سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ | | |


باب عالی
داخلیه نظارتی
مأمورین و سجل احوال مدیریتی
عمومی
خصوصی
٩٧٨
اراده سنیه
هەواڵنامەی کتێب
DUIT 45/92
İ.DUİT.00045

<table>
<tr><td>21 رەمەزان 1335</td><td>00045.000092</td><td>I.DUIT.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>٩٧٨ تایبەتی<br>فەرمانی پاشا<br>قائیمقامەکانی قەزای رانیە و ئەلبوکەمال، سلێمان سری و خەلیف ئەفەندی بەو مووچانەی کە وەریدەگرن گۆرانکاریان پێ کراوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوەخۆ ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ٢١ رەمەزان ١٣٣٥ و لە ١١ تەمموز ١٣٣٣.<br>سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 1335 26 جەمادی یەکەم | 004460.334473 | **BEO.** |

٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٣٥
٢٠ مارت ١٣٣٣
مێـژووی ١٧ مـارت ١٣٣٣ ژمـارەی تایبەتـی ٤٥، وەڵامـی نـووسراوی عالیـە: سـادق بـەگ قائیمقامـی قەزای زاخـۆ دوور خراوەتـەوە و لـە شـوێن ئـەو قائیمقامـی قـەزای عەقـرە مەزهـەر و بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای عەقـرەش مونیـر بـەگ قائیمقامـی قـەزای رانیـە دادەمەزرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی فەرمـووە، وێنـەی پەسـەند کـراوی بـۆ سـەروو نێـردراوە.


فەرمانی پاشا لە مێژووی ١٩ مارت ١٣٣٣.




| BEO. | 004463.334703 | 17 جەمادی کۆتایی 1335 |
|---|---|---|

١٧ جەمادی کۆتایی ١٣٣٥
٩ نیسان ١٣٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێـژووی ٥ نیسـان ١٣٣٣ ژمـارەی تایبەتـی ١٠٥ وەڵامـی نـووسراوی عالیـە: قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە سری بـەگ لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دادەمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەر فەرمانـی جەنابـی پاشـا و فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی دراوە، وێنـەی پەسـەند کـراوی هاوپێـچ بـۆ سـەروو نێـردراوە.

فەرمانی پاشا لە مێژووی ٨ نیسان ١٣٣٣.





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004477.335740 | 22 رەمەزان 1335 |
| --- | --- | --- |

٢٢ رەمەزان ١٣٣٥
١٢ تەمموز ١٣٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێـژووی ٧ تەممـوز ١٣٣٣ ژمـارەی تایبەتـی ٣٦٥ وەڵامـی نـووسراوی سـەرووە: قائیمقامەکانـی قەزاکانـی رانیـە و ئەلبوکەمـال، سـلێمان سری ئەفەنـدی و خەلیـف ئەفەنـدی گۆرینەوەیـان پـێ دەکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی لەسـەر داوە، وێنـەی پەسـەند کـراوی هاوپێـچ بـۆ سـەروو نێـردراوە.

فەرمانی پاشا لە مێژووی ١١ تەمموز ١٣٣٣.





| | | |
|---|---|---|
| I.DUIT. | 00046.000028 | 18 موحەررەم 1336 |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی
١٥٦٧ تایبەتی
فەرمانی پاشا
فـازڵ بـەگ قائیمقامـی قـەزای مەعمـورە لەگـەڵ خەلیـف ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای رانیـە بـەو مووچـەی کـە وەریدەگـرن گۆڕینەوەیـان پـێ کـراوە.

بـۆ جێبەجـێ کردنـی فەرمانـی پاشـا، نـازری ناوەخـۆ ئەرکی پـێ سـپێردراوە، لـە ١٨ موحـەررەم ١٣٣٦ و لـە ٤ تشرینی دووەم ١٣٣٣.

سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ





هەواڵنامەی کتێب

| 15 شەوال 1336 | 00046.000133 | I.DUIT. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
ژمارە ٩١
فەرمانی پاشا
قائیمقامی پێشووی زێبار، خاڵس ئەفەندی بە مووچەی ٢٠٠٠ قوروش لە قائیمقامیەتی قەزای رانیە دامەزراوە.


بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوەخۆ ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ١٥ شەوال ١٣٣٦ و لە ٢٤ تەمموز ١٣٣٤.
ئیسماعیل نازری ناوەخۆ/ سەدری ئەعزەم



هەواڵنامەی کێژ

DH.ŞFR.00088.00250.001

| DH. ŞFR. | 00088.00250 | 17 ڕەمەزان 1336 |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>شیفرە بۆ ویلایەتی موسڵ<br>فەرمانبەرانـی ٩٤، لـە حوزەیرانـی ١٣٣٤، ئەگـەر بەڕێوەبەرێکـی ناحیـە هەبێـت، لـە لایەنـی پلـەوە شـایەنی بەرزکردنـەوە بێـت، ئـەوا لـە نـاو ویلایـەت لـە قائیمقامیەتـی رانیـە دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامـاژە بـە نـاوی بکرێـت، لـە ٢٦ حوزەیـران ١٣٣٤.<br>بە ناوی نازر | | |



DH.MB.HPS.00160.00050.001

| DH.MB.HPS. | 00160.00050 | 18 جەمادی یەکەم 1336 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
١ مارت ١٣٣٤
خشتەی خولی یەکەم


| ناوی ویلایەتەکان | گاری یەد | | | تازە | | | تاوانی کوشتن | | | تێبینی | دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆی گشتی | نێر | مێ | کۆی گشتی | نێر | مێ | کۆی گشتی | | نێر | مێ | کۆی گشتی |
| موسڵ/ مەرکەزی ویلایەت | 0 | 0 | 0 | 38 | 6 | 44 | 205 | 4 | 209 | | | | |
| قەزای عەمادیە | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 | 3 | 6 | 1 | 7 | | | | |
| قەزای زاخۆ | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای عەقرە | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای سنجار | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای زێبار | | | | | | | | | | | | | |
| کەرکووک/ مەرکەزی لیوا | 0 | 0 | 0 | 7 | 0 | 7 | 87 | 0 | 87 | | 194 | 0 | 194 |
| قەزای رواندز | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای کۆی سنجق | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای رانیە | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای سەڵاحیە | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای هەولێر | | | | | | | | | | | | | |
| سلێمانیە/ مەرکەزی لیوا | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای گولعەنبەر | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای مەعمورەی حەمیدیە | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای بازیان | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای شەهرەبازار | | | | | | | | | | | | | |
| قەزای دهۆک | | | | | | | | | | | | | |




DH.ŞFR.00575.00040.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>24 رەجەب 1336</td><td>00575.00040</td><td>DH. ŞFR.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>ئیبراهیـم بـەگ قائیمقامی پێشـووی گولعەنبـەر، ئەو کاتەی کە لـە قائیمقامیەتی رانیە بووە، کاغـەزی لێکۆلینەوەکانی کە پەیوەسـتە بەم سـەردەمە، هێشـتا نەهاتۆتە کەرکووك، دووپاتکراوەتەوە لە ویلایەتیش بەدواداچوونی بۆ دەکرێت.<br>مەمدوح والی</td></tr>
</table>



| BEO. | 004490.336685 | 19 موحەررەم 1336 |
|---|---|---|

١٩ موحەررەم ١٣٣٦
٥ تشرینی دووەم ١٣٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێژووی ١ تشرینی دووەم ١٣٣٣ ژمارەی تایبەتی ٦٩٢ وەڵامی نووسراوی سەرووە: فازڵ بەگ قائیمقامی قەزای مەعمورە لەگەڵ قائیمقامی قەزای رانیە خەلیف ئەفەندی گۆرینەوەیان پێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا رەزامەندی بفەرمووێت، ئەوا وێنەی پەسەند کراوی هاوپێچ بۆ سەروو دەنێردرێت، نوسراو کراوە ئەفەندم.
لەسەر فەرمانی پاشا لە مێژووی ٤ تشرینی دووەم ١٣٣٣.





هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004498.337295 | 17 رەبیعی یەکەم 1336 |
| --- | --- | --- |


١٧ رەبیعی یەکەم ١٣٣٦
١ کانوونی دووەم ١٣٣٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
مێـژووی ٢٦ کانوونـی یەکـەم ١٣٣٣ ژمـارە ٨٦٨ی تایبەتـی وەڵامـی نـووسراوی عالییـە: بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای بورهانیـە قائیمقامـی قـەزای ئاراج سالم ئۆزدەمیر، بـۆ شـوێنی ئەویـش محەمـەد عەلـی کـە لـە قائیمقامـی قـەزای فینکـە جیابۆتـەوە، هەروەهـا بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای گیرەسـون زەکـی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای تـاش کۆپـری جیابۆتـەوە و بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای تـاش کۆپریـش قائیمقامـی قـەزای عەرەبگیر تاهیر بـەگ و بـۆ قائیمقامیەتی قـەزای عەرەبگیـر عەبدوڵـڵا رەمـزی ئەفەنـدی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە جیابۆتـەوە، دامەزرێـن، لـەم بارەیـەوە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا رەزامەنـدی بفەرموویـت، وێنـەی پەسـەند کـراوی بـۆ عالـی نێـردراوە.

مێژووی ٣١ کانوونی یەکەم ١٣٣٣ لەسەر فەرمانی پاشایە.



BEO.004590.344236.001

| BEO. | 004590.344236 | 17 زيلحيجه 1337 |
| --- | --- | --- |
| ١٧ زيلحيجه ١٣٣٧<br>١٣ ئەيلوول ١٣٣٥<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی عالی<br>مێــژووی ٤ ئەیلــوول ١٣٣٥ ژمــارە ١٤٣٤ وەڵامــی نــووسراوی عالییــە: خاڵــس بــەگ قائیمقامــی رانیــە، لــە قائیمقامیەتــی ئەلبیســتان دادەمەزرێــت، بــۆ ئــەم کارەش جەنابــی پاشــا بــە فەرمانــی پاشــا رەزامەنــدی داوە، وێنــەی پەســەند کــراوی هاوپێــچ بــۆ ســەروو نێــردراوە، هیممــەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی.<br>لەسەر فەرمانی پاشا لە مێژووی ١٠ ئەیلوول ١٣٣٥. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| HR.SYS. | 02249.00103 | 25 رەبیعی کۆتایی 1338 |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران
قەڵەمی مووچەکان
٢٣٩ گشتی
١ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە
جەنابی ئەفەندم

ووتـەی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کاروبـاری سیاسـی لەگـەڵ نـووسراوی مێـژووی ١٢ کانوونـی دووەم ١٢٣٦ ژمـارە ١٩٩٠٥/١٧ وەڵامـی نەزارەتپەناهـی هاتـووە، تۆفیـق ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری دارایـی قـەزای رانیـە، کـە سـەر بـە ویلایەتـی موسڵە، ئەمـڕۆ لـە دەرسـەعادەتە و لـە خەزینـە مووچەکـەی وەرگرتـووە، لـەم بابەتـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.

لە ٢٥ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٨ و لە ١٧ کانوونی دووەم ١٣٣٦
نازری دارایی و بەڕێوەبەری فەرمانبەران



بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان

خانەی بەڵگەکان

٢٠١٩

هەواڵنامەی کتێب